ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٠ شەممە ١٥ی گەڵاڕێزانی ١٤٠٠ _ ٦ی نوامبری ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## ئێران بە ئۆرانیۆمی خەست و مووشەکی نوێوە دەچێتەوە ڤییەن



یەکیەتیی ئورووپا ڕایگەیاندوە کە خولی نوێی دانوستانە ئەتومییەکان بۆ ژیاندنەوەی بەرجام لە ڕۆژی ٨ی سەرماوەزەوە دەست پێ دەکرێنەوە.

دیاریکردنی وادەی نوێ بۆ دانوستانەکان پاش چەند مانگ پەکخستنی لەلایەن ئێرانەوە دژبەری خۆیشی هەیە، وەک چۆن ١٧ نوێنەری کۆماریخوازی ئەمریکا داوایان لە سەرۆککۆماری ولاتەکەیان کردووە دانوستانە ئەتومییەکان لەگەڵ ئێران ڕابگرێ. ئەوان دەڵێن کۆماری ئیسلامی بە درۆن هێرشی ئامانجداری کردووەتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی سووریەدا، بەڵام بایدەن لەپێناو ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا چاوپۆشی لەو دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی کردووە. هاوکات ڕۆژنامەی «جوان»، سەر بە سپای پاسداران نووسیویەتی کە پاشکەوتی ئۆرانیۆمی سەتای ٦٠ی ئێران گەیوەتە ٢٥ کیلۆ و توانای بەرزی مووشەکی و هەڵکشانی زەرفییەتی ئەتومیی ئێران، پێگەی کۆماری ئیسلامیی لە دەسپێکی وتووێژەکاندا بردۆتە سەرێ.

ئەگەرچی کۆماریخوازانی ئەمریکا بایدێن بە هەڵکردن و نەرمینواندن لەگەڵ ئێران تاوانبار دەکەن، بەڵام نێد پرایس، وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا ئامرازی گوشاری زۆرباشی لەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە کە بەشێکیان پێشتر تاقی کراونەتەوە و بەشێکی دیکەشیان لەنێو دەقی ڕێککەوتن و دەرەوەی ڕێککەوتندا خۆ دەبیننەوە.

# پێویستیی ئالتێرناتیڤ

# لە سیکلی کۆتایی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا




سەروتار

## ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگەی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی

کەماڵ کەریمی

دوای ٤٢ ساڵ لە بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا ئیستا ئیتر کەم کەس هەن کە بە جۆرێک بیر لە ڕزگاربوونی ولاتەکەیان لە چنگ ئەم دەسەڵاتخوازە نابەرپرسانە نەکەنەوە. دەسەڵاتدارانێک کە تەنیا بیر لە مانەوەی خۆیان بە هەر ڕێگەیەک و درێژکردنەوەی تەمەنی حکوومەتەکەیان دەکەنەوە.

لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەڵک تەنیا قوربانیدان و بێکاری و نەداریی ڕوو لە زیادبوون و بەشمەینەتییان پێ بڕاوە. ئەویش لە ولاتێکدا کە سەرچاوەکانی وەدەستهێنانی داهات بۆ ژیاندنی خەڵک نەتەنیا کەمتر نییە لە ولاتانی پێشکەوتووی ناوچە، بەڵکوو بگرە لە زۆر لایەنەوە زیادتریشە. بە تایبەت ئەگەر سەرنج بدرێتە توانا فکرییەکانی بەشێک لەم خەڵکە کە بە هۆی دروستبوونی وەزعی کارەساتباری ولات و نەبوونی هیچ چەشنە ئازادی و یاسایەکی دادپەروەرانە، بەداخەوە ڕوو لە هەندەران دەکەن و زۆریشیان لەو شوێنانەی لێی دەگیرسێنەوە وەک کەسانی بەتوانا لە بواری جۆراوجۆردا دەردەکەون و خزمەتی ئەو ولاتانە دەکەن کە پەنایان دەدەن، دەردەکەوی کە ئەگەر ئەم ولاتە بە چنگ ئەم کۆمەڵە کەسانەوە نەمێنێ چۆن دەتوانێ ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## حیزبە کوردییەکان و پرسی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی



ئەوەی هاوکێشەی ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و خەڵکی ئێران لەسەرهەست و ڕاپەڕ و زیندوون و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرش‌وبڵاوی دەرەوەی ولات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت.



ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی شێلگیر و خاوەن بەرنامە سەرکەوت دەکرێ و هیچکام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئێستا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرێتە دەست.



ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پرەنسیبە نیزیک و دوورن.




کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسی...
٤



ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستی لەبارەی «سیاسەتی زمان»ەوە
٥



زیندانیی سیاسی و ئەرکی کۆمەڵگە
٦



لە سەکۆی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ەوە بۆ ئێستا
٧



بۆ یادی جەلال مەلەکشا، شاعیری ئەدەبیاتی بەرگریی کوردستان
١١

کوردستان
ژمارە ٨١٠
١٥ی گەلاڕێزانی ١٤٠٠ _ ٦ی نوامبری ٢٠٢١

درێژەی سەروتار

# ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگەی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی

... ڕێگەی پێشکەوتن بگرێتە بەر و لانیکەم لە باری ژیانی ئاساییەوە خەڵک لە ئاسوودەییدا بژین.

لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر دەرکەوت کە بەشی زۆری ئەم خەڵکە لە درێژەی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە ناڕازییە و بە قسە و نووسین و دروشمدان و بگرە بەشداریکردن لە دەربڕینی نارەزایەتییەکان لەسەر شەقام و خوێندنگە و شوێنی کار، بیر و هەستی خۆی بەئاشکرا دەربڕیوە. وڵامی دەسەڵاتدارانیش لەبری بیرکردنەوە لە کێشەکانیان تەنیا هەڕەشە و گرتن و کوشتن بووە. بەڵام حکوومەت لەم دوورگە نائارامەدا کە لە نێوخۆدا وەک گڕکان دەکوڵێ و لە دەرەوەش بە هۆی کێشەنانەوە لەگەڵ ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیە، ئازەربایجان، ئەفغانستان و سعوودییە گەمارۆ دراوە، هەروا درێژە بە دەسەڵاتدارییان دەدەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئیمکانی درێژەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی سەرەڕای نارەزایەتی بەرینی خەڵک لەم ڕێژیمە پرش و بڵاوبوونی بەرەی دژ بە حکوومەتە. لە نێوخۆی وڵات تێکۆشانی دژبەرانی ڕێژیم هەتا ئێستاش بەوجۆرەی پێویستە شکڵی نەگرتووە و زۆرتر وەک تاکەکان ڕووبەڕووی ڕێژیم دەبنەوە و تاک بە تاک دەکەونە داوی دەزگا ئەمنییەکان و ئەگەر نەکوژرێن لە کونجی زیندان دەپەستێورێن. لەو لاشەوە بەرەی هێزەکانی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمن کە بە هۆی دابڕانیان لە کۆمەڵگەی ئێران هەرکام بە کەیفی خۆی لێکدانەوە دەکا و نەخشەڕێگا دادەنێ و خەتی کەسی دیکەشی قبووڵ نییە. لە کاتێکدا خەبات لە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەسەڵاتێک کە دژی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازیدانان لە شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ لایەنگرانی دیموکراسی و ئازادی، پێویستی بە یەکڕیزی بە دوور لە جیاوازییە ئیدئۆلۆژییەکان هەیە، هێز و بەرە جیاوازەکانی ئێرانی بە پێداگری لەسەر ڕوانگە تایبەتەکانی خۆیان ڕێگەی لێکنزیکبوونەوەیان لە یەکتر لەخۆ بەستووە. وەک ئەوەی هەرکام چاوەڕێی موعجیزەیەک بن کە دواتر ئەوان بە لووتکەی دەسەڵات بگەیەنێ. خافڵ لەوەی بیرکردنەوە لەوەی هەرکەس بۆ خۆی بیەوێ بە دەسەڵات بگا ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە دوور دەخاتەوە.

یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە دووربوونیانە لە دیتنی بابەتە ڕاستەقینەکانی نێوخۆی وڵات و جیاکاری لە نێوان خۆیان و چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات کە ئەمەش بێمتمانەیی لەنێوان ئەوان و ئۆپۆزیسیۆن دروست کردووە. بابەتێکتر خۆدزینەوە لە بەشێک لەو کێشانەیە کە بە جۆرێک بۆ نەتەوە جیاوازەکانی ئێران گرینگییان هەیە. ڕاستە تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی بابەتگەلێکن کە کۆمەڵگەی ئێرانی بە گشتی بیری لێ دەکاتەوە و خەباتی بۆ دەکا و تەنانەت قوربانیشی بۆ دەدا، بەڵام خۆدزینەوە لە کۆمەڵێک پرسی دیکە وەک کێشەی نەتەوەکان و چۆنیەتیی پێکەوەژیانی ئەم تێکەڵە جیاوازە لە خەڵکی ئێران بەیەکەوە لە چوارچێوەی یاسایەک کە مافی هەموو دانیشتوانی ئێران بپارێزێ یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەم نێوەدا ئەم ڕاستییە دەبێ لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ببیندرێ کە دوای زیاتر لە چوار دەیە خەباتی بێڕاوەستانی نەتەوەی کورد و بەربەرەکانێی بە کردەوە نەک بە قسەی ئەم بەشە لە خەڵکی ئێران لە کوردستان، دەبێ مافخوازی ئەم گەلەی دەرخستبێ تا ئەو جێگەی کەس و لەژێر هیچ دروشمێکدا نەتوانێ حاشای لێ بکا. ڕوانینی دروست بۆ داهاتووی ئێران لەبەرچاوگرتنی هەموو دابەشکارییە کولتووری، زمانی و جۆغرافیاییەکانە کە دەتوانێ بمانخاتە سەر ڕێگەی دروستی پێکەوە ژیان و پاراستنی وڵاتێک کە بۆ هەمووان بێ. دیموکراسی تەنیا وشەیەک نییە کە لە سەری ڕێککەوتن بکرێ، بەڵکوو بەشداری و خۆدیتنەوەی هەموو ئەو پێکهاتانەیە کە دەبێ دەوریان هەبێ لە تاریف و شێوازی ئەو دیموکراسییەی کە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ پاراستنی یاسایی مافەکانیان و دەستەبەری هەموو چەشنە ئازادییەک دەکا.

دوورەدیمەنی پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێران کە یەکێک لەو باسانەیە ئۆپۆزیسیۆن گرینگیی پێ دەدا بە هەر تێچوویەک و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و ئیرادەی کەمینە نەتەوەییەکانی پێکهێنەری ئێران، هەمان سیاسەتی خەڵکخەڵەتێنەری کۆماری ئیسلامییە کە لەو ٤٢ ساڵەی ڕابردوودا خەڵکی ئێرانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەکەی بەگژ یەکتردا کردووە. لە کاتێکدا پاراستنی وڵاتێک بە کۆمەڵە خەڵکێک دەکرێ کە لەو وڵاتەدا هەموویان وەک یەک خۆیان بە هاوبەش لە دابینبوونی مافەکانیاندا ببیننەوە. ئەگەر هەر لایەنێک بیەوێ خۆی لەم بابەتە بدزێتەوە بێگومان دەکەوێتە سەر هەمان ڕێچکە کە کۆماری ئیسلامی پێیدا تێپەڕی. ئەگەر حیزبێک یا هاوپەیمانییەکی سیاسی لەنێو ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا بیەوێ بیر لە ڕێگەچارە بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی بکاتەوە بێگومان دەبێ سەرنج بداتە ئەو بابەتە گرینگە و بزانن کە بە دوور لە ڕەچاوکردنی مافە تایبەتەکان لەپاڵ ماف و داخوازییە گشتییەکانی گەلانی ئێراندا بڕینی ئەم ڕێگە حاسان و بێ کێشە نابێ. هەر بۆیە بۆ وەسەریەکخستنەوەی هەموو هێز و تواناکانی لایەنگری دەربازبوون لە کۆماری ئیسلامی پێویستە هاوپەیمانییەک لە نێوانیان و حیزبە ناوچەییەکانی نەتەوە جیاکانی ئێران و ڕێکخستنە سیاسی و مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات پێک بێ. هاوپەیمانییەک کە لە ئێستاوە بە دەرکی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران دان بە یاسایی بوونی مافی هەموو لایەکدا بنێ.

***

# پرسی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی

دیمانە: عەلی بداغی



ئەوەی هاوکێشەی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرشوبڵاوی دەرەوەی وڵات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت. لە ئێستادا خواستەکان هەر تەنیا کۆمەڵایەتی و بۆ کار و بژیو و مز و حەقدەست نین، بەڵکوو ویست و داواکان تەواو سیاسی و حقووقین. سروشتییە کاتێک بێزاری بەو ڕادەیە زۆر بێ، خەڵکی ئێران دەست لەسەر دەست دانانێن.

**[کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٣ ساڵەی تەمەنیدا سیکلی کۆتایی دیکتاتۆریی خۆی تێدەپەڕێنێ، بەڵام یەک لەو هۆکارانەی تا ئێستا وەک بەرگژەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە بەرهەست بووە، نەبوونی جێگرەوە و ئاڵترناتیڤ بووە. ئەم بەرگژەیە لە ئێستادا چ دۆخێکی بۆ کۆماری ئیسلامی و هەروەها جووڵانەوەی ئێعترازیی بەرینی خەڵک دروست کردووە. "کوردستان" لەو پێوەندییەدا و لە چەند تەوەردا ڕاوسەرنجی حەمەنەزیف قادری، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەرگرتووە.]**

**ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی چییە؟ کێیە؟ ئادرەسی ڕوون بۆ بەدیل و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کامەیە؟**

**حەمەنەزیف قادری، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

یەکێک لە فاکتەرەکانی مانەوەی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان، پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی و هاوپەیمانییەکی پێشکەوتنخواز و دێموکراتیک بووە کە جیاوازیی هزری و پێکهاتەیی لەگەڵ ڕوانگەی دەسەڵاتی ناوەندی پێوە دیار بێ. بەداخەوە زۆر جاریش گوتاری بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن، یان ڕوانگە و بۆچوون و سیاسەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری جیاواز نەبووە و بوونەتە پاساوچی بۆ تاوانەکانی سەرانی ڕێژیمەکان و سیستمە کۆنەپەرەستەکان. لە هەلومەرجی ئێستای ئێرانیشدا ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەبینرێ.

ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی کارناسانە شرۆڤە بکەین، بریتییە لەو بەدیلە کە ئامانج و ڕوانگە و گوتاری سیاسی و حوزوور و چالاکییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی پاوانخوازدایە و دەبێ شوناسی خۆی وەکوو ئاڵوگۆڕخواز و جێگرەوە و دژبەری بنەما دژە مرۆییەکانی دەسەڵات پێناسە بکا. لێرەدا لایەنێکی سەرەکی کە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ و زۆر جار لەم بوارەدا ڕۆڵی گێڕاوە و تێچووی داوە، بەڵام ئاوڕی جیدیی لێ نەدراوەتەوە، هێزی گەل و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکە کە لە تەواوی قۆناغەکانی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ئێراندا دەوری شوێندانەریان هەبووە. لە شۆڕشی مەشرووتییەت، ساڵەکانی دەیەی ٣٠ هەتاوی و بزووتنەوەی بەخۆماڵیکردنی نەوت (کە دواتر دەرکەوت مەبەست بە حکوومەتیکردنی نەوت بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرە سەرکوتکەرەکان بووە). شۆڕشی ساڵی ٥٧، خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٨٨، ٩٦ و ٩٨ و تا ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئۆپۆزیسیۆن بەپێی ئەو پێناسەیە کە ئاماژەمان پێ کرد لە گۆڕێدا نییە، ئەوەی کە هەیە خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی وڵاتە، ئەویش بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی شێلگیر و خاوەن بەرنامە، لەگەڵ سەرکوتی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبێ و هیچکام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئێستا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرنە دەستەوە و بەرنامەیەکی گشتگیر ڕابگەیەنن.

ئەگەر لەم بارودۆخەدا باس لە لایەنی چالاکی پرۆسەی سیاسیی ئێران لە بەرانبەر ڕێژیمدا بکەم، بزووتنەوەکانی گەلانی ئێران لە هەموو کاتێکدا زیاتر لەسەر خەت و ئامادەی خەباتن، پاشان کۆمەڵانی خەڵک، ژنان، کرێکاران پێشەنگی ئەم خەباتە جەماوەرییەن و بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێران کە ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەتریان هەیە و باوەڕمەندن بە فرە پێکهاتەیی و فرەنەتەوەبوونی ئێران و پێیان وایە کە تەنیا ڕێگا بۆ دەربازبوونی یەکجاری لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان بونیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵە، دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ لەو خەباتەدا بگێڕن.

**ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان:**

یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی مانەوەی ڕژیم وێرای قەیرانگەلێکی قووڵ و چەند لایەنە کە سەرتاپێی ئەم ڕێژیمەی داگرتووە، نەبونی ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز و بە پێگەی جەماوەری و ناسراوە و تا ڕادێکیش قەبوڵکراوە لەلایەن هیزە ناوچەیی و جیهانییەکانە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا زۆر بە بەرنامە و بە ستراتژی بەڵام بە ئیعدام و تیرۆر و ڕەشەکوژی و لە هەمان کاتدا بە سازکردنی تۆڕێکی بەرین لە دەستوپێوەندکانی خۆی لەژێر ناوی جۆراجۆر و سیمای جیاواز لە هەولی ئەوەدا بووە کە هیچ ئاڵتەرناتیڤێک سەر هەڵنەدا و هەرچەشنە جێگەرەوەیەک لە بار بەرێ و هەر زۆر زوو بیخنکێنێ. هەر بۆیە ئێستا و لەم هەلومەرجە ناتوانین هیچ ئاڵتەرناتیڤێک دەسنیشان بکەین، ئەگەرچی کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەن کە وەک ئاڵتەرناتیڤێک خۆیان دەردەخەن، یا لانیکەم هەول و سەودای ئەوەیان لەسەرە کە وەک ئاڵتەرناتیڤێک بناسرێن و ددانیان پێ دابنێن.

ئەوەش کە لە نێوخۆی کۆماری سێدارە ئاڵتەرناتیڤێک سەر هەڵبدا و لەلایەن جەماوەروە پشتیبانی بکرێ بهتەواوی مەوزوعییەتی لەدەست داوە و ئەگەر سەرەتا دلخۆشکردن بە وەها ئاڵتەرناتیڤێک تەوەهوم و خۆشباوەڕی بوو، ئیسە دەچێتە خانەی شەییادی و گەمژەیی. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نابێ بە دوای ئادرەسی ڕوون بگەڕێ، بۆ؟ ئێستا کورد و بە تایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرینگترین و جەماوەریترین و ناسراوترین هاوپەیمانیی سیاسییە، ئەگەرچی خۆیی دەستی کەم گرتووە و بە جۆرێک چەقیوە. هەربۆیە ئاڵتەرناتیڤەکانی دیکە ئەگەر بوونیان هەیە دەبێ لەگەڵ ئەم ناوەندە پەیوەندی بگرن. ستراتیژیی کورد و داخوازییەکانی بۆ هەمووان ڕوونە. شتێک باو بووە کە "بزانین کێ چیمان دەداتێ" کە من زۆر بە هەڵەی دەزانم، ئەمە هیچ نەبێ دەستی کەمگرتنی خۆمانە. ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پرەنسیبە نیزیک و دوورن.

**مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لەنێو کۆمەڵانی هەراو و ناڕازیی ئێراندا دروست دەبێ. لە ئێستادا بەڕوونی ناتوانین ئادرەسی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان بکەین و قامک لەسەر حیزب یان ڕێکخراو و بەرەیەک دابنێین و بڵێین ئەوە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەوە دروشمەکانیەتی و ئەمە ڕێباز و سیاسەتەکەیەتی و لە داهاتوویەکی نیزیکدا دێتەی جێگەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام من بڕوام وایە لە ئێستادا و لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا کە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران خوڵقاندوویەتی، دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر قورس نییە و دەرەتان و ئیمکان و زەرفییەتی دروستبوونیشی لەنێو خەڵکی نێوخۆی وڵاتدا هەیە.

هەموومان دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا کەمترین شەرعییەتی سیاسیی لەنێو خەڵکی وڵاتدا هەیە. لە ئێستادا کێشە و قەیرانەکان کە لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمەوە دروست بوون، تەواو تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە. پێچەوانەی یەک دەیە و دوو دەیە پێش نارەزایەتییەکان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵیان گرتۆتەوە، لە ناوچەیەکدا قەتیس نین و هەموو شار و ناوچەکانی وڵاتی تەنیوە، مەودای نێوان نارەزایەتییەکانیش هەتادێ کورتتر دەبێتەوە و لە دە ساڵ و چەند ساڵ جارێک ڕا بۆتە ڕۆژانە. داوا سنووردارەکان ئێستا سنووورە سوورەکانیشیان بەزاندووە و خەڵک لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. بە واتایەکی دی لە ئێستادا خواستەکان هەر تەنیا کۆمەڵایەتی و بۆ کار و بژیو و مز و حەقدەست نییە، بەڵکوو ویست و داواکان تەواو سیاسی و حقووقین. سروشتییە کاتێک بێزاری بەو ڕادەیە زۆر بێ، خەڵکی ئێران وەک کۆمەڵێکی بەرپرسیار و لەسەر هەست لەبیری دروستکردنی جێگرەوە و ئاڵتێرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبن. من باوەڕەم وایە ئەو توانا و پوتانسیەلە لە ئێراندا هەیە و نابێ نیگەرانی ئەوە بین.

**ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا چۆن دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بەچۆک دابێنێ؟**

**ڕەزا کەعبی:** کۆماری ئیسلامی نە بە چۆکدان، بەڵکوو دەبێ بەتەواوی بڕووخێ و لەنێو بچێ. ئەزموونی چل ساڵەی وڵاتانی ناوچە لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و... پێمان دەڵێ کە گۆڕینی ڕێژیمەکان بەبێ حوزووری جەماوەر و ئاخێزی گەورەی جەماوەری و ئیرادە و داخوازی ڕوون، و بە پشتبەستن بە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەگەریش بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار کۆتایی پێ بێ، بە واتای ڕزگاری لە کوشتار و فەقر و برسیەتی و گەیشتن بە ئازادی نییە.

ئێمە پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە کام ئاڵتێرناتیڤ بوونی هەیە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی شۆڕشی جەماوەی چین و چۆن دەکرێ نەمێنن. یەکێک لە ئاستەنگە کاریگەرەکانی بەردەم ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی ئەوەیە کە بۆ خەڵک ڕوون نییە پاش ڕووخاندن ئازادی و ئاسایش و ئەمنییەت سەقامگیر بێ و دور بێ لە شەڕی نێوخۆیی و سەرکوت و دیکتاتوری لەژێر ناوێکی دیکە. هەربۆیە حوزووری خەڵک و بە تایبەت بەرچاوڕوونییان بۆ داهاتو شەرتی یەکەم و پێویستە کە ئاڵتێرناتیڤێک بگاتە لوتکەی خەباتی جەماوەری و دڵنیایی بدا بە جەماوەری ڕاپەڕیو کە گەیشتن بە داخوازییەکانیان تا ڕادەیێکی زۆر مسۆگەرە.

**حەمەنەزیف قادری:** بۆ ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و یەکلاکەرەوە، دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا خەسارناسییەکی تەواوی دۆخی ڕابردوو و ئێستایان بکەن. سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکانی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆمەڵگەیەک بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەڕوا کە سیاسەتی حوکمڕانی و یاسای بنەڕەتیی لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بێ و ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا. بۆیە ئەو لایەنە سیاسییانە کە مێژوویەکی خەباتگێڕییان هەیە بە هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی ئێران و هەموو چین و توێژەکانی وڵات دەتوانن ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنن و چەترێک دروست بکەن کە هەموو پێکهاتەکان لە خۆ بگرێ.

**مستەفا مەولوودی:** وەک باسم کرد من باوەڕەم وانییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا ئاڵتێرناتیڤێکی دیاریکراوی هەبێ. بەڵام پێموایە لە هەلومەرجی ئێستادا هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵک هەست بەو زەروورەت و پێویستییە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژیمە سەردەمی بەسەر چووە و هەموو زەرفییەتەکانی خۆی نیشان داوە. بۆیە لەمێژە پرۆژەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووە و ئەم ماتەوزەیە لە خەڵکی ئێراندا هەیە کە بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دروست بکا و کاریگەرییەکانیشی بەزوویی دەربکەوێ؛ بە مەرجێک کومەڵێک واقع و



**◀ نارەزایەتییەکانی خەڵک بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی شێلگیر و خاوەن بەرنامە سەرکەوت دەکرێ و هیچکام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئێستا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرێتە دەست. بەڵام، گرینگی و گرێدراویی خەباتی نەتەوەکانی ئێران فاکتەرێکی گرینگە لە ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتی ئێران و پاڵپشتە بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێراندا.**

حەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەک هەیە بناسرێن و ویستی پێکهاتە و فرەییەکانی ئەم وڵاتە بەگشتی لەبەرچاو بگیرێن.

ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بە ئەزموون‌وەرگرتن هەر لەو ڕێژیمە و کارنامە و کارکردی دەیان‌ساڵەی پێک دێ، بەو مانایە ئەوەی ئەم لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا نەیکرد، ئەو بیکا. ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ دێموکراتیک و سێکۆلار بێ، باری ناناوەندی (لامەرکەزی)ی هەبێ. بەپێی پێکهاتەی جۆراوجۆری نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و مەزهەبی تەنانەت فەرهەنگییش لە بیری دێموکراتیزەکردنی ئێراندا بێ. لە شێوەی سیستەمی فیدراڵی و لەسەر ئەو ئەساسە کە پێکهاتە و ئاڵتێرناتیڤی ڕێژیم لە ئێراندا خەڵکی دێموکرات بن، نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و خواستە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بن و کار بکەن بۆ گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی نیزامی پارلەمانیی دێموکراتیک و نووسینەوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیک کە مافی هەموو پێکهاتە و فرەییەکانی کۆمەڵی ئێرانی تێدا دەستەبەر بووبێ. ئەمن باوەڕم وایە ئەگەر بەستێن بۆ پێکهاتە و تەرکیبی لەو چەشنە هەبێ، خەڵک ئامادەیی ئەوەیان هەیە لە دەوری ئاڵتێرناتیڤی وا کۆ ببنەوە.

بەتایبەت لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا، خەڵک لەسەر شەقام چارەنووسی ڕێژیمی یەکلا کردەوە. خەڵک شوێندانەر و یەکلاکەرەوە بوون. خەڵکی نێوخۆی وڵات ئەو ڕاستییە دەزانێ و ئەمەش چەند هۆکاری هەیە: یەکەم کولتوور و فەرهەنگی ئێرانی زۆرتر ئەوە دەخوازێ، دووهەم ئەزموونی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێ و، سێیەم: خەڵکی نێوخۆ زۆرتر لەگەڵ ڕێژیم دەرگیرن و دەبێ کار بکەن بۆ لابردنی ئەو نیزامە و جێگرکردنی نیزامی بەرپرسیار. کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیش زۆرتر چاوی لە خەڵکی نێوخۆیە و گرینگی بە بزوتنەوەی نێوخۆیی دەدەن و ئەوەش دەتوانێ فاکتۆرێکی بەهێز بێ بۆ هاندانی خەڵکی نێوخۆی وڵات. هەڵبەت ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە هیچ کاریگەریی نییە، نا وانیە؛ بەڵام من پێم‌وایە ناتوانێ کۆکەرەی هەموو پێکهاتەکان بێ. بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە ناڕازییانی نێوخۆ هەیە و دەیانبێ ئەوانەی دەرەوە نایانبێ. دیارە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، حیزب و ڕێکخراوی بەئەزموون و مێژوویی هەیە. پێوەندییەکی زیندوو لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە و هەر ئەوە وای کردوە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جێگایەکی تایبەتتر و لە ئاستی بەرزتردا بن. ئەوەش بۆ دروشم و ویستەکانیان ڕادیکاڵتر دەبێ. ئێستا داوای خەڵکی ئێران لە سەرەوەی خواستی کۆمەڵایەتی و کار و ئەمنییەت و بژیوی ژیانە، واتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی. بۆیە پێم‌وایە ئەوەی چارەنووسەکە یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرش‌وبڵاوی دەرەوەی وڵات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت.

**ڕەزا کەعبی**: هەموو و هەر ئاڵوگۆڕێک بە ڕادەی بەشداریی جەماوەر و بە داخوازییەکانیان بەستراوەتەوە. ئەگەر قسە لە ڕووخاندنی ڕێژیم و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و کۆتایی‌هێنان بە سەرکوت و زوڵم و نابەرابەری و هەڵاواردن و کۆتایی‌هێنان بە ستەم دژی ژنان و نەتەوەکان و گەیشتن بە ئازادیە سیاسییەکانە، بەبێ حزووری جەماوەر مومکن نییە و نەبووە. لە ئێستاشدا ڕۆڵی خەڵک لە کێشە سیاسییەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. کۆماری ئیسلامی لە جەرگەی شۆڕشێکی جەماوەری توانی جڵەوی دەسەڵات قەبزە بکا و بەخێرایی وەها کۆمەڵگەی ئێرانی توشی شۆک کرد کە ئاسەوارەکانی ئێستا دەردەکەوێ کە باس لە ئاڵتێرناتیڤ دەکرێ. ئەو هێزانەی کە شۆڕشی ٥٧ ڕزگاری کردن و لە واقیعدا لە بتری هاتنە دەرێ



**◀ ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پرەنسیبە نیزیک و دوورن. چل ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیم ئەگەرچی بە ڕواڵەت خەڵکی زۆر تەنگەتاو کردووە و ڕۆژژمێری دەکەن بۆ ڕزگاری، بەڵام خەڵک داهاتووشیان بۆ گرینگە.**

**ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟ تواناکانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تا چ ڕادەیەکن؟**

**حەمەنەزیف قادری**: ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران کە ئامانجی پێشکەوتوو و مۆدێڕنی هەیە و بانگەشەی سیستمی وەڵامدەر بۆ حوکمڕانیی داهاتووی ئێران لە جۆری دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ دەکا، گوتاری لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هاندەر و شوێندانەرە. بەتایبەتی گوتاری لایەنەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەناوی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ و بە هۆی ئەوەی کە هەست و سۆزی شۆڕشگێڕانەی تێدایە، گوڕ و تین دەبەخشێ بە خەباتی جەماوەری، وەک پرۆسەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە خەباتێکی فرەڕەهەندە و لە کوردستاندا کاریگەریی لەسەر خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بووە و دەبێ. هەر ئەوەشە کە گرینگی و گرێدراویی خەباتی نەتەوەکانی ئێران فاکتەرێکی گرینگە لە ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتی ئێران و پاڵپشتە بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێراندا. هەر بەو خوێندنەوەیە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ زیاتر چالاک بکرێ.

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران زۆر پەرشوبڵاو و نایەکگرتوون، جگە لەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە دێموکرات، چەپ، میللی، نەتەوەییخواز و چی و چی خوێندنەوەی جیاواز و دوور لە یەکیان بۆ زۆر مژار و تایبەت هەیە، بەڵام یەک خاڵی هاوبەشیان بەگشتی لەگەڵ یەکتر هەیە کە تەنانەت لەگەڵ ناڕازییانی نێوخۆی ئێرانیش یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو ڕێژیمە سەردەمی بەسەر چووە و دەبێ بڕوا و لە جێگەی ئەو ڕێژیمێکی بەرپرسیار بێتە سەر حوکم. هەر ئەوە دەتوانێ دەرهاوێشتەیەکی باش و سەرفەسڵێکی نوێ بێ بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری باش و موناسب بۆ بەیەکەوە کارکردن و کۆکردنەوەی زۆربەی لایەنەکان کە کاریگەریی زۆرتر لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆشدا دادەنێ.

لە ڕووی قورسایی، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان لە ئێستادا هیچ لایەنێکم پێ شک نایە بەتەنیا ئەو کاریگەرییەی هەبێ و توانای بوون بە ئاڵتێرناتیڤی لێ بکرێ. بۆیە من ناوکی دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەڕاستی هەر لەنێو خەڵکی ناڕازی و چین و توێژەکانی نێوخۆی وڵاتدا دەبینم. لە سەردەمی مەشرووتەوە و یەکلا کردنەوەی جێگرەوەی ڕێژیم لە کوردستان دەتوانێ شانسێکی باش بدا بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران و دەرەوە بۆ پێوەندیی قایم‌وقۆڵی سیاسی لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی ئێرانی بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانەوە.

**ڕەزا کەعبی**: ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات یەکدەست و یەک بیروباوەڕ و یەک ستراتیژ نین. بە هۆی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و بەهۆی ئاسان‌بوونی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆ یا پێچەوانەکەی، هەر چەشنە جموجوڵ و چالاکییەک بهخێرایی دەنگ دەداتەوە و لەسەریەک کاریگەرییان هەیە. هەر بۆیە ئێستا ناکرێ دیوارێک لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوە بکێشرێ. بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری سێدارە بۆ ساڵانێکی زۆر توانی پەیوەندیی نێوخۆ و دەرەوە بپچڕێنێ کە ئێستاش ئاسەواری زیانباری ئەو سیاسەتە بەسەر ئەکتی سیاسیی دوو لایەنەوە ماوە.

بە نەزەری من ئەو ئەگەرەی کە ئاڵتێرناتیڤێک لە دەرەوە دروست بێ و ببێتە نوێنەر و دەنگی جەماوەر زۆر زۆر کەمە و ئەگەر لە ڕابردوودا بووە، ئێستا کۆسپی زۆر لە سەر ڕێگای وەها ئەگەرێک هەیە. کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە، هێزی کۆمەڵایەتیی گەورە و گرینگ وەک نەتەوەکان، ژنان، کرێکاران و بزووتنەوەی مەدەنی و دمۆکراسیخۆازی بەئاسانی مل بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک نادەن. ئەوان هەم هێزیان هەیە و هەم داخوازیی ڕوون.

**نەخش و ڕۆڵی خەڵک لە خوێندنەوەی هەموو لایەنەکاندا پڕدیارە. ئایا پێتان وایە نەخشی خەڵک یەکلاکەرەوەیە؟ چۆن؟**

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕوانگەی منەوە خەڵک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، هەرچی شکڵ دەگرێ و پێک دێ سەرچاوەکەی خەڵکە و دەبێ لە خەڵک ئیلهام وەربگیردرێ. ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتێک و لەنێو هەموو کۆمەڵێکدا هەر وایە. نیوسەدە لەوەپێش خەڵکی ئێران بەبێ پشتیوانیی کاریگەری دەرەوە خۆیان ڕێکخست و هاتنە سەر شەقامەکان و نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشاییان لە ئێران تێکەوە پێچا، ئەگەرچی بەداخەوە ئەو شۆڕشە دەسکەوتەکەی نەچووە گیرفانی خەڵکەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەدا زۆری هەوڵ داوە خەڵک لەو وزە خەباتگێڕییە داماڵێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و خەڵک سەرەڕای تێچووی زۆری خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەڵام کۆڵیان نەداوە و ڕۆژ بە ڕۆژ تازە هیچ هێزێک ناتوانێ دووبارە بیانگەڕێنێتەوە.

ئەم هێزانە هەروەها نە بەهاسانی دڵخۆش دەبن بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک و نە بههاسانی مل ئەدەن. وەک چۆن هەر ئێستا تاڵیبان لەگەڵ مەقاومەتێکی بەهێزی ژنان ڕووبەڕووە لە کاتێکدا ناوچەکە و جیهانیش خۆیان لە کردەوەکانی تاڵیبان لە گێلی داوە.

چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری سێدارە ئەگەرچی بە ڕواڵەت خەڵکی زۆر تەنگەتاو کردووە و ڕۆژژمێری دەکەن بۆ ڕزگاری، بەڵام بەڕاستی بیر لە داهاتووش دەکەنەوە. ئەو شتەی کە شۆڕشی ٥٧ و ئاکامەکەی دەرسێکی زۆر زۆر مێژوویی و گرینگی پێدان.

**حەمەنەزیف قادری**: هیچ بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بەبێ پشتبەستن بە ئیرادەی گەل ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگا و سەر بکەوێ و بەزیندوویی لە گۆڕەپانی خەباتدا بمێنێتەوە و لە ئەنجامدا دەپووکێتەوە. هۆکاری سەرەکیی گەشەکردن و مانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کورد ئەو پشتبەستنە بە ئیرادەی خەباتگێڕیی گەلەکەمان و بەشداریی ڕۆڵە ئازاکانی لە مەتەرێزی خەباتدا بووە. بەبێ هیچ دوودڵییەک هێزە سیاسییەکانی ئێران کە باوەڕمەندن بە ڕووخاندنی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستمێکی پێشکەوتوو هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەستدا نییە، ئێمەی کوردیش کە ئامانجمان وەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و یاسامەند لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵدایە، دەبێ خەباتی شار و شاخمان زیاتر بە گوڕ و تین بکەین. ئەزموونی خەباتی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو پێمان دەڵێ خولانەوە لە دەوری کایەی باڵەکانی ڕێژیم و دروشمی بێ‌بنەما جگە لە بەلاڕێدابردنی کاروانی خەبات هیچ ئامانجێک ناپێکێ، هەربۆیە دەبێ کوردستان وەک هەمیشە کە نازناوی سەنگەری ئازادی بە باڵایدا بڕاوە، بەشکۆتر لە جاران ئەو خەباتە بباتە پێش. ئەم ئەرکەش دەکەویتە ئەستۆی ناوەندی هاوکاری کە هەڵگری ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دەبێ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماتیک، ڕاگەیاندن، گرینگیدان بە خەباتی پێشمەرگانە، ڕێکخستن و جەماوەری و بانگهێشت‌کردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی ئەو خەباتە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا شوێندانەرتر بکا.

***

# «بێنێت» وەڵامەکانی لەبارەی ئێران لە لایە، بەڵام کەس گوێ ڕادەگرێ؟



و: کەماڵ حەسەن‌پوور

سەرۆک وەزیران، نەفتالی بێنێت ئەو حەوتوویە لەبەر کۆنفرانسی گۆڕانی ئاووهەوا لە گلاسگۆ بوو و زۆر شتی لەسەر ئەو پرسە و لەبارەی داهێنانەکانی ئیسرائیل بۆ یارمەتی بە بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی سەر ژینگە و شتی دیکە پێ بوو.

بەڵام لە ڕوانگەی دیپلۆماسییەوە، کۆبوونەوەکە دەرفەتێک بوو بۆ بێنێت تا پەیامی دیکەش لە چاوپێکەوتنە تاکییەکان لەگەڵ ڕێبەرانی سەرانسەری دنیادا بگەیێنێت.

جێگای سەرسوڕمان نییە، پرسی سەرەکی کە پێوەندیی بە ئاجێندای ئاووهەواوە نەبوو و ئەو لە هەموو دانیشتنە دوو لایەنەکانی ئەو حەوتوویەدا دەیهێنانە گۆڕێ، ئێران بوو.

ئەو وتووێژانە لە کاتێکی هەستیاردا دێنە بەر باس، چونکە تاران درێژە بە خۆبواردن لە وتووێژ دەدا و بە لێدوانە لێڵ و خۆ دزینەوە لە ئەرکدارییی، لەبارەی کاتی گەڕانەوەی بۆ مێزی وتووێژ دنیای لە نادڵنیاییدا هێشتۆتەوە، لە کاتێکدا کە خێرا گەشە بە بەرنامەی ئاتۆمییەکەی بەرەو خاڵی بێ‌گەڕانەوە دەدا.

پێشوەچوونەکانی ئێران لە پیتاندنی ئورانیۆم شتێکە کە زلهێزە خۆراواییەکانی بەشدار لە ڕێککەوتنی بەرجام لە ٢٠١٥ ددانیان پیدا ناوە، ڕێبەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتی ئورووپایی، واتە فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا، ئەو شتەیان لە لێدوانەکەیاندا لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژ لەوەپێش لە G۲۰ لە ڕۆم باس کرد.

ئەوان گوتیان: «لە کاتێکدا کە ئێران وتووێژەکانی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو بەرجام کە لە مانگی جوون بەو لاوە بەڕێوە دەچوون، ڕاگرتوون، هەنگاوە ورووژێنەرە ئەتۆمییەکانی، وەک بەرهەمهێنانی ئورانیۆمی پیتێندراو لە ئاستێکی بەرزدا و بەرهەمهێنانی کانزای ئورانیۆم، خێراتر کردوون. ئێران هیچ پێویستییەکی ڕەوای مەدەنیی بە هیچکام لەو هەنگاوانە نین، بەڵام هەردووکیان بۆ بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی گرینگن.»

بێنێت لەو کاتە دژوارە، لە ڕوانگەی ستراتیژیکییەوە، هاتە سەردانی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا بوریس جانسۆن و سەرکۆماری فەڕانسە ئیمانوێل ماکرۆن، کاتێک کە ئەوان لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ وتووێژ ناسەرکەوتوو بوون، لە هەمان کاتدا ئێران هەنگاوەکانی بەرەو چەکی ئەتۆم خێراتر کردووە.

پەیامی بێنێت بۆ ئەوان و سەرجەم ئەو ڕێبەرانەی چاوی پێیان کەوت ئەوە بوو: زەختی زۆرتر بخەنە سەر ئێران و، هەڵوێستێکی سەخت دژی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و پێوەندییە دوو لایەنەکانتاندا بگرن.

بێنێت گوتی گەڕانەوە بۆ بەرجامی ٢٠١٥ هەڵەیە و کاریگەریی پێچەوانەی ئەوە دەبێ کە ئێوە چاوەڕوانیتان لێی هەیە. ئەو بە ڕێبەرەکانی گوت لابردنی ئابلۆقەکان بەو مانایەیە کە ئێران دراوی زۆرتری دەست دەکەوێ تا بۆ شەڕانشۆییە ناوچەییەکانی کەڵکیان لێ وەرگرێت.

بێنێت هەروەها پێیانی گوت ئیسرائیل چەندین میلیارد شەکەلی لە بودجەی نوێی دەوڵەتدا بۆ بەرگریی تەرخان کردووە، بە جەختکردن لەسەر پلانی ئۆپەراسیۆنی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ئێران.

سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیک، بە کەڵک‌وەرگرتن لە پەندێکی پێشینیانی هیلەل بۆ شیکردنەوەی ڕوانگەی بێنێت لەمەڕ ئامادەکردنی ئەگەری هەنگاوی سەربەخۆیانەی ئیسرائیل دژی ئێران گوتی، «بێتوو من بۆخۆم نەبم، کێ بۆ من دەبێ؟»

بەڵام لە هەمان کاتدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە بەڕوونی ڕایانگەیاند کە ئەوان دەست لە ڕێگاچارەی وتووێژ بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ بەرجام و پاشان دیپلۆماسی هەڵ ناگرن.

لە لێکدوانەکەدا هاتبوو، «ئێمە دڵنیاین دەکرێ خێرا بگەینە لێکتێگەشتن و جێبەجێ کردنی گەڕانەوە و مەلکەچ بوونی تەواو و دڵنیابوونی درێژخایەن کە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تەنیا بۆ ئامانجە ئاشتییانەکان دەبێ. ئێمە داوا لە سەرکۆمار ڕەئیسی دەکەین تا کەڵک لە دەرفەت وەرگرێ و بگەڕێتەوە بۆ هەوڵێکی متمانە پێکراو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی وتووێژەکان وەک پرسێکی بەپەلە. ئەوە تەنیا ڕێگای جێگای متمانە بۆ خۆ بواردن لە بەرزکردنەوەی مەترسیداری گرژییە، کە لە بەرژەوەندیی هیچ وڵاتێکدا نییە.»

لە کاتێکدا کە ئێران درێژە بە پیتاندنی ئورانیۆم دەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتەکەی ئورووپایی هەوڵ دەدەن ستراتیژییەکی گێزەر و قامچی ببیننەوە تا تاران بگەڕێننەوە سەر مێزی وتووێژ. بەڵام تا ئێستا، ئەوان تەنیا لە ئێران پاڕاونەوە بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ. بێگومان، ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەروا بەردەوامن، بەڵام ئەوان هێشتا ئێرانیان پێمل نەکردووە.

بێنێت پێی خۆشە قامچی زۆرتر ببینێ و ئەو گوتی ئەوەی بە هەموو ئەو کەسانە گوتووە کە چاوی پێکەوتوون. سەرچاوەیەکی سیاسی گوتی، خەڵک دەیانهەوێ هەڵوێستی بێنێت لە بارەی ئێران ببیستن، ئەوان ڕەزامەندییان بۆ درێژە پێدان بە گفتوگۆکان لە داهاتوودا دەربڕیوە.

بەڵام گەلۆ ئەوان بەڕاستی گوێ ڕادەگرن؟ جارێ، وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە درێژە بە پلانی A بدەن، ئەگەرچی نیشانەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کاریگەر نییە.

**ئورشەلیم پۆست – لەهاف هارکۆڤ**

# کەلێنی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و وەرچەرخانەکانی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات (دەورەی پەهلەوی)

### بەشی سێهەم و کۆتایی



د. ئازاد محەممەدیانی

**قووڵبوونەوەی کەلێنی نەتەوایەتی و پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی کوردیی ناسیۆنالیست لە دەوری کەلێنی قەومی–نەتەوەیی، نیشانەی ناسەرکەوتوبوونی ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازی قەومیی پەهلەوی بوو، کە بە سازبوونی هەلومەرجی تایبەتیی دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و سازبوونی بۆشایی دەسەڵات، کوردستان ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا دژکردەوە نیشان بدا و بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان کۆماری کوردستان بناغەی یەکەم گوتاری سیاسیی کورد دژ بە گوتاری ناسیۆنالیستی کەونارا خوازی ڕەزاشا بە پێشەنگێتیی دێموکرات داندرا.**

### گوتاری سیاسیی شوناسخوازانەی بەشداریویستی حیزبی دێموکرات

ئەگەرچی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە مانای شیفتێکی ئەرێنی و کاریگەر نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم وەرچەرخانانە دژکردەوەیەک بووە بەرامبەر بە بارودۆخی زاڵ بە سەر ئێران و کوردستاندا، کەواتە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییە گوتارییەدا هێندێک جار سەرکەوتوو نەبووە.

گوشارەکان و دژوارکردنی دۆخی چالاکیی سیاسی لە قۆناغێکدا و کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای سیاسی لە سەردەمێکی دیکەدا کە سەرچاوەی لە جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەند دایە، بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا. دوای شکستی کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات لە شەڕی چریکی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی کە ئەم کومیتەیە ڕووخاندنەکەی کردبووە ئامانجی سەرەکیی خۆی، حیزبی دێموکرات وێڕای وەرچەرخانێکی گوتاری، حەولی ڕێکخستنەوەی خۆی دەدا و هێندێک پلانی دێموکراتیک کە پەسندی حیزبی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو دەخاتەوە نێو گوتارە سیاسییەکەیەوە. لە ڕاستیدا شکستی بزووتنەوەی چریکی و پێشوازینەکردنی جەماوەر لەم جۆرەی خەبات لەو قۆناغەدا -بە پێچەوانەی قۆناغەکانی دواتر واتە لە ساڵەکانی یەکەمی هاتنەسەکاری کۆماری ئیسلامیدا کە خەباتی چەکداری پێشوازییەکی مەزنی جەماوەریی لێ دەکرێ- هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی دروشم و شێوازێکی نوێ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بوو. «کەواتە لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەرگیرا، هەڵبژاردنی وەها دروشمێک حەول بوو بۆ قەوارە بەخشین بە داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی گونجاودا بۆ ئێرانییەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی»(ڕومانو، ١٣٨٨). ئەگەرچی خەبات دژ بە حکوومەتی پەهلەوی وەک گوتاری دژبەری گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، قەوارەبەندیی گوتاریی ئەم گوتارە پێک دێنێ، بەڵام هەرگیز وەک قۆناغی پێشوو شەڕی چریکی بەشێک لە ڕەفتاری سیاسیی ئەم حیزبەی پێک نەدەهێنا، لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا گوتاری سیاسیی حیزب فۆرمێکی واقعبینانە و نێوانگیرتر بە خۆیەوە دەگرێ و خۆی لە چوارچێوەیەکدا جومگەبەندی دەکا کە هەم کەشی دژایەتی ڕابگرێ و هەم سەرنجێکی تایبەت دەداتە ئیمکانی وەرگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنیان لەم چوارچێوە گوتارییەدا. بەشێوەیەک کە ئەم گوتارە بە ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، بەرەوپیری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٥٧دا دەڕوا و بە وروووژاندنی بابەتی سەرنجڕاکێشتر لە سەر بنەمای داواکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەشێکی زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکا، بە چەشنێک کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەبێتە گەورەترین حیزبی سیاسیی کوردستان و تەنانەت ناوچە نەتەوەییەکانی ئێران، بە پێگەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتییەوە.

لە دۆخێکدا کە کوردستان دەستەویەخەی گەشەی ناهاوسەنگی پلانە گەشە تەوەرکانی محەمەدڕەزا شا بوو، بەشێکی زۆر لەو لاوانەی کورد کە وێڵی کار بوون ڕوویان کردە ناوەند، ئەم کۆچە بەپێچەوانەی ناوچەکانی ناوەندی ئێران کە بووە هۆی تێکچوونی شوناسی ناوچەییان بە قازانجی شوناسی نەتەوەیی (سەراسەری)، لە کوردستان بووە هۆی بەهێزبوونی شوناسی ئێتنیکی و، تێگەیشتنێکی بە نیسبەت دوا کەوتوویی کوردستان لە بەرامبەر ناوەند دا ساز کرد. حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا ببوە سێحەبی ڕێبەرایەتییەکی جیاواز کە وێڕای ئەوەی کە دەرکێکی دروستی لە دۆخی سیاسیی ئێران هەبوو، گەڕانەوەی بۆ دروشمە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان کە خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران بوو کردبووە نەخشە ڕێگای خۆی، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەزموونی ساڵەکانی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ئێران لە دەورەی مەسەدیقدا، هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودە و شەڕی چریکیشی هەبوو. کەواتە دەبوو گوتارێکی سیاسی نوێنەرایەتی بکا کە لە لایەکەوە ئیمکانی باسکردنی لە چوارچێوەی ئێراندا هەبێ، لەلایەکی دیکەوە ئیمکانی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی کوردستانی هەبێ و هەروەها ئیمکانی ئەوەشی هەبێ کە شوناسی کوردی کە بە هۆی گەشەی ناهاوسەنگ پڕڕەنگتر ببوو وەک چەمکێکی گرینگی ئەم گوتارە جومگەبەندی بکا. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دێموکرات وەک تاکە هێزی سیاسیی کورد، دوای کۆنگرەی سێهەمی خۆی ئەو دروشمانەی بۆخۆی هەڵبژارد کە بەستێنەکانی گەیشتن بە دۆخی شۆڕشگێڕانەی خۆش دەکرد و پتر لە هەر قۆناغێکی دیکە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی گشتیی کۆمەڵانی ئێرانەوە گرێ دابۆوە.

بەڵام تەنانەت لە مانگەکانی کۆتایی تەمەنی ئەم حکوومەتەشدا شەڕی سەربازی و چریکی وەک قۆناغی پێشوو پێڕەو نەکرا. هەروەک گوترا، بەهێزبوونی شوناسی کوردی بەهۆی گەشەی خۆئاگایی گشتی کوردەوە کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵگەی ئێران و گەشەی شارنشینی و پێشکەوتی ڕێژەیی ئابووری و گەشەی ناهاوسەنگی کوردستان بە نیسبەت ناوەند و ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بوو، داواکاریی پێشکەوتن و گۆڕانی بارودۆخی ئابووری خەڵکی بۆ یەکەم جارکەوتە پلان و ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە. گەشەی شوناسی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی ئێتنیکدا نەبوو، بەڵکوو جۆرێک هەست بە هەڵاواردن بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو، «ئەم خۆئاگاییە نوێیەی کورد، بە هۆی سەرنجدان بە دواکەوتوویی کوردستان پەرەی ئەستاند»(مک داول، ١٣٨٠) بەو هۆکارانە؛ گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە چوارچێوەی ئەم دروشم و کردەوە گوتاریانە و هەستی هەڵاوردنەدا پێک هات. کەواتە شوناسی غەیری ئێتنیکی، ئەم چەمکە گوتارییەیە کە لەم قۆناغەدا وەک واتایەکی پارادۆکسیکاڵ دەبێتە دالی ناوەندی کە لە ئاکامی هاوڕێیەتی لەگەڵ واتاگەلێکی وەک دێموکراسی بۆ ئێران، زیادبوونی ناوی ئێران بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆتاییدا بەشداریی لە خەباتی سەراسەری دژ بە حکوومەتی پەهلەویدا مانا پەیدا دەکا و ئەو چەمکانە بە دەوری خۆیەوە جومگەبەندی دەکا.




کەواتە لەو سەردەمەدا، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێویست بوو هەم جەخت بکاتە سەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و گوتارە شوناسخوازانەکەی، هەم ئەوەیک ە وەک سەردەمی موسەدیق بیر لە هاوڕێیەتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەریی ئێران بکاتەوە. جەختکردنەوەی دووبارە لە سەر دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران، زیادکردنی وشەی «ئێران» بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە عێراق و ئورووپاوە بۆ ئێران و بڵاوبوونەوەیان بە شارەکانی کوردستان و تاراندا (حەسەنزادە، ١٣٨١)، بەشێک لەو کردەوە گوتارییانە بوون کە هەوێنی گوتاری سیاسیی کوردیان لەو سەردەمەدا پێک دەهێنا.

ئەگەرچی دروشمی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لەنێو ئەم گوتارەدا بوونی هەبوو،

### ئاکام

گۆڕانی ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە قاجارەوە بۆ پەهلەوی بەو هۆیەی کە گۆڕانکارییەکی مەزن لە شێوەی دەسەڵاتدارێتیدا بوو، بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیی بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێران. ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەک ڕوویان دا، کە بووە هۆی ڕوودانی هێندێک گۆڕانی گەورە لە کوردستانیشدا.

ناسیۆنالیزمی کەوناراخوازی قەومیی پەهلەوی کە ئەویتری خۆی لە جۆراوجۆری ئێراندا دەدی، باشترین ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بە سڕینەوەی ئەم جیاوازییە ئێتنیکی و نەتەوەییانە دەزانی. لە ڕاستیدا دەوڵەت–نەتەوەسازییەکەی ڕەزاشا لەسەر بنەمای ئاسیمیلاسیۆن و سڕینەوەی جیاوازییە ئێتنیکی و کولتوورییەکان نەتەنیا نەیتوانی لە خزمەت ناسیۆنالیزمی دەوڵەتسازدا بێ بەڵکوو بووە هۆی قووڵبوونەووی کەلێنی نەتەوەیی وەک یەکێک لە کەلێنە شوناسییەکانی کۆمەڵایەتی. قووڵبوونەوەی ئەم کەلێنە و پێکهاتنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی کوردی ناسیۆنالیست لە دەوری کەلێنی قەومی–نەتەوەیی، نیشانەی ناسەرکەوتوبوونی ئەم پرۆژەیە بوو، کە بە سازبوونی هەلومەرجی تایبەتیی دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و سازبوونی بۆشایی دەسەڵات، کوردستان ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا دژکردەوە نیشان بدا و بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان کۆماری کوردستان بناغەی یەکەم گوتاری سیاسیی کورد دژ بە گوتاری ناسیۆنالیستی کەونارا خوازی ڕەزاشا بە پێشەنگێتیی دێموکرات داندرا. کەواتە لە دەورەی پەهلەوییەکاندا و وەک دژکردەوە بە نیسبەت ناسیۆنالیزمێک کە سەرچاوەی شێوە ڕوانینیان بۆ جیاوازییەکانی ئێران بوو، کەلێنی قەومی یا نەتەوەیی بەردەوام زیندوو بووە و لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا بۆتە هۆی پێکهاتنی قەیران و کێشە، کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و درێژە بە چالاکی و گۆڕانی گوتارەکەی بەرهەمی ئەم بارودۆخەیە. وەک باس کرا لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٥٧دا، گوتاری سیاسیی کورد چوار قۆناغی بە خۆیەوە دیتووە کە بە کاریگەری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوە ڕوانینی دەسەڵاتدارانی ئێران گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دیارە لە سەرجەمی ئەم قۆناغانەدا، ناسیۆنالیزم وەک ڕۆحی گوتاری سیاسی، هەڵبەت لە دژکردەوە بە نیسبەت جۆری ناسیۆنالیزمی ناوەنددا بوونی هەیە و لەهەر سەردەمێکدا تایبەتمەندیی خۆی دەبەخشێ بە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات. دیارە گوتارەکان بە نیسبەت بارودۆخ و هەلومەرج و پێداویستیی کۆمەڵگە دێنە مەیدانەوە و گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتیش بەپێی زەرووڕەتە مێژووییەکەی و لە دژایەتی لەگەڵ گوتاری سیاسی ناوەنددا هاتۆتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و لە دژایەتی لەگەڵ واتا و دالەکانی ئەم گوتارە دژبەرە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە یا شکڵی گرتووە.

لە ڕاستیدا گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات و لە ئاکامدا گوتاری سیاسیی کورد گوتارێکی دژکردەوەییە و لە وەڵامی گوتاری ناوەندا خۆی ڕێک خستوە و بە گۆڕانی ئەو گوتارە گۆڕانی پێدا هاتووە. جگە لە قۆناغی چوارەم، واتە قۆناغی کۆتایی کە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ سەراسەری ئێران بەرەو پیری شۆڕشێک دەچن کە ئاکامەکەی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتییە، لەم قۆناغەدا وێڕای ئەوەیکە لە ناوەند و بە تایبەت لە مانگەکانی ئاخردا چاکسازی بەڕێوەیە و چاوەڕوان دەکرێ کە حیزبی دێموکرات بۆ وەڵامی ئەم چاکسازییە گوتارێکی نەرم بەکار بێنێ، بەڵام ئەو شتە ڕوو نادا و بڕیاری ڕووخانی پاشایەتی هەر لە ئارادایە و حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی کردەوەیی گوتارەکەی خۆی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ دەکا، بە چەشنێک کە پاش ڕووخانی ئەم حکوومەتەش ئەم گوتارە وێڕای ئەوەی کە حیزب و لایەنی دیکەش دێنە مەیدانی سیاسەتی کوردییەوە، بەڵام هەر زاڵ دەمێنێتەوە و ئەو لایەنە نوێیانە نەخشی وردە گوتاری سیاسیی کورد لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا دەگێڕن، کە تا ئێستاش ئەم دۆخە وەک خۆی ماوەتەوە.

***

### سەرچاوەکان:

**کوردی**

– قاسملوو، عەبدولڕەحمان و عەبدوڵلا حەسەنزادە. (١٣٨١)، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**فارسی**

– آبراهامیان، یرواند. (١٣٨٣). ایران بین دو انقلاب. ترجمەی احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی. چاپ دهم. تهران: نشر نی.

– احمدی، قاسم. (١٣٨٧) جامعه شناسی تاریخی حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: فصلنامەی ڕوژڤ شماره ٨و٩و١٠.

– انتصار، نادر. (١٣٩٠). سیاست کردها در خاورمیانه. ترجمه عرفان قانعی فرد. تهران: نشر علم.

–ایگلتون، ویلیام. (١٣٦١). جمهوری ١٩٤٦ کردستان. ترجمەی محمد صمدی. مهاباد: انتشارات سیدیان.

– ایوبی، حجت الله. (١٣٨٧). شکاف های قومی و خشونت در پیکارهای سیاسی. تهران: فصلنامەی مطالعات ڕاهبردی. دوره اول، شماره ٢٣

–رضایی، یونس. (١٣٨٥). زبان عرصەی هویت زایی و هویت زدایی. مریوان: فصلنامەی زریبار. سال دهم، شماره ٦٠.

– رومانو، دیوید.(١٣٨٨). چالش های هویت جویی کردی و حکومت‌های ایران (از قاجاریه تا خاتمی)، ترجمەی منصور ساعی. تهران: فصلنامه ڕوژڤ، شماره ١١ و ١٢و ١٣.

– کوچرا، کریس، (١٣٧٣). جنبش ملی کرد. ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.

– فوران، جان. مقاومت شکننده. (١٣٨٥). ترجمه احمد تدین. تهران: مؤسسەی خدمات فرهنگی ڕسا.

– فرقانی، محمد مهدی. (١٣٨١) تحول گفتمان توسعه سیاسی در ایران از مشروطه تا خاتمی. تهران: فصلنامەی علوم اجتماعی، شماره ١٧.

– مک داول، دیوید. (١٣٨٠). تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات پانیذ.

– نادری، محمود.(١٣٩٤). حزب دموکرات کردستان ایران. تهران: مؤسسەی مطالعات و پژوهشهای سیاسی

**ئینگلیزی**

Lipset, S. M., & Stien, R. (1967).– Party Systems and Voter Allignment. .New York, US: Free Press

# بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستی لەبارەی «سیاسەتی زمان»ەوە



قادر وریا

**پێشەکی:**

هەڵسوکەوتی سیاسیی دەوڵەتان لە گەڵ زمان، مێژووەکەی بۆ پێش سەدەی بیستیش دەگەڕێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی چەمکی "سیاسەتی زمان" یا سیاسەتی زمانی" بۆ ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی دەوڵەتان و ناوەندەکانی بڕیار لە بارەی زمان یا زمانەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەیانە، لە سەدەی ٢٠دا، داکەوت.

لە ئێران، وا دیتە بەرچاو گۆڤاری "یادگار" بە سەرنووسەریی "عباس اقبال آشتیانی" لە یەکەم چاپەمەنییەکان بێ کە چەمکی "سیاسەتی زمان "یان بەکار هێناوە، واتە ڕچەشکێن بووە لەوەدا کە لەژێر ناوی ئەو چەمکە واتە "سیاست زبان" لە چۆنیەتیی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەرامبەر بە زمانەکانی وڵات بدوێ. ئەم گۆڤارە لە ژمارەی شەشەم، ساڵی دووهەم، ڕێبەندانی ١٣٢٤(ژانویە، فێوریەی ١٩٤٦)، سەروتارەکەی خۆی لەژێر ناوی "سیاست زبان" بۆ باس لە سیاسەتی زمان لە ئێراندا تەرخان کردووە. "یادگار" لەو گۆڤار و چاپەمەنییانەی ئێران بووە کە داکۆکییان کردوە لە "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" و "دەوڵەت – نەتەوەی ئێران" کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە کە زمانەکەی فارسییە، دامەزراوە.

هەر لەو سەردەمدا حەوتوونامەیەک لە تاران لە ژێر ناوی "کوهستان" بە زمانی فارسی دەرچووە (شێعر و بابەتی ئەدەبییشی بە کوردی تا ڕادەیەک تێدا بڵاو کراوەتەوە). سەرنووسەری "کوهستان" کوردێک بە ناوی دوکتور ئیسماعیل ئەردەڵان، خەڵکی سنە بووە. ئەم حەوتوونامەیە هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، بڵاو بووەتەوە. سەروتار و بابەتەکان و لاپەڕەکانی ئەو حەوتوونامەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە "کوهستان" تریبۆن و سەنگەری بەرگری لە خەڵکی کوردستان و لەقاودەری ستەم و پیلانی کاربەدەستان و دامودەزگا دەوڵەتییەکان لەدژی خەڵکی کوردستان بووە. بەرگریی لە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی کردووە و، لە هەر ژمارەیەکدا بەشێکی بەرچاوی لاپەرەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستانیشدا، بە گوتەی دوکتور عەبدوڵڵا مەردوخ، "بە تاقی تەنیا ئەرکی بەرگری لەو کۆمارە جوانەمەرگەی لە بەرامبەر ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی ئەو سەردەمەی گرتبووە ئەستۆ."

سەروتاری گۆڤاری "یادگار" لە بارەی سیاسەتی زمان لە ئێراندا، کە لە ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستیانە نووسراوە، دەکەوێتە بەر ڕەخنە و بەرپەرچدانەوەی بەجێی سەرنووسەری "کوهستان". لۆژیکی "عباس اقبال آشتیانی" ئەفشار، سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار"، ئەوەیە کە زمانەکانی دیکەی ئێران، زمان نین و لەهجەن و، پێویستە هەموویان پشتگوێ و پەراوێز بخرێن بۆ ئەوەی لە هێز و توانای زمانی فارسی کەم نەبێتەوە و ئەو زمانە توانای پاریزگاری لە شکۆ و مەزنایەتیی ئێرانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا هەبێ. ناوبراو داوای بەڕەسمی ناسین و خوێندن بەو زمانانە گرێ دەداتەوە بە دنەدانی بێگانەکان. لۆژیکی سەرنووسەری "کوهستان"، ڕێک بەپێچەوانەیە و، پێی وایە سیاسەتێک دەتوانێ مەزنایەتی و یەکپارچەیی ئێران بپارێزێ و ئەو وڵاتە بکا بە ڕووگەی نەتەوەکانی دیکە لە وڵاتانی دراوسێ، کە زمانە نافارسییەکانی ئێران بەڕەسمی بناسێ و ڕێگە بدا ئەو زمانانە لە قوتابخانە پێیان بخوێندرێ و هتد.

ئەوەی لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەیخوێننەوە ،هەڵبژاردەیەک لە هەر دووی ئەم نووسینانەیە کە کردوومن بە کوردی و، دەیخەمە بەر سەرنجی خوێنەران :



یادگار

بهمن ١٣٢٤ صفر – ربیع الاول ١٣٦٥ ژانویه – فوریه ١٩٤٦

مسائل روز

سیاست زبان

ملل بیدار کنونی همچنان که برای توزیع و نشر مصنوعات وکالاهای مادّی خود سیاستی اقتصادی دارند وباتأمین یك رشته طرق ارتباطیه و وسایل نقلیه این نوع امتعه و اشیاء را بسریع ترین وضع و با بهترین اصول در خارج از حوزهٔ حکومتی خود میفرستند برای نشر معنویات و محصولات فکری وذوقی خویش در میان بیگانگان نیز سیاستی مخصوص ؤمعقول را تعقیب میکنند که اهمیت آن ازسیاست اقتصادی ایشان اگر بمراتب بیشتر نباشد بهیچوجه کمتر نیست.

## سیاسەتی زمان بە گوێرەی ڕوانگە و ویستی سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار":

سەرنووسەری "یادگار" دوای پێشەکییەک لە بارەی گرنگیی زمان بۆ وڵاتێکی وەک ئێران دەنووسێ:

"...بە پێی ئەم پێشەکییە ئەگەر مەملەکەتی ئێمەش بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە و، لە مەیدانی خەباتی سیاسەتی زماندا، لانیکەم بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، دەبێ سیاسەتێکی زمانی هەبێ و بۆ ئەم کارەش نەخشەیەکی ژیرانە دابڕێژێ و بە ئیرادەیەکی پتەو، تێکەڵ بە تەدبیر و دووربینییەوە، بەڕێوەی ببا، بۆ ئەوەی لەم مەیدانەدا نەشکێ، چونکە ئەگەر خوانەخواستە لەم قۆناغەدا بشکێ و زمانێکی دیکە لە ئێران بە سەر زمانی فارسیدا زاڵ بێت، فاتیحا بۆ ئێران و ئێرانی دەنێردرێ. مەترسییەکی گەورە کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە زمانی فارسی دەکا، بێجگە لە مەبەستە ئیستیعمارییەکانی دەوڵەتە قازانجپەرستە زێدەخوازەکانی ئورووپایی کە هەرکات بیانەوێ بەهۆی هێزی لە ڕادەبەدەری ئەوان و لاوازیی ماددیی ئێمە، لەوانەیە وڵاتی ئێمە دابگرێ و بە زۆروزۆرداری، زمانی خۆیان بە سەر ئێمەدا بسەپێنن، دنەدانی ئەو دەوڵەتانە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی لەهجە خۆجێیەکان وەک زمانی ڕەسمی و گرنگیدان بە زمانی کەمایەتییەکان لە بەرامبەر زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی کە هەم زمانی زۆرایەتیی خەڵکە و هەم زمانێکە کە بەشێک لە بەرزترین هزر و زەوقەکانی جۆری مرۆڤی پێ داڕێژراوە. هەر ئەو کارەی کە لە ئەفغانستان بە دنەدانی تورکانی عوسمانی بۆ قووتکردنەوەی لەهجەی "پەشتوو" لە بەرامبەر زمانی فارسی کردیان و ئێستاش لە سەری بەردەوامن، هەر ئەو کارەش کە لە کوردستان و ئازەربایجان بە مەبەستی ڕەسمییەتدان بە کوردی و تورکی کردوویانە، هەموویان یەک شتن و زۆرتر بە مەبەستی پچڕاندنی هۆگریی حاشالێنەکراوی ئەو قەومە ئێرانییانە لەگەڵ برا فارسیزمانەکانیانە کە پێکەوە لەژێر ئاڵای دەوڵەتی ناوەندیی ئێراندا دەژین. لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی زمان و کردەوەی پێوەندیداردا، دەوڵەت دەبێ دوو ڕەهەندی لە بەرچاو بێ: یەکەم دەرەکی و دووهەم نێوخۆیی.

لە بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی لە دەرەوەی ئێران، دەوڵەت دەبێ ڕاست ئەو نەخشەیەی بێگانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی خۆیان لە وڵاتی ئێمە جێبەجێی دەکەن، بگرێتە بەر. لەو پێوەندییەشدا دەبێ زیاتر ئەو وڵاتانەمان مەبەست بێ کە پێشتر بەشێک بوون لە ئێران و هەتا ئەمڕۆش بەشێکی گرنگ لە خەڵکەکەیان بە زمانی فارسی قسە دەکەن و هۆگریی دەروونی و ڕەگەزیی خۆیان بە ئێرانیان پاراستووە، لە پاش ئەوان وڵاتانی ئیسلامی کە خەڵکەکەیان ڕۆژگاریکی دووررودرێژ لەگەڵ ئێرانییەکان پێوەندییان هەبووە و لەژێر سێبەری جۆرێک حکوومەت و جۆرێک شارستانەتی و ڕێوشوێندا ژیاون و، لە ڕاستیدا ئەندامی یەک بنەماڵەی گەورە بوون...."

نووسەر پاش ئاماژە بەو وڵاتانەی (تورکیە و قەفقازیە و تورکستان) کە ئەلفوبێی لاتینیان هەڵبژاردوە و بەم جۆرە لە نووسینی فارسی بە ئەلفوبێی عەڕەبی دایانبڕیون، هەر بۆیەش کارکردن بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی لەنێویاندا، زەحمەتە، دەپڕژێتە سەر عیراق و ئەفغانستان و بەلووچستان و هیندوستان و تەنانەت تەبەت و پاشان مەملەکەتەکانی شام و لوبنان و میسر و حیجاز کە سەرەڕای ئەوەی زمانیان عەرەبییە، هۆگریی دینی و مێژووییان لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەیە و کۆمەڵێک لە زانایانی ئەوان فارسی دەزانن یا مەزهەبیان شیعەیە، هەر بۆیە کارکردن لەنێویاندا زۆر هاسانە. "دەوڵەت دەبێ بە هۆی مەئموورانی سیاسی و مەئموورانی دیکە کە تایبەتی دەبێ بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانە بکرێن، هەوڵ بدا زمانی فارسییان لەنێودا بڵاو بکاتەوە، خەڵک بۆ فێربوونی ئەو زمانە بە شێوەی تایبەت هان بدا، گۆڤاری جوان و هەرزان بە زمانی فارسی بخاتە بەردەستیان، کتێبی فارسی بە چاپێکی شاز، بۆ فرۆش یا بەخۆڕایی ڕەوانەی ئەو وڵاتانە بکا، مامۆستا و ڕۆژنامەنووس و زانا و هەڵکەوتەیان ڕابکێشێ بۆ نێو ئێران و لە بەرامبەردا هەر لەو جۆرە کەسانەش بنێرێ بۆ نێو ئەوان و، بەردەوام لە گەڵ ئەو مەملەکەتانە لە پێوەندیی کەلتووری و ئەدەبیدا بێ."

عەبباس ئیقباڵ ئاشتیانی، سەرنووسەری "یادگار"، دواتر دێتە سەر ڕەهەندی نێوخۆیی سیاسەتی زمانیی پێشنیارکراوی خۆی بۆ دەوڵەت. خاڵی جێگەی سەرنج لەو باسەیدا، جگە لە بە "لەهجە" ناوبردنی زمانەکانی کوردی و تورکی و بەلووچی و تاوانبارکردنیان بەوە کە ئەدەبیاتێکی ئەوتۆیان نییە، جیاوازی دادەنێ لە نێوان ئەو زمانانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەفەرمی ناسراون و پێیان دەخوێندرێ، ئەو زمانانەش کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش هەر وەک ئێران لەژێر سەرکوتدان و بە ڕەسمی نەناسراون و ڕێگەیان پێ نادرێ پێیان بخوێندرێ. لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەو زمان و لەهجانەی لە ئێران باون و هەر کامێکیان کەم و زۆر ئاخێوەریان هەیە، هێندێک لەهجەی ئێرانیان تێدایە وەک تەبەری و گیلەکی و لوڕی و کوردی. و هتد. لقێکی دیکە زمانە نائێرانییەکانن وەک تورکی و عەڕەبی. لەهجەکانی لقی یەکەم چونکە هیچکامیان ئەدەبیاتێکی موعتەبەریان نییە و هیچ کاتیش زمانی دەوڵەتێکی بەهێز نەبوون و ئەمڕۆش لە دەرەوەی ئێران دەوڵەتێکی بەهێز نییە کە زمانە ڕەسمییەکەی یەکێک لەو لەهجانە بێ، دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی تایبەت بەوانی هەبێ. تەنیا دەبێ وریای ئەو پڕۆپاگەندە خراپە بێ کە لە دەرەوە لەنێو کوردەکاندا دەکرێ، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ژمارەیەک بەناو توێژەری قینلەدڵ کە بە شاردنەوە و گۆڕینی ڕاستییە مێژووییەکان تێدەکۆشن و ئیددیعا دەکەن کە کورد و لوڕ نەتەوەیەکی تایبەتن و لە ڕووی ڕەگەزەوە لەگەڵ ئێرانییەکان جیاوازن و هتد، مێشکی برایانی کوردمان تێکدەن و لە پێناوی گەیشتن بەو نیازە شوومانەی هەیانە، لەم سۆنگەیەوە، گرفتی سیاسییمان بۆ پێک بێنن.

بەڵام لە بارەی دوو زمانی عەڕەبی و تورکی کە لە بەشێکی مەملەکەتی ئێمە ئێرانییەکاندا باون و لە منداڵییەوە پێیان دەئاخفن و هەردوویان لە دەرەوە بە میلیۆنان ئاخێوەریان هەیە و زمانی دەوڵەتی بەهێز بوون و هەن و، لە دەرەوەی ئێران هەموو ڕۆژێ کتێب و ڕۆژنامە بەو زمانانە چاپ دەبێ و دەنگوباس و گوتاریان لەم سەر بۆ ئەو سەری دنیا پێ بڵاو دەبێتەوە، سیاسەتی دەوڵەت دەبێ زۆر ژیرانە بێ و پێویستە هەموو جۆرە پارێز و مشوورخواردنێکی لەگەڵدا بێ... نابێ بێ ئینساف بین. منداڵی ئازەربایجانی هەر لەو کاتەدا کە ئێرانییە و، نیشتمانی خۆشەویستی خۆی، ئێران و شانازییەکان و بەرهەمەکانی خۆش دەوێن، چونکە لە ژینگەیەکی تورکزماندا لەدایک بووە و هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە بێجگە لە تورکی هیچی دیکەی نەبیستووە، چ گوناهێکی کردووە ئەگەر فارسی نەزانێ و هەموو کات تورکی، بەو هۆیەوە کە باشتر لێی تێدەگا و هاسانتر قسەی پێ دەکا، بخاتە پێش زمانی فارسی؟ ئەمڕۆ نەفەرێکی ئازەربایجانی بۆ بیستنی هەواڵ و دەنگوباسی گشتیی دنیا و زانیاری وەرگرتن، سروشتییە گوێ دەداتە ڕادیۆ باکۆ یا ئانکارا. لە ئاکامدا هەر پڕۆپاگەندەیەکی لەم دوو ڕادیۆیەی گوێ لێ بێ، کەم و زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان. کەمتر گوێ لە ڕادیۆ تاران دەگرن کە بەدبەختانە هەم لاوازە و هەم بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە نییە. بۆ ئاخێوەرانی زمانی عەرەبییش لە خوزستان و بەحرەین و دوڕگەکانی خەلیج لە پێیەندی لەگەڵ ڕادیۆی بەغدادا، دۆخەکە هەر بەم جۆرەیە.

بەو هۆیەوە کە لە ئێران زمانەکانی تورکی و عەرەبی ناتوانین بە هاسانی وەلا بنێین، هەر لە جیدا وەک گوتمان دەستبردن بۆ کارێکی وا هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، دەوڵەت دەبێ بەو پەڕی شەهامەتەوە ڕێگە بدا بە خەڵکی ئازەربایجان و ئەو ناوچانەی زۆرینەی خەڵکەکەیان بە عەرەبی قسە دەکەن، لە قوتابخانەکانیان هەتا تەمەنێکی دیاریکراو، بە زمانی خۆجێی خۆیان بخوێنن. دواتر لە قۆناغی ناوەندی و بەرزتر بە فارسی دەرسیان پێ بڵێن.... هەوڵ بدەن منداڵانی ئێرانی کە بەهۆی ڕووداوە مێژووییەکان ناچار کراون بە عەرەبی یا تورکی بدوێن، بە گیانێکی ئێرانی پەروەردەیان بکەن وهەر کە گەیشتنە تەمەنی باڵغبوون، لە چەنگی پڕۆپاگەندەی هاوزمانانی خۆیان دەربیان بێنن و وەها هەڵسوکەوت بکەن کە خەڵک بەرەبەرە منداڵی خۆیان ناچار بکەن واز لەو زمانانە بێنن و وردە وردە ئاوی ڕۆیشتوو بگەڕێننەوە نێو جۆگەی."

## بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی سەرنووسەری گۆڤاری "یادگار" لە لایەن حەوتوونامەی "کوهستان"ەوە:

وێدەچێ یەکەم بەکارهاتنی چەمکی "سیاسەتی زمانی"لە چاپەمەنیی سەر بە کوردەکانی ڕۆژهەلاتیش، هەر ئەو وڵامە بێ کە سەرنووسەری حەوتوونامەی "کوهستان" دوکتور ئیسمەعیل ئەردەڵان، بەم نووسینەی گۆڤاری "یادگار"ی داوەتەوە. دوکتور ئەردەڵان لە سەروتاری ژمارە ٤٥، ساڵی یەکەم، دووشەمە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(فێوریەی ١٩٤٦)ی حەوتوونامەی "کوهستان"، هەر لەژێر سەردێڕی "سیاست زبان" بەرپەرچی هێندێک لە بۆچوونەکانی مەحموود ئەفشاری دەداتەوە و دەڵێ:

"لەوانەیە بەڕیزی سەبارەت بە هۆگرییەکی زۆر کە بە برایانی کوردی ئێرانیی خۆی هەیەتی، نەیویستووە مەسەلەکە بەو جۆرە کە شیاو بووە، شی بکاتەوە، لەوانەشە ئەگەر زیاتر چووبایە نێو باسەکە، ناچار بوایە حەق بە وانیش بدا هەر وەک برایانی ئازەربایجانی کە "هەموو کات تورکی" (بەو هۆیەوە کە باشتر لیی تێ دەگەن و هاسانتر قسەی پێ دەکەن) لە فارسی بە گرنگتر بزانن، یا وەک "ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی لە خوزستان و بەحرەین و دووڕگەکانی خەلیج"، مافی پێ دەدان و ڕەزامەندیی دەفەرموو "لە قوتابخانە هەتا تەمەنێکی دیاریکراو، بە زمانی خۆجێی خۆیان، منداڵانیان فێر بکەن."

لەو سەروتارەی "کوهستان"دا هەروەها هاتووە: "زۆر جێگەی داخە کاتێک یەکێک لە زاناکانی وڵات دەست دەداتە قەڵەم و دەیەوێ لەبارەی پرسێکی گرینگ ڕێنوێنی بدا، لە حاشاکردن لە ڕاستییە ڕوونەکانەوە دەست پێ دەکا و، لەبارەی پرسێکی ئاشکرای وەک ئەدەبیاتی کورد وەک بابایەکی بێخەبەر بیروڕا دەردەبڕێ. بۆ ئیعتیباری ئەدەبیات و زمانی کوردی بەڵگەی زۆر هەن. مێژوونامە، دیوانی شاعیران و کتێبی جۆراوجۆر زۆرن، بەڵام بۆ ئەوەی کاکی نووسەر زەحمەتی گەڕان لەنێو کتێبخانەکانی نەکەوێتە بەر، بگەڕێتەوە سەر ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەکان و، ئەم ژمارەیەی ئێستاش و بابەتی "چاوخشاندن بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردیدا " بخوێنێتەوە کە نووسەرەکەی ژنێکی فەرانسەییە و وێشدەچێ بێلایەن بێت (چونکە ناکرێ بڵێی داوای سەربەخۆیی کوردی کردووە)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بۆت دەرکەوێ ئەدەبیاتی کوردی هەرنەبێ کەمێک ئیعتیباری هەیە.

بەڵام ئەوە کە "دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی تایبەتی لەو بارەوە هەبێ" بە بڕوای ئێمە ئەم بیروڕایە لە حاشاکردن لە ئەدەبیاتی کوردی، خراپترە. بەپێچەوانەوە ئێمە لەو بڕوایە



بهیچ حزب دسته یاجمعیتی بستگی ندارد

نامهٔ هفتگی کوهستان

صاحب امتیاز ومدیر مسئول دکتر اسمعیل اردلان.

سال اول — شماره ٤٥ ٢شنبه ١٥ بهمن ١٣٢٤ تکشماره ٤ ریال

((سیاست زبان))

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

# وەرزی خەزانی مافی مرۆڤ لە کوردستان

**[ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئیستا ١٥٠ کۆڵبەر بە دەستڕێژی هێزە چەکدارەکان کوژراون یان بریندار بوون، هەروەها ٣٥١ کەس گیراون و ٣٢ بەندیی کورد ئێعدام کراون]**

بە پێی بانکی زانیاریی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەم مانگی هاوینی ئەمساڵدا لانیکەم ١٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ، یان بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. لەو ١٦ کاسبکارە ٨ کەسیان بریندار بوون و ٨ کۆڵبەریش کوژراون. کوژران و برینداربوونی ١٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە مانگی پووشپەڕ لەحالێکدایە کە لە ماوەی سێ مانگی هاوینیشدا ٨١ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. کە ٢٢ کەسیان کوژرابوون و ٥٩ کۆڵبەریش بریندار ببوون. هەروەها لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیشدا ٥٣ کۆڵبەری کورد کەوتبوونە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ١٥ کەسیان کوژرابوون و ٣٨ کۆڵبەریش بریندار ببوون. بەو پێیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئیستا ١٥٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیم کە ٤٥ کەس لەوان کوژراون و ١٠٥ کەسیان بریندار بوون. شایانی باسە کە لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)یشدا ٢٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا یا بریندار ببوون. لەو ٢٢٦ قوربانییەی ساڵی ڕابردووی هەتاوی ٨٠ کەسیان کوژرابوون و ١٤٦ کەسیش بریندار ببوون.

لەو یەک مانگ و نیوەدا هەروەها ٤ زیندانیی کورد ئێعدام کراون. "چاونیوز" ڕایگەیاندووە کە ئەم ٤ کەسە بە تۆمەتەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون. ئێعدامکرانی ئەو ٤ بەندکراوە لەو ماوەیە لە حاڵێک دایە کە دەزگای قەزایی ڕێژیم لە شەش مانگی هاوین و بەهاری ئەمسالیش‌دا ٢٨ بەندکراوی کوردی لەدار دابوو، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئیستا ئێعدام کراون لانیکەم ٣٢ کەس بووە. ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩یشدا لانیکەم ٤٩ کەس بووە کە چوار کەس لەوان بەندیی سیاسی بوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە سەرەتای پاییزەوە تا ئێستا لانیکەم ٥٨ کەسیان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاری‌کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی "چاونیوز" لەو ٥٨ کەسە ١٩ کەسیان دادگایی و سزای چوار مانگ هەتا ١٣ ساڵ (سەرجەم ٧١ ساڵ و ٧ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە وەرزی بەهاریشدا ١٢٦ کەس و لە وەرزیش هاوینیشدا ١٦٧ کەسیان لە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گرتبوو، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون ٣٥١ کەس بووە. جێی بیرهێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩) یش لانیکەم ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئیتلاعاتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٦٤٠ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٨٩ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ هەتا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ (زیندان سەرجەم ٨٨٢٥ مانگ) و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.

لە یەک مانگ و نیوی پاییزی ئەمساڵدا لانیکەم ٨ کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون کە "چاونیوز" ناو و شوناسی ٤ کەس لەوانی ئاشکرا کردووە. لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە ٢٥ قوربانیی وەرگرتبوو کە چاونیوز شوناسی ١١ کەس لەوانی ئاشکرا کردبوو. بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون یان بریندار بوون لانیکەم ٤٠ کەس بووە کە شوناسی ١٥ کەس لەوان زاندراوە. ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٥٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٣١ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بووە. بەپێی زانیارییەکانی "چاونیوز" لەو ٣١ کەسە ٢١ کەسیان بریندار و نقوستان و ١٠ کەسیشیان گیانیان لەدەست دابوو.

لەو ماوەیەی پاییزدا زیاتر لە ٢٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتوە کە شوناسی ١٠ کەس لەوانی ئاشکرا بووە. لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ساڵیشدا سەرەتای ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتبوو کە "چاونیوز" شوناسی ٧١ کەس لەوانی تۆمار کردبوو، بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە کوردستان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە خۆکوشتن کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە و بە ناونیشانیان زاندراوە، لانیکەم ٨١ کەس بووە. ساڵی ڕابردووش لانیکەم ١٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو ببوو.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا دەیان کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ماوەیەدا ناو و ناسناوی لانیکەم ٣٨ کرێکاری کوردی ئاشکرا کردوە کە بەهۆی جۆراوجۆری وەک سووتان، بەربوونەوە لە بەرزایی و برق گرتوویی گیانیان لە دەست داوە. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری کرێکاران لە کوردستان کرێکاری وەرزی و هەروەها بیمەنەکراون و هیچ ناوەندێکی یاسایی چاودێرییان ناکا، کەمتر هەواڵی گیان‌لەدەستدان و برینداربوونیان مێدیایی دەکرێ.

# زیندانیی سیاسی و ئەرکی کۆمەڵگە


عومەر باڵەکی

**زیندانیی سیاسی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا خاوەنی کەمترین ماف نییە و لە دادگاکاندا وەک تاوانبارێک کە زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوی بە کۆمەڵگەی خۆی گەیاندبێ چاوی لێ دەکرێ و سزای توندی بەسەردا دەسەپێندرێ. ئەمە سیاسەتی نیزامی دەسەڵاتدارە، بەڵام ئەوە ئەرکی کۆمەڵگە و بەگشتی ڕووناکبیر و چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کۆمەڵگەیە کە خاوەندارەتیی لە پرسی بەندکراوانی سیاسی و ئەو مرۆڤە لەخۆبووردووانە بکەن کە ژیانیان لەپێناو پرسەکانی کۆمەڵ داناوە**

لە سەردەمی ئیستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیان دایە و بەشێکی زۆری وڵاتان لەو پێشکەوتنەدا، توانیوایانە بە باشترین شێوە بە قازانجی دابینکردنی خۆشبژیوی خەڵکی خۆیان کەڵک وەربگرن و کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیر لەڕووی ئەمنیەتییەوە بۆ خۆیان بونیاد بنێن، شتێک بە ناوی تاوانی سیاسی نییە. خۆ ئەگەریش لە هەندێ لەو وڵاتانەش تاوانی سیاسی مابێ و هەبێ، لە قانووندا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ کراوە و سزاکەشی لەلایەن قانووندانەرەوە بەوردی دەستنیشان کراوە. بەڵام بەداخەوە ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنە مرۆییانە هەموو وڵاتانی دنیای نەگرتووەتەوە و ئێستاش هەن و زۆرن ئەو دەوڵەت و نیزامە سیاسییانەی کە نایانەوێ خۆیان لەگەڵ ئەو نەزم و بایەخە جیهانداگرە ڕێک بخەن. لەبەر ئەوەش کە ئەو جۆرە نیزامانە لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون و ئیرادەی گشتی و متمانەی دەنگی خەڵکیان لەپشت نییە، هەربۆیە لە قامووسی دەسەڵاتداریی ئەو سیستمانەدا دەستەواژەی تاوانی سیاسیی بە بەربڵاوی بەرگوێ دەکەوێ و ئەو کەسانەی بە تاوانی سیاسییەوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتیەکانەوە دەستبەسەر دەکرین لە دادگاکاندا قورسترین سزایان بەسەردا دەسەپێندرێ. سزادانی بەندکراوان کە ئەکتیڤیستی سیاسین بە تاوانی سیاسی لە حاڵێک دایە کە ئەو کەسانە هەرچی کردوویانە و ئەوەی گوتوویانە و لەسەری سزا دەدرێن، بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسیی نەبووە؛ بەڵکوو لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکەوە بووە.




کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا دەکەوێتە دەستەی دووهەم لەو ڕیزبەندییە کە نەک هیچ پەرەسەندن و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر نەکردووە، بگرە لە ماوەی زیاتر لە ٤٢ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا گرتن و ئەشکەنجە و حوکمدان و ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی هەواڵی ڕۆژانە و مانشێتی مێدیاکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات یەک لەو وڵاتانەیە کە سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهای بایەخەکانی مافی مرۆڤ و ئەو گوشارانەی بەسەر چالاکانی سیاسییدا دەیسەپێنێ، لەلایەن شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕیپۆرتەری تایبەتیی بۆ دیاری کراوە. ڕۆژی دووشەممە، ٣ی خەزەڵوەر بوو کە جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری شوورای مافی مرۆڤ لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تازەترین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی زیندانیانی سیاسی پێشکێش کرد. ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا هەر هەموو پێکهاتەی قەزایی دەزگای دادی ڕێژیمی بردە ژێر پرسیار و قامکی لەسەر ئەو خاڵە هەستیارە دانابوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا و سەرەڕای زەبروزەنگی زۆر لەسەر چالاکانی سیاسی، دژبەرانی سیاسیی ڕێژیم یان ئەو کەسانەی بە تاوانی! نارەزایەتی لەدژی دەسەڵات دەگیرێن تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز و "بەغی"یان دەدرێتە پاڵ و بەو هۆیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێ.

ڕێپۆرتەری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤ بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران ئەوەشی گوت کە پێشێلکارانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا لەبری لێپرسینەوە و سزادان پلەیان بەرز دەکرێتەوە و بەرپرسایەتیی هەستیاریان دەدرێتێ کە برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری نوێی ئێران کە نازناوی قازیی ئێعدامی دراوەتێ، یەک لەوانە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و پێشێلکەری مافی هاووڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتە، بەڵام بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمەوە بۆ کوردستان چالاکانی سیاسیی کورد لەو "خۆشەویستی و مێهر و عتووفەتە ئیسلامی"یەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی پشکی شێریان بەردەکەوێ.

نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێران بەگشتی و دەزگای دادوەری بە تایبەتی پەروەندەی هەموو ئەو تێکۆشەر و چالاکانەی بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزی لە کوردستان بە تاوانی ئەمنییەتی! چاو لێ دەکەن و ڕوون و ئاشکراشە کەسێک بە تاوانی ئەمنییەتی دەستبەسەر کرابێ حوکمی قورسی بەسەردا دەسەپێندرێ. دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بە دانانی فەڕق و جیاوازییی زۆر زەق ئەو ڕەخنانەی لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی کوردستان لە دەسەڵات یان کاربەدەستێکی ڕێژیم دەگیرێ، بە ئەکتی سیاسی دادەنێ و وەک تاوانی سیاسی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا؛ بەڵام هەمان ڕەفتار و کردەوەی چالاکێکی سیاسیی کورد بە تاوانی ئەمنیەتی پێناسە دەکرێ و کەسی گۆرین بەرەوڕووی سزای قورس و تایبەت دەکرێتەوە.

بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان کەسی سیاسی لە کاتی دەستبەسەرکران و لە زیندان و لەبەردەمی دادگادا کۆمەڵێک مافی هەیە کە تاوانبارکراویکی ئەمنییەتی لەو مافانە بێبەشە. هەربۆیەشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نزیک بە ٣٨ ساڵ گوێی خۆیان لە پێناسەکردنی تاوانی سیاسیی ئاخنی. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەسلی ١٦٨ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی پەسندکراوی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، باس لە چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن و دادگایی‌کردنی تاوانباری سیاسی دەکا: "پێڕاگەیشتن بە تاوانی سیاسی و چاپەمەنی و ڕاگەیەنەگشتییەکان دەبێ بەشێوەی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی هەیئەتی مونسیفە لە دادگاکاندا بەڕێوە دەچێ. شێوەی هەڵبژاردن و مەرج و سەڵاحییەتی هەیئەتی مونسیفە پێناسەی تاوانی سیاسی، قانوون بەپێی ڕێوشوێنەکانی ئیسلامی دەستنیشانی دەکا."

بەدەر لەوە کە ئەو ئەسڵە لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا خاڵی بەهێز و لاوازی چییە، ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەمەیە کە لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەسڵە قانوونییە کراوە. هەروەها دەبینین کە لە هیچ دادگایەکی تۆمەتبارکراوانی سیاسیدا نەک هەیئەتی مونسیفەیەک نەبووە، بەڵکوو قازی پەروەندە حوکمی لەپێشدا دیاریکراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بەسەر تۆمەتباردا سەپاندووە. لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامیدا هیچ تاوانبارکراوێک دەستی بە پارێزەر ڕاناگا و ئەگەر دەستیان بە پارێزەریش ڕاگەیشتبێ، دادوەری لێکۆڵینەوە، یا قازیی پەروەندە بە بیانووی جۆراوجۆر ئیزن نادەن پارێزەر دەستی بە نێوەرۆک و هەموو وردەکاریی پەروەندەکە ڕابگا. تەنانەت کەم نین ئەو پارێزەرانەش کە لە سۆنگەی بەدواداچوون و پێداگرییان لەسەر مافی بریگرتەکانیان دەسبەسەر و زیندانی کراون و لە پەروەندەکە دوور خراونەتەوە.

بەپێی ماددەکانی ١٨ هەتا ٢٢ی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، هەموو ئینسانێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بیر بکاتەوە و بۆچوونەکانی خۆی دەرببرێ و بانگەشەشی بۆ بکا. هەروەها مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی دین و مەزهەبدا ئازادن و مافی ئەوەیان هەیە بۆ بەشداری لە بەڕێوەبەری و ئیدارەدانی وڵاتدا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئازادانە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و مافی بێ ئەملاوئەولای هەر هاووڵاتییەکە ئەمنییەت و ئاسایشی لەلایەن دەوڵەتەوە پارێزراو بێ. ئێران کە لە ١٠ی دیسامبر ١٩٤٨یەکێک لەو ٤٨ وڵاتە بووە دەنگی بە جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ داوە، بەپێی هەموو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان نیزامی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە دەبوایە پابەندی ئەو بەڵێن و ئیمزایە بن کە دواتر لە چەند کۆنڤانسیۆنی دیکەشدا ڕەگەڵی کەوتوون. بەڵام بەکردەوە یان خۆی لە نێوەرۆکی ئەو پەسندکراوانە دزیوەتەوە، یان بەزەقی و بەئاشکرا پێشێلی کردوون.

**پوختەی مەبەست:**

زیندانیی سیاسی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا خاوەنی کەمترین ماف نییە و لە دادگاکاندا وەک تاوانبارێک کە زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوی بە کۆمەڵگەی خۆی گەیاندبێ، چاوی لێ دەکرێ و سزای توندی بەسەردا دەسەپێندرێ. ئەمە سیاسەتی نیزامی دەسەڵاتدارە، بەڵام ئەوە ئەرکی کۆمەڵگە و بەگشتی ڕووناکبیر و چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کۆمەڵگەیە کە خاوەندارەتیی لە پرسی بەندکراوانی سیاسی و ئەو مرۆڤە لەخۆبووردووانە بکەن کە ژیانیان لەپێناو پرسەکانی کۆمەڵ داناوە. زیندانیی سیاسی خۆی و بنەماڵەکەی نابێ لەبیر بکرێ، دەبێ بەردەوام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت بەندکراوانی سیاسی لەقاو بدرێ و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی بەندکراوانی سیاسی و هەوڵدان بۆ پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەکانیان بەردەوام بێ.

بەداخەوە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا ئەگەر لەلایەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دەنگی ئازادیخوازی و مافویستیی لە کۆمەڵگەی کوردستانی سەرکوت کردووە، کۆمەڵگە ئێران لە ئاستی گشتیی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لە بەرامبەر ئەو زوڵم و غەدرەی لە چالاکی سیاسیی کورد دەکرێ بێدەنگ بووە، ئەو بێدەنگبوونەش وای کردووە کە دەستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ سەرکوت لە کوردستان ئاوەڵا بێ. بۆ ئەمە نموونە زۆرن کە سەرەڕای ئەوەی گرتن و حوکمدانەکان لە کوردستان بەپێی حەشیمەت لە کوردستان چەندقاتی ناوچەکانی ئێرانن، بەڵام زیندانیی سیاسیی کورد پشتگوێ‌خراو و لەبیرکراوترینیشە. تەنانەت مێدیای ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیش بەشێکە لەو کرۆماتییەی بەسەر کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستاندا سەپاندوویانە و زۆرجار ئەم ڕەخنە قورسەیان دێتەوە سەر کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەکان و ئەکتی سیاسی بەتایبەت لە کوردستاندا، ڕوانگە و ڕەفتاری بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆن و مێدیاکانیان لەگەڵ نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتدا هاوتەریبی یەکتر دەچێتە پێش.

ئەم دۆخە تراژیدیکە وا دەخوازێ کە تاک بە تاکی کورد، کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە هەموو توانا و ئەرکوەخۆگریی خۆیانەوە لە بەرانبەر زیندانیانی سیاسیدا هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و ڕۆڵە بوێر و بەهەڵوێستەکانی خۆیان کە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە سەنگەری خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەکەیان، بەخاوەن بکەن.

# لە سەکۆی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ۹۸ەوە بۆ ئێستا



سمایل شەرەفی

**ئەگەر لەلایەک نەبوونی ئالترناتیڤ و ڕێبەرییەک بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان مەترسی و هەڕەشە بووە، لەلایەکی دیکەوە، گەڕان بە دوای جێگرەوەی ئەم نیزامەدا لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات و لەنێو ئەو هێز و لایەنانەدا کە بە دەیان ساڵە بە فکر غایب لە شەقامەکانی ئێرانن، زۆر خەسارهەڵگریشە**

**بیرهێنانەوە**

سێ ساڵ پێش ئێستا و لە نیوەی دووهەمی مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨ هەتاویدا، زنجیرەیەک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەبۆنەی یەکجێ سێ هێندە گرانکردنی نرخی بێنزین هاتنە ئاراوە، کە جێی خۆیەتی بۆ هەمیشە لەبیرماندا بمێنی و نەهێڵین گەردی فەرامۆشیی لێ بنیشێ.

شەوی ٢٣ لە سەر ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی نرخی بێنزین لە ئێران سێسەد لە سەد بەرز بوویەوە و لە لیتری ١٠٠٠ تمەنەوە بوو بە ٣٠٠٠ هەزار تمەن و بەم هۆیەوە لە نزیک بە ٣٠ پارێزگا و زیاتر لە ١٣٠ شاری ئێران و کوردستان، خەڵک بە ڕژانە سەر شەقامەکان و بە بەرزکردنەوەی دروشمی جۆراوجۆر، ناڕەزایەتیی توندی خۆیان بەو دۆخە دەربڕی.

ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر و دوای بچڕانی هێڵی ئینترنێت لە سەرانسەری ئێران بە بڕیاری ڕاستەوخۆی شورای ئەمنیەتی میللی، پەلاماری دڕندانەی هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر خۆپیشاندەران دەستی پێ کرد و شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان خەڵتانی خوێن کرا. بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی لێبوردەیی جیهانی و هەواڵدەرییەکانی وەک ڕویتێرز لە ئاکامی ئەم سەرکوتکارییانەدا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران گیانیان لێ ئەستێندرا، زۆر لەوەندە زیاتر بریندار بوون و پتر لە ٧٠٠٠ کەسیش دەستبەسەر کران. بێگومان هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هێزە سەرکوتکەرەکان بەرانبەر بە خۆپیشاندەران لە شارەکانی کوردستان توندوتیژتر و بێڕەحمانەتر لە شوێنەکانی دیکە بوو. لە شارەکانی مەریوان، جوانڕۆ، بۆکان و کرماشان خۆپیشاندەران کەوتنە بەر ئاگری ڕاستەوخۆی چەکە جۆراوجۆرەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و لە ئاکامدا ٢٠ کەس گیانیان لێ ئەستێندرا.

دیسان وەک هەمیشە دەسەڵاتی سەرکوتکەری تاران هۆکاری ئەم ناڕەزایەتییانەی خستە ئەستۆی "پیلانگێڕییەکانی دەوڵەتانی بێگانە و دەستوپێوەندیی دوژمنانی نیزامی ئیسلامی" و سەرکۆماری ئەوکاتیش (حەسەن ڕوحانی) بە ڕاگەیاندنی بێئاگاداربوونی خۆی لە بەرزبوونەوەی نرخی بێنزین، هەموو بەرپرسایەتییەکی لەسەر شانی خۆی داماڵی.

***

**دیسان پرسیارە هەمیشەییەکە ئەوەیە: بۆچی حەرەکەت و هەڵوێستی دژبەرانەی بەرەی خەڵک تا ئێستا ئاکامی دڵخواز و ئامانجی یەکجارەکیی خەڵکی ئێران کە لاچوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ئەمڕۆییە، لێ ناکەوتۆتەوە؟**

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر ئەم ناڕەزایەتییانەدا تێپەڕ دەبێ و بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی تەواو ئەمنیەتی و سپایی و بوونی ڕەئیسی وەک بڕیاردەرێکی جنایەتەکانی دەیەی شەستی هەتاوی بە سەرکۆماری ئێران، سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەین، کۆمەڵە پرسیارێک لەسەر نێوەڕۆکی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، ڕەوت و مەسیری ئەم ناڕەزایەتییانە و داهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانە لە ئێران و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی ئێران دێتە ئاراوە کە حەق وایە بە وردبینییەوە وڵام بدرێنەوە.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران دژ و نەیاری کۆی ماهییەت و سیستەمی کۆماری ئیسلامین و تازەترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە، ڕووەرگێڕان و بەشداری نەکردنیان لە تازەترین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بوو کە بەپێی ڕاگەیاندراوی خودی وەزارەتی نێوخۆی ئێران، خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری کە ڕەئیسیی تێدا کرایە سەرکۆمار، نزمترین ئاستی بەشداریی خەڵکی لە ٤٢ ساڵی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەدا تێدا تۆمار کراوە. کەوابوو خەڵکی ئێران تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ئەم نیزامەدا لە باوەڕ و ڕوانیندا یەکلایی کردۆتەوە و بەکردەوەش لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری وەک ناڕەزایەتی دەربڕین و پێکهێنانی حەرەکەتی ئێعترازی و بەشداریینەکردن لە هەڵبژاردنەکان، لەمێژە ئەم پەیامەیان گەیاندووە.

لێرە پرسیارە هەمیشەیی و زەروورییەکە کە لەوانەیە وڵامدانەوەی لە تاقەت و دەفەتی ئەم وتارەدا نەبێ و تەنیا ئاماژەیەکی کورتی لەسەر دەهێنینە بەر باس، ئەوەیە کە؛ بۆچی حەرەکەت و هەڵوێستی دژبەرانەی بەرەی خەڵک تا ئێستا ئاکامی دڵخواز و ئامانجی یەکجارەکیی خەڵکی ئێران کە لاچوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ئەمڕۆییە، لێ ناکەوتۆتەوە؟!



وێنەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ۹۸ لە کوردستان

وڵامدانەوە بەم پرسیارە کە تا ئێستا کەمیشی لەسەر باس نەکراوە، ڕەهەند و بواری جۆراوجۆری هەیە کە لەوانەیە ڕیشەی لە ڕووداوە مێژووییەکانی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هەبێ کە بێگومان کاریگەریی هۆکارە پێکهاتەیی، سیاسی، فەرهەنگی، مەزهەبییەکان شوێنەواری تایبەت بە خۆیان داناوە. بەڵام بە وردبوونەوە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی لانیکەم ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو و، بەسەرنجدان بە نێوەرۆکی داواکاریی و کەیفییەتی درووشمەکانی خۆپیشاندەرانی ئەم چەند ساڵەی سەر شەقامەکانی ئێران، هەست بە کەمایەسییەکی حاشاهەڵنەگر لە ناڕێکخراوبوونێکی سیاسی و تەشکیلاتی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییان دەکرێ. بە مانایەکی دیکە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران لەگەڵ ئەوەی کە ماهییەتێکی دژبەرانەیان بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات تێدا بە بەهێزی بەدی دەکرێ، بەڵام لەڕووی ڕێکخستن و نێوەڕۆکی داواکاریی و دوورەدیمەنەوە، بەبێ نەخشەڕێگا و پلان دەڕواتە پێشێ.

نەبوونی نەخشەڕێگا و پلانی وڵامدەر کە پێوەندی بە مەسەلەی ئالترناتیڤ و جێگرەوەی دەسەڵاتی مەجوودەوە هەیە، باسێکی تازە نییە و بەردەوام نەبوونی وەک کەمایەسییەکی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی و خەباتە گشتییە سەرانسەرییەکە دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران باسی لەئارا دایە. ئەگەر لەلایەک نەبوونی ئالترناتیڤ و ڕێبەرییەک بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان مەترسی و هەڕەشە بووە، لەلایەکی دیکەوە، گەڕان بە دوای جێگرەوەی ئەم نیزامەدا لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات و لەنێو ئەو هێز و لایەنانەدا کە بە دەیان ساڵە بە فکر غایب لە شەقامەکانی ئێرانن، زۆر خەسارهەڵگرە. لە ئێستادا بۆ کەس جێگای شک و گومان نییە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران و بە تێکڕای گەلانی ئەم وڵاتە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان ناوێ، بەڵام لە بەرانبەریشدا لەوەدا ماونەتەوە کە بۆ داهاتووی ئیدارەی ئەم وڵاتە پشت بە چ کەس و لایەنێک ببەستن و ئالترناتیڤێکی متمانە پێکراو شک نابەن، ئەگەر خەڵکی ئێران لە سەر ئاستی سەرانسەری ئەم وڵاتەدا هەست بەوە بکەن کە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن توانای ئەوەی هەیە ببێتە ئەو هێزەی کە متمانەی پێبکەن، بەدڵنیاییەوە خستن و لادانی کۆماری ئیسلامی کارێکی دژوار نابێ.

خەسارەکەش خۆ هەر ئەوە نییە کە بە گەڕان بە دوای ڕزگاریدەر لە دەرەوەی سنوورەکان، کار لە بێمتمانەبوون بە هێزی نێوخۆی وڵات و پاسیڤ کردنی دەکرێ، بەڵکوو ئەم دۆخە مەجال بۆ دەسەڵاتی حاکم دەرەخسێنێ کە بە ئارەزوو و مەبەستی خۆی هەوڵی مودیرییەتی ناڕەزایەتییەکان و بەلاڕێدابردنیان بدا کە لە هەردوو حەڕەکەتە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ساڵانی ٩٦ و ٩٨دا کردی و تا ڕادەیەکیش تیایاندا سەرکەوتوو بوو. دروووشمەکان دەستکاری کران و داواکارییەکان گۆڕدران و ئاراستەی ناڕەزایەتییەکانیان بە تێخراندنی کەسانی سەربەخۆیان بۆ نێو ڕیزی خۆپیشاندەران گۆڕی و لە هێندێک شوێن خەڵکیان بەگژ یەکدا کرد و لە هێندێک شوێنی دیکە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کران بە بەشێک لە کێشە و ناکۆکیی نێو باڵەکانی ڕێژیم.

بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵک لەم ناڕەزایەتیانەدا جیا لە لاوازی و بێتوانایی لە چارەسەرکردنی کێشەکان، هەستکردن بە دابەزینی ئاستی مەقبولییەتی لە نێو خەڵک و لە دەستدانی مەشروعیەتی سیاسی، ناتوانێ مانایەکی دیکەی هەبێ. لە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨دا هێزە سەرکوتکەرەکانی تەنیا بە باتۆم و شۆکەر و گازی فرمێسکڕێژ و تەنانەت چەکە سووکەکانی وەک دەمانچە و کڵاشینکۆف، پەلاماری خەڵکیان نەدا، بەڵکوو لە هێندێک شوێنی وەک مەشهەد و مەریوان بە چەکی نیوەقورسی وەک دۆشکا و تیربار خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژ و گیانی سەدان کەسیان ئەستاند.

ئێستا کە هەر سێ دەزگای ئەسڵیی ئەم نیزامە یەکدەستتر بوونەتەوە و ڕاستەوخۆ و زیاتر لە جاران لەژێر ئەمر وفەرمانی بەیتی ڕێبەری دان، هیچ گومانی تێدا نییە هاودەنگ و توکمەتر لە هەمیشە خۆیان بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خەڵکی ئامادە کردووە و هەر ئەم هەوڵی یەکدەستکردنە نیشان لە ترسی نیزام لە ڕق و بێزاریی جەماوەری خەڵکە.

سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی خەڵک لە هەلومەرجی ئێستای نێوخۆی وڵاتدا کە هاوکات لەگەڵ زۆر کێشە و قەیرانی جۆراوجۆر کە بەرۆکی ڕێژیمی گرتووە و توانای چارەسەرکردنیانی نییە، بە [مێحوەرییەتی]ی کێشەی ژیان و گوزەران (قەیرانی ئابووری) کە لەوپەڕی خراپی خۆی دایە و دۆخی تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگە بەهۆی کرۆناوە، هەروا ئاسان نابێ. ڕێژیم لەو دوو ساڵەدا هەوڵی داوە بە مودیریەتکردنی قەیرانی کۆرۆنا و فشاری ئابووری، خەڵکی ناچار بە گۆشەگیری و دەرگیر لە گەڵ کێشەکانی ژیانەی ڕۆژانەدا کردووە. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ڕوونە ئەوەیە کە لە درێژخایەندا، کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بپارێزێ.

درێژە لاپەڕەی ٥

# بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەیەکی شۆڤێنیستی لەبارەی «سیاسەتی زمان»ەوە

داین کە دەوڵەت دەبێ لەم بارەیەوە سیاسەتێکی دیاریکراوی هەبێ. سیاسەتێکی هەبێ کە بە چاوی کراوە، بە ڕوانینی ورد لە دەوروبەر و لەملاوئەو لا و، بە ئاگاداری لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژ دیاری کرابێ.

ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژاوای ئێران ژمارەیەکی زۆر بە زمانی کوردی دەپەیڤن. ئەو زمانەیان خۆش دەوێ، لەوانەشە ئەم خۆشەویستییە بەهۆی ئەو گوشاری زۆرەی بۆ بەرتەسککردنەوەی زمانەکەیان دەخرێتە سەریان، چەند قات زیادی کردبێ. ئێوە بە هیچ هێزێک ناتوانن ئەم هۆگرییەیان لێ بستێننەوە. ئەو شاعیرەی بە کوردی شێعر دەڵێ، ئەگەر بخرێتە کونجی زیندان، ئەوجار ستەمەکانی ئێوە دەخاتە توێی شێعرەکانی، ئەگەر بشیبەنە بن سێدارە، بە شێعرێکی کوردی دەچێتە پێشوازی مردن.

ئەتۆ نابێ لەبیرت بچێ کە لەو ناوچانەی سەرسنووری ڕۆژاوای ئێرانی ئێمە ، خەڵکێک هەن کە لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دیوی سنوور، لە هەر بارێکەوە هاوخوێن، هاوڕەگەز و هاوزمانن. ئەوانیش کوردن و تەنانەت هێندێکیان سەر بە یەک بنەماڵە، یەک تایفە یا یەک هۆزن. ئەوانە خۆیان لە یەکتر بەجیا نازانن، بێ ئەوەی یەکتریان دیتبێ، یەکتریان خۆش دەوێ و خۆیان بە برای یەکتر دەزانن. ئەوان ڕاستە بە ڕواڵەت گوێرایەڵی دەوڵەتێکی دیکەن و بە خەڵکی مەملەکەت یا وڵاتانێکی دیکە ناو دەبرێن، بەڵام لە دەروونیاندا کوردن و خوێنی کورد لە دەمارەکانیاندا دێت و دەچێ.

پێوەنووسان بەوە کە کوردی لەهجەیە، لقێکی فارسییە، ئەدەبیاتێکی موعتەبەری نییە و هتد، قسەی منداڵانەن. ئەوانەی من و تۆ و کەسانی وەک ئێمە بێچارەیان دەسخەرۆ کردووە، بەو بێخەبەری و ترسەی ئێمە گاڵتەیان دێ. ئەم قسە منداڵانانە بێجگە لە پڕکردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بێجگە لە دڵی خۆ پێخۆشکردن یا باشتر بڵێم فریودانی خۆمان، بە کەلکی هیچی دیکە نایەن. دەبێ ترس وەلا بنێین، دەبێ ڕاستییەکە بڵێین ئەگەر چی تاڵ بێ، چونکە هەتا ددان بە ڕاستیدا نەنێین، ڕێگای دروست نادۆزینەوە.

لە ڕووس دەترسین، لە ئینگلیس دەترسین، لە ئەمریکا دەترسین، لە تورکیە و عێراقیش بترسێین و، لە خۆشمان هەر بترسێین، ئەدی کە وایە بۆ زیندووین؟ بۆچی هەمیشە دەبێ بیرمان بچووک بێ؟ بۆ چی بەردەوام لەوە بترسین کە کوردستانمان لە دەست دەربچێ... بۆچی ناڵێین با ئێرانێکی گەورە بنیات بنێین؟... ئەمڕۆ ئەگەر دەبیستن کە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، خەڵک خودموختارییان دەوێ، لۆمەیان مەکەن، چونکە ئەوان لەو حکوومەتانە وەزاڵە هاتوون، هەرچی هاوار دەکەن کەس گوێ لە هاواریان ناگرێ. تا کەنگێ تەحەممول بکەن، چاوەڕێی چی بن؟ چاوەڕوانی ئەوە کە دانیشمەندێک ڕاست بێتەوە و پێشنیار بکا چونکە دەوڵەتێکی بەهێز بە ناوی تورکیە لە جیهاندا هەیە، با ئازەربایجانییەکان لە قوتابخانەی سەرەتاییدا تورکی بخوێنن؛ چونکە کوردیش، دەوڵەتێکی بەهێزی کوردی لەپشت نییە، دەوڵەت ناتوانێ سیاسەتێکی لە ئاست ئەوان هەبێ؟ واتای ئەم پێشنیارە چییە؟ واتە کوردەکان! ئەگەر دەتانەوێ منداڵانتان لانیکەم لە قوتابخانەی سەرەتایی بە کوردی بخوێنن، دەبێ هەوڵ بدەن دەوڵەتێکی بەهێزی کورد پشتیوانتان بێ. هەر ئەو دەلیلەی کە تۆ بۆ ڕێگەپێدانی خوێندن بە زمانی تورکی دەیهێنییەوە و دەڵێی لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتێکی بەهێزە، پێشنیارەکەی خۆت ڕەت دەکاتەوە، سانسۆرەکەشت بۆ ئەوەی لەسەر سنوورەکان پێش بەو کتێب و گۆڤارانە بگرن کە پڕۆپاگەندەی دژی ئێرانیان تێدایە، ناگاتە هیچ کوێ و، زۆری پێ ناچێ بیروباوەڕی پان تورانیزم ئازەربایجان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی و ئاکام و ئەنجامەکەشی چاوەڕوانکراوە...

ئێستا با بزانین مەترسیی ئازادبوونی زمانی کوردی بۆ مەملەکەتی ئێمە چ دەبێ؟ بەو هۆیەوە کە کوردستانێکی سەربەخۆ نییە، خوێندن بە زمانی کوردی نابێتە مەترسیی دابڕانی بەشێک لە مەملەکەت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، تەبلیغی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کوردانی دیکەی جیهان و ئەگەر ئەم بانگەشەیە، سیاسەتێکی ڕیفۆرمخوازانەی لەو ناوچانە لە گەڵدابێ، دوور نییە هەوڵی پێکهێنانی ئێرانێکی گەورە بگاتە ئاکام. چونکە ئەگەر ئێرانێکی بەهێز هەبێ و کوردستانێکی سەربەخۆ نەبێ، هیچ گومانی تێدا نییە کوردانی جیهان بەر لە قبووڵکردنی شارومەندێتیی هەر دەوڵەتێکی دیکە: تورک یا عەرەب دەیانەوێ لەژێر ئاڵای ئێرانێکی گەورەدا بژین.

با لە لایەکەی دیکە ئەو مەسەلەیەش ورد بینەوە. وای دادەنێین کوردستانێکی سەربەخۆ پێک دێ. ئەو کوردستانە بەو هۆیەوە کە دەوڵەتێکی ساوایە، هەموو هۆش و بیری بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری نێوخۆیی خۆی تەرخان دەکا و ماوەیەک دەخایەنێ تا ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز و بۆ وێنە وەک ئێستای دەوڵەتی تورکیەی لێ بێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا ئێران باشترین هەلی بۆ هەڵ دەکەوێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو دەوڵەتە نوێیە و، وەک دەوڵەتێکی هاوڕەگەز دەتوانێ پێوەندییەکی زۆر دۆستانەی لەگەڵی هەبێ، چونکە هاوخوێنی و هاوپێوەندیی مێژوویی و بوونی چەند میلیۆن کورد لە ئێران، ڕێوشوێنی دۆستایەتییەکە پتەو دەکا. هەر بەم هۆیانەوە کوردستانی سەربەخۆ نەک زیان بە ئێران ناگەیەنێ، بە قازانجیش دەبێ...."

**سەرچاوەکان:**

گۆڤاری "یادگار"، ساڵی دووهەم، ژمارە شەشەم، ڕێبەندانی ١٣٢٤، ژانویە-فێوریەی ١٩٤٦

"نامە هفتگی کوهستان"، ژمارە ٤٥(١٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٣- ١٢ی ڕەسەمەی ١٣٢٥)، لە لایەن بنکەی ژین چاپ کراوەتەوە، ٢٠١٠

# چارەنووسی بەرجام لە ئاکامی کەڵەوەکێشی و کاتکوشتنی کۆماری ئیسلامیدا


ڕەزا محەممەدئەمینی

چارەنووسی "بەرجام" لەنێوان ئێران و وڵاتانی ئەندام لەو ڕێککەوتنەدا گەیشتووەتە قۆناغێکی هەستیار. کۆماری ئیسلامی پاش چەند مانگ پەککستنی دانیشتنەکان بۆ ژیاندنەوەی بەرجام ڕایگەیاندووە کە وتووێژەکان لەگەڵ سێ وڵاتی ئورووپایی ئەندام لە بەرجام دەست پێ دەکاتەوە؛ بەوحاڵەش دەبێ بەگومانەوە بڕوانینە ئەو وادەیە. کۆماری ئیسلامی کە پاش هاتنەسەرکاری ڕەئیسی و یەکدەستبوونی ڕەهای دەسەڵات مژوولی خۆگنخاندن و کاتکوشتنە، وادیارە لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی گەڕانەوە بۆ وتووێژەکانی بەرجام و سەپاندنی مەرجەکانیان بەسەر ئەمریکا و لایەنەکانی دیکەی ئەندام لە بەرجامدا هەڵوێستی توند و یەکدەستیان هەیە.

ئەگەر ئاوڕێک لە بەرجام بدەینەوە، ئەو ڕێککەوتنە لە ڕاستیدا کەلێن و کەلەبەری زۆری بۆ پەرەپێدانی چالاکییە نیزامییەکان و بەستێنی لەباری بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی، پەهپادی، درێژەدان بە سیاسەتی دەستێوەردەرانەی لە وڵاتانی ناوچە و سەرکوتی گەلانی ئێران و لەژێرپێنانی بەهاکانی مافی مرۆڤ پێکهێنا.

لەلایەک ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆمیان گەیاندە ئاستی لە سەتا شێست و هەروەها ئۆرانیۆمی کانزاییان پیتاند کە یەکێک لە پێداویستیی و مەرجە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییە. بەمجۆرەش دژی ڕێککەوتنی بەرجام و نیزیکبوونەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیی هەنگاوی زۆر کتووپڕیان نا. جگە لەوەش سپای پاسداران بەشێوەیەکی بەربڵاو بەرنامە مووشەکییەکانی پەرەپێ دا، بەجۆرێک کە لە قووڵایی زەوی لە چەندین شوێنی شاراوە! شاری مووشەکییان چێ کردووە و بوون بە هەڕەشە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە. ئەو مووشەکانەش کە حیزبوڵڵای لووبنان و حەماس و جەهادی ئیسلامی لە فەلەستین، ئیسرائیلی پێ دەکەنە ئامانج و مووشەکەکانی حوسییەکانی یەمەن کە بوون بە هەڕەشەی سەرەکی بەدژی عەرەبستان و دەوڵەتی یاسایی یەمەن، دیاریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە!

کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەستوەردان و خۆشکردنی ئاگری شەڕ و ئاژاوە لە وڵاتانی ناوچە بەردەوامە و بەهەموو هێز و ئیمکاناتەوە، چ بە کردەوەی تێرۆریستی و هێرشکردنە سەر



بنە و بارەگاکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە و چ بە شەڕی نیابەتی لەگەڵ نەیارانی نیشانی داوە کە بە گەمارۆ و سزای ئابووری – بە نرخی چارەڕەشیی گەلانی داماوی وڵات- واز لە سەرکێشییەکانی ناهێنێ. بە لەبەرچاوگرتنی سووربوونی لایەنەکانیش لە هەڵوێست و بۆچوونەکانیان گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە هەموو لەسەری کۆک بن، زۆر ئاستەمە ئەو کەلافە ئاڵۆزە لە وتووێژەکانی دەوری حەوتەمی "ویەن"یشدا چارەسەر بکرێ.

ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە دوا دەربڕینی هاوبەشی ئەمریکا و سێ وڵاتی فەڕانسە و بریتانیا و ئاڵمان وەک چوارلایەنی بەرجامە کە دەڵێن کات بۆ یەکلابوونەوەی ئێران و سەبری ئەوانیش سنووردارە. ئەو وڵاتانە بەڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە ئێران قەت دەستی بە چەکی ناوکی ڕاناگا و ئامادەن بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر دانووستان چارەسەر نەبێ، ڕێگەی دیکەش بگرنەبەر. هاوتەریب لەگەڵ ئەوان ئیسرائیلیش وەک دژبەری سەرەکیی بەرجام بەڕوونی و بە بەردەوامی ڕایگەیاندووە کە ئەگەر پێویست بکا ڕاستەوخۆ و بەبێ هاوکاریی هاوپەیمانان گورزیی سەربازی لە ناوەندە ناوکییەکانی ڕێژیمی ئێران دەوەشێنن. لە چەند ساڵی ڕابردووشدا کە هێزەکانی قودسی سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریە هەن، ئەم وڵاتە بۆ بەرگرتن لە نیزیکبوونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سنوورەکانی، بە سەدان جار بنکە و ناوەندە سەربازییەکانی ڕێژیمیان کردووەتە ئامانج، بەبێ ئەوەی ڕێژیم متەقی لێوە بێ.

کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام زۆر تێکۆشا نێوانی وڵاتانی ئورووپایی ئەندام لە بەرجام و ئەمریکا لێل بکا و لەو بەینەدا ئورووپاییەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێ؛ بۆ ئەوەش سیاسەتە چاوەڕواننەکراوی دۆناڵد ترامپیش یارمەتیدەری بوو، بەڵام بەوحاڵەش ڕێژیم نەیتوانی لەو کێشمەکێشەدا براوە بێ، پێچەوانە بە زیادکردنی سانتریفیوژەکانی و پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەپێدان بە بەرهەمهێنانی مووشەکە دوورهاوێژەکان و درێژەدان بە سیاسەتە ناوچەییەکانی، لەڕاستیدا ئەمریکا و ئورووپای لە ئاست کردەوەکانی خۆی لێک نیزیک کردەوە.

بەرجام هەر لە سەرەتاوە بەپێچەوانەی ڕەزامەندیی باراک ئۆباما و دەوڵەتی دێموکراتەکان لە ئەمریکا و دەوڵەتی حەسەنی ڕووحانی لە ئێران، ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ نارەزایەتیی کۆماریخوازان لە ئەمریکا و سپای پاسداران و باڵی ئوسولگەرای زاڵ بەسەر دەسەڵات لە ئێران و هەروەها ئیسرائیل و بەشێک لە وڵاتانی ناوچە بەرەوڕوو بوو. لەلایەک کۆماریخوازانی ئەمریکا و ئیسرائیل و بەشێک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بەلەبەرچاوگرتنی نێوەڕۆک و ماوەی زەمەنیی بەرجام (١٠ ساڵ، واتە هەتا ساڵی ٢٠٢٥) ئەو ڕێککەوتنە ناتوانێ گەرەنتیی دەستوێرانەگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی و ڕاماڵینی دڵەڕاوکێی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچە و جیهان بکا، هەربۆیەش دژی ئەو ڕێککەتنە بوون و بە قازانجی کۆماری ئیسلامییان دەزانی؛ لەلایەکی دیکەش سپای پاسداران و باڵی ڕاستەقینەی دەسەڵات دژی بەرجام بوون و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بەرجام دژی سیاسەتە گشتییەکانی نیزامە و کۆماری ئیسلامی لەو گەمەیەدا دۆڕاوە. تەنانەت خامنەییش وەک ڕێبەری نیزام هەر لە سەرەتاوە بە نابەدڵی و لەڕووی ناچاری و بەرژەوەندیی کاتییەوە ملی بۆ ڕاکێشا. ئێستا و لەبەرەبەری دەوری حەوتەمی دانووستانەکانی ویەن بە باوەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی دۆخەکە لەو ماوەیەدا و بەتایبەت لەدوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام لە ساڵی ١٣٩٧ (٢٠١٨) بەملاوە زۆر گۆڕاوە. ئیدارەی نوێی ئەمریکا خوازیاری گەڕانەوە بۆ بەرجام و پێبەندبوونی کۆماری ئیسلامی بەو ڕێککەوتنەن و ڕایانگەیاندووە کە هەڵپەساردنی بەشێک لە گەمارۆ ئابوورییەکان بەستراوەتەوە بە ڕاگرتنی چالاکییە ناوکییەکانی ئێران و هاوکاریی بێبەربەست و هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتومی و چاودێریی هەموو ناوەندە ئەتومییەکانی ئێران لەلایەن ئاژانسەوە.

دیارە ئەگەر ئەمریکای دوناڵد ترامپ لە بەرجام هاتە دەرێ و سیاسەتی گوشاری لەڕادەبەدەر و دووڕپێچی ئابووریی هۆشمەندانەی خستە سەر کەرتی پێترۆشیمی و کەرتەکانی دیکەی ئابووریی کۆماری ئیسلامی و مافیای زەبەلاحی خامنەیی و سپای پاسداران و، بەو شێوەیە نیزامی کۆماری ئیسلامیی تەنگەتاوکرد؛ دەسەڵاتدارانی ئێرانیش خامنەیی و دەمڕاستەکانی ڕێژیم لەسەر ئەو باوەڕە بوون بە سەرکەوتنی بەربژێری دێموکراتەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەمریکا ئەوا هەموو گەمارۆکان لەسەریان لا دەچێ و دەرگاکان بەڕەوڕوویان دەکرێتەوە و بە دەیان میلیارد دۆلاریان بۆ دەگەڕێتەوە، لەحاڵێکدا ئەمریکای ئێستا ئەگەر لەگوتاردا جیاوازی لەگەڵ ئەمریکای سەردەمی کۆماریخوزەکان هەیە، لە هەڵوێست لەئاست کۆماری ئیسلامیدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە؛ بگرە دێمۆکراتەکان ئەگەر خوازیاری گەڕانەوە بۆ بەرجامن، لەڕاستیدا مەبەستیان بەرجامێکە کە نەک هەر لاوازییەکانی ڕێککەوتنی پێشوو قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵکوو سیاسەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی وەک پەرەپێدانی بەرنامە مووشەکییەکانی و دەستێوەردان لە ناوچە و ناسەقامگیرکردنی وڵاتان و تەنانەت لەئاستی نێوخۆی ئێرانیشدا کێشەی لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانیش لەخۆ دەگرێتەوە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئاخۆ خامنەیی و دەسەڵاتی یەکدەستی کۆماری ئیسلامی پاش تێچووی دەیان میلیارد دۆلاری لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەدا و کێشمەکێش و ململانێی سەخت لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئامادەن لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی دەسبەرداری بەرنامەی ناوکی و سیاسەتە دەرەکییەکانیان بن کە بوون بە هەڕەشە بۆ جیهان و بەتایبەت خۆرهەڵاتی نێوەڕاست؟ ئاکامی ٢٠ ساڵ پەرەپێدانی بەرنامە ناوکییەکان و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە ئێستا زۆرینەیان لەوپەڕی هەژاری و نەداری و چارەڕەشیدا دەناڵێنن، بەکوێ دەگا؟ ئاکامی بەفیڕۆدانی دەیان میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەپێناو بەرنامە ناوکی و مووشەکییەکانی ئاخوندەکان، ڕێک وەک سەدان میلیارد دۆلاری دیکە دەچێ کە ڕێژیم لە ماوەی تەمەنی نگریسیدا بۆ پێشوەچوونی سیاسەتە دژیگەلییەکانی بەفیڕۆی داوە و لە بەرانبەریشدا ئێرانی وێران و خاپوور کردووە. هەر ئەوەندە کە هێڵی هەژاری لە ئێراندا سەرووی ١٠ میلیۆن تمەنە و بێکاری نیوەی هێزی کاری وڵاتی داگرتووە و دەوڵەت توانای دابینکردنی حەقدەستی کرێکاران و مامۆستایان و زۆربەی مووچەخۆرەکانی نییە، دەربڕی دۆخی دۆزەخی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێرانە.

ئەزموونی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتی ڕێژیم نیشانی داوە ئەو نیزامە گەندەڵ و دژیگەلییە قەت بە پێخۆشبوونی خۆی ئامادە نییە تۆزقاڵێک لە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی پاشگەز بێتەوە، هەربۆیەش لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکان و زۆر سیاسەتی دیکەی لە نێوخۆ و دەرەوە، ئەوە تەنیا کۆدەنگی و گوشاری هەمەلایەنەیە کە دەتوانی ئەو ڕێژیمە ناچار بە پاشەکشێ و ملکەچ بوون بکا.

لەئاست گوشارە نێونەتەوەییەکاندا خامنەیی و سپای پاسداران زیاتر لە دوو ڕێگەیان لەپێش نییە؛ یان دەبێ ملکەچی ئیرادەی جیهانی بن و بە "سازانی قارەمانانە" واتە شکانی سەرشۆڕانە، واز لە مەزنخوازی ڕابردوویان بێنن و جامی ژاری خومەینی دیسان بنۆشنەوە، کە ئەوەش بێگومان لە دەرەوە و بەتایبەت لە نێوخۆی وڵات یانی شکانی هەیبەت و هەیمەنەی ڕواڵەتی کۆماری ئیسلامی و سڕینەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و شۆڕش، لەچەشنی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ کە بەستێنەکەی لە هەموو بارێکەوە ئامادەیە؛ یان درێژە بە سەرکێشییەکانی خۆیان بدەن و ئەزموونی کوریای باکوور دووپات بکەنەوە و ئێران و نیزامە چەپەڵەکەیان لەوە زیاتر لە جیهاندا تەریک بخەنەوە و لەوە زیاتر خەڵکی تووشی چارەڕەشیی بکەن. ب

ێگومان کۆمەڵانی خەڵکی ئێران جیاوازی زۆریان لەگەڵ خەڵکی وڵاتی کوریای باکوور هەیە و بەو سوونەتە خەباتکارییەی کە لە مێژووی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا تۆماریان کردووە، ئەو دۆخە قەبووڵ ناکەن و بەدڵنیاییەوە نارەزایەتییەکان پەرەدەستێنن و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوییەتی خۆیدا ناتوانێ خۆی لە لێکەوتەکانی ئەو شەپۆلە بەهێزانە لە نارەزایەتییەکان دەرباز بکا.

هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا زۆر ڕۆڵەی بەوەج بەتایبەتی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی وەک سەرگورد عەلیار، سەرگورد عەباسی، سەروان چەلەبی، سەروان ئەفشین، سەروان حاتم، سەروان ئەحمەدی جاوید فەڕ، سەروان ئیقبال کەریمنژاد، سەروان برایم بەهرامپوور، خەلیل خەلەبان و چەندانی دیکە هەن کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هەموو پلەوپایەییەکی حکوومەتیان وەلا نا و خزمەتێکی لەبیرنەکراویان بە گەلەکەیان کرد. فەتاح چێهرەپەروەر یەکێک لەو قارەمانە نیشتمانپەروەرانەی نێو ئەرتەشی پاشایەتی بوو کە هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و خزمەتێکی لەبیرنەکراوەی بە نەتەوەکەی کرد.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەماندا یاد و ناوی ئەو گەورەپیاوە بەرز ڕادەگرین.

فەتاح چێهرەپەروەر لە ساڵی ١٣٣٥ لە بنەماڵەیەکی کاسبکار لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. کاتێک پێبەپێ گەورە بوو، بەڕێی قوتابخانە کرا و دوای قوناغی خوێندنی سەرەتایی و وەرگرتنی سیکل، پاش ماوەیەک چووە ئیجباری (سەربازی) و لە نێو ئەرتەشدا پلەی دەرجەداری پێدرا.

فەتاح لە گەرمەی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی، خۆی ئامادە کردبوو لە دەرفەتێکدا بە زانیاری و ئەزموونەکانی بەدەستهاتووی نێو ئەرتەش بێتە نێو ڕیزی گەلەوە و وەک دەرەجەدارێک لە خزمەت کورد و بزووتنەوەکەیدا بێ. بەمجۆرە دوای ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی و پاش ئەوەی کە بینی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بە خوێنی گەل و نەتەوەکەی تینووە، بڕیاری خۆی بردە سەرێ و بە دامەزرانی بنکەکانی حیزبی ل ەشاری مەهاباد، لە یەکەم ڕۆژی دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباددا، خۆی بە شەهید سەرگورد عەبباسی ناساند.

شەهید فەتاح چێهرەپەروەر بە پێکهاتنی شورای نیزامی لە مەهاباد لەو ناوەندە دەست بە تێکۆشانی خۆی کرد و لە هەر شوێنێک کە پێویست با ئەرکی پێسپێردراوی بەرێوە دەبرد. ئەو مرۆڤێکی ئارام و لەسەرەخۆ و هەمیشە بە بزە بوو، زۆر دڵخۆش بوو بە دووبارە هەستانەوەی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەربۆیەش بە هەموو تواناوە وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەت حیزب و جووڵانەوەکەدا بوو. ئەو هەر لەسەرەتاوە دا نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی بەنەزم و قسەلەگوێ و دڵسۆزە، بە بەشداری کردن لە چەندین عەمەلیاتدا ئازایەتیی فەتاح کەوتە سەر زمانان. فەتاح پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبوو و ئەو پێوەندییانەی بۆ تەبلیغ و جێخستنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بەکار دێنا.

لێهاتوویی، لێوەشاوەیی و هەڵسووڕان و چالاکیی ئەو لە خەبات، دژی دوژمنانی ئازادی دیار و بەرچاو بوو.

فەتاح وەک قەڵایەکی پۆڵایین لە بەرامبەر هێزی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستا بوو. ئەو بەڵێنی دابوو تا دواهەناسە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەی لە وەستان نەکەوێ. وێنەی تاکێکی شۆڕشگێڕ، مرۆڤێکی دێموکرات، ئینسانێکی بەتەواو مانا، کەسێکی جێی باوەڕ و متمانە کە بەوپەڕی هەست بە لێپرساوی کردنەوە لە هیچ ئەرکێکی حیزبیدا کەمیی نەدەهێنا و هیچ تەنگوچەڵەمەیەک نەیدەتوانی بەری ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی پێ بگرێ. ئەو وێنەی قارەمانێکی هەڵکەوتوو، خەباتکارێکی ڕاستەقینە بوو کە ببووە جێی ئیلهام وەرگرتنی هەموو هاوڕێیانی.

بە دوای شەهید بوونی فەرماندەی لکی یەک (حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی) و چەند ڕۆڵەی فیداکاری هاوڕێی لە داشکستان، لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، لەسەر بڕیاری فەرماندەری ئەو کاتی هێزی پێشەوا شەهید سەرگورد کەریمی عەلیار، فەتاحی چێهرەپەروەر وەک فەرماندەری لکی ١ی ئەو هێزە دیاری کرا. شەهید فەتاح لەو بەرپرسایەتییەشدا ڕووسوور هاتەدەر و هەموو تواناکانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە تەرخان کرد.

بەر لە گرتنەوەی یەکجاریی شاری مەهاباد لە خەرمانانی ١٣٥٩، مەئموورییەتی چوونە شەڕی دارساوێن بە چەند پەل لە لکی ١ و ٣ی هێزی پێشەوا سپێردرا کە شەهید فەتاح وەک فەرماندەی لکی ١ و شەهید برایمی ساڵەموقەدەم وەک فەرماندەری عەمەلیاتی لکی ٣ بۆ ماوەی سێ حەوتوو بەشداری ئەو مەئموورییەتە بوون.

خوێنگەرمی و دڵگەرمی ڕۆڵەکانی دێموکرات بە ڕادەیەک بوو، کە هەموو ڕۆژێ بۆ زەربە لێدان لە هێزی دوژمن قارەمانەتییان لە جادەی بانە سەردەشت نیشان دەدا و زەربەی کاریگەریان لە دوژمن دەوەشاند و لە زۆربەی ئەو کەمیندانانەوە و زەربەلێدان لە دوژمن، شەهید فەتاح وەک فەرماندەری لک بەشدار و فەرماندەیی عەمەلییاتەکانی پێشمەرگەی دەکرد، لە شەڕ و دەرگیرییەکاندا ئەوپەڕی قارەمانەتیی دەنواند و سینگی قەڵخانی بەرگریکەری ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکەی بوو.

بەداخەوە شەهید فەتاح زۆر نەژیا تا پتر خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکا. ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، وەک زۆربەی ڕۆژەکانی ڕابردووی ئەو وەرزە، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا بە فەرماندەیی فەتاح چێهرەپەروەر بۆ لێدانی زەربە لە هێزی دوژمن و کۆنترۆڵی جادەی مەهاباد ـ ورمێ لەنێوان دەشتایی باغی سەفایی و مۆڵگەی دوژمن لە بەردەکونێ لە ناوچەی شاروێران، لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزێکی زۆری دوژمن لە دوو لاوە دەبنەوە، بەڵام زەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن دەدەن. بەداخەوە پاش چەند سەعات شەڕ، شەهید فەتاح چێهرەپەروەری فەرماندە، پاش خۆڕاگری و وەدەستهاتنێکی زۆر پاڵەوانانە سینگی بەر گوللەی دوژمن کەوت و ڕۆحی پاکی بەرەو ترۆپکی نەمان فری.

هەزار سڵاو لە یاد و بیری.

# مافی مرۆڤ وەک کارتێکی سیاسی لە هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێراندا



زانیار حوسێنی




لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێک هات، بەڵام بە هۆی کەمئەزموونیی وڵاتان لە هاوکاریی نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتگیر و لاوازیی یاسا و حقووقیی داڕێژراوی ئەو ڕێکخراوەیە بە نیسبەت کۆمەڵگەی جیهانیی ئەوکات و هەروەها نەبوونی بەشداریی تەواو یان زۆربەی وڵاتان لەو ڕێکخراوەیەدا، جیهان دوبارە تووشی شەڕێکی جیهانیی دیکە هات. لەدوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چێ کرا و چوارچێوە و یاساکانی جۆرێک داڕێژرا کە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان خۆیان تێدا دیتەوە و ئێستا ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەن؛ ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە بڕیارەکانی لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بە هێند وەبگیرێ.

لە ئێستادا پڕەنسیپ، یاسا و بنەما حقووقییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە و پەسندکراو و کۆنڤانسیۆنەکانی ئیلهامدەری داڕشتن یان چاکسازیی وڵاتانن. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی یاساکانی ئەو ڕێکخراوەیە بەتایبەت بەشی مافی مرۆڤ بەئاشکرا دەبینین کە هیچ نەتەوە و وڵات و کۆمەڵگەیەک نییە خۆی تێدا نەبینێتەوە و بەهۆی گشتگیر بوونی، نێوەرۆکێکی تەواو نێونەتەوەیی بەخۆی گرتووە. لە ڕاستیدا هەر یاسا و ڕێسایەک کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بە فەرمی بناسرێ و دانی پێ دابنرێ و لە فۆڕمی پەیماننامە یان کۆنڤانسیۆندا گەڵاڵە بکرێ، دەبێتە بەشێک لە یاسای نێونەتەوەیی کە وڵاتان دەبێ ڕەچاوی بکەن و لە هەڵسووکەوتی نێوخۆیی وڵات و لە ڕەوتی جیهانیدا ڕێزی لێ بگرن. بەشی گرینگی مەسەلەکە ئەوەیە کە قبووڵکردنی ئەو پەیماننامانە زەمانەتی ئیجرایی دەهێنێتە گۆڕ بۆ وڵاتان و جێبەجێنەکردنیان دەبێتە هۆی سەرکۆنە و تەنانەت سەپاندنی سزای قورستر لەدژی ئەو لایەنە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کاتێک ڕەوتێکی حقووقی لەلایەن پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەوتی نێونەتەوەیی قبووڵ دەکرێ؛ حاڵەتی یاسا و ئیجبار و پڕەنسیپ بەخۆیەوە دەگرێ و وەک دەڵێن "لازم الاجرا" دەبێ. کەوایە جگە لە بەشی سیاسی و ڕەوتی کایەی وڵاتان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر، ئەوەی گرینگە بەشی داد و یاسایی ئەو ڕێکخراوەیە.

وڵاتەکانی دیکە. هەرچەندی ڕێز لە جاڕنامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بگیردرێ، جا چ بە ڕەچاوکرانی لەلایەن وڵاتان، چ بە سزادان و بەدواداچوونی لە بەرامبەر وڵاتانی پێشێلکەر، نەزمی جیهانی، ناوچەیی و تەنانەت نێوخۆیی وڵاتانیش سەقامگیریی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ؛ لە لایەکی تریش دەبێتە هۆی پتەوی و پەلگرتنی زیاتری ئەو مافانە و زەمانەتە ئیجراییە دیاریکراوەکانی. بەڵام بەو ڕادەیەش کە ئەو بەشە بێتە بەشێک لە دانوستانە سیاسییەکان و بەکارهێنانی وەک کارت لە کایە و ڕۆڵی نێونەتەوەییدا، بەو ڕادەیە دەبێتە هۆی لاوازی و گوێنەدان و کاڵ وونەوەی ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکییەکەی ئەو یاسا و قانوونانە و ئەو بەشەی ڕێکخراوەکە.

ئێستا بە وردبوونەوە لە ڕەفتاری سیاسیی وڵاتێکی وەک ئێران دەبینین کە مافی مرۆڤ و ناوەندە سەرەکییەکانی ئەو بەشە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تا چ ڕادەیەک بەپێی ئوسوول و عورفەکەی وەڵامی کردەوەکانی ئێرانیان داوەتەوە و تا چ ڕادەیەکیش ئەو کردەوانەی بۆتە بیانوو و کارتی فشار لە کات و ساتی پێویست بۆ وڵاتە زلهێزەکان، نەک ئەو ڕێکخراوەیە. چونکی ڕەفتاری سیاسی و حقووقی و پێملیی ئێران بە پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە چوار دەیەی ڕابردووی ئەم ڕێژیمەدا هەموو کاتێک لەگەڵ ڕەخنەی کۆمەڵگەی جیهانی بەرەوڕوو بۆتەوە. تازەترین ڕاپۆرتی ساڵانەی جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤ بۆ ئێران باس لە بەردەوامیی و زۆریی ئێعدامەکان، ئێعدامی منداڵان و ئێعدامە نهێنییەکان، سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندان و جووڵانەوە نارەزایەتییەکان، ڕەچاو نەکردنی

> **ڕەخنە لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکانی جاوید ڕەحمان و ناوەندەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندیی نێوان وڵاتاندا ون دەبێ. ڕاستە ئێران بەردەوام و هەموو ساڵێک مەحکووم دەکرێ، بەڵام ئەو مەحکوومکردنانە ئێرانی نەوەستاندووە و ڕەفتاری سیاسیی ئەو ڕێژیمەی نەگۆڕیوە. ئەو سزاگەلەش کە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانی (یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا)وە لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی ئەوەندە گوشارەی دروست نەکردووە کە ڕێژیم ناچار بە گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتارەکانی بکا؛ بەڵکوو بە پێچەوانە ڕێژیمی دڕەندەتر کردووە**

هەرچەند کە حقووق و سیاسەت لە بەرامبەر یەکتردا جێ دەگرن و تەواوکەری یەکترین؛ بەو مانایە کە حقووق پانتایی بێسنووری دونیای سیاسەت دیاری دەکا و سیاسەتیش بەپێی پێویست حقووقەکان پێناسە دەکا و بەفەرمییان دەناسێ. بەڵام لە هەمان کاتدا لە پرۆسەی داد یان قەزاییدا ئەو دوو بەشە جیا دەبنەوە و ڕادەی جیایی و سەربەخۆیی ئەو بەشانە نیشاندەری دروستی و خاوێنی ئەو پرۆسەیەیە. ئەو بابەتە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەجێی خۆیدایە. یانی ئەوەی کە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە یان باشتر بڵێین نەتەوەکان یان کۆمەڵگەکانی ژێربالی ئەو هەیکەلە (ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک دەسەڵاتێکی جیهانی ببینین، تەواوی وڵاتەکان وەک یەک وڵاتن لە پانتایی نیزامی سیاسی ئەو ڕێکخراوەیەدا ) لە هەمبەر بەشی دادا بەرامبەرن و تاوانکردن وەک خۆی بەو جۆرەی کە لە یاسادا دیاری کراوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێ، ئەودەم دەتوانرێ ڕادەی سڵامەتی و عادڵانەی بەشی دادپەروەرییەکەیمان بۆ دەرکەوێ. بەڵام پێچەوانەی ئەو حاڵەتەش دەبێتە هۆی تێکەڵاوی و گرێدراویی ئەو بەشە لەگەڵ بەشی هەڵسوکەوت و بەرژەوەندیی سیاسی

سەرەتاییترین بنەماکانی ماف و دادپەروەری لە نیزامی دادئەستێنی، بەردەوامیی گرتن و ئەشکەنجە و ئازاردانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە بەندیخانە کاتییەکان و هەروەها گرتووخانەکانی سەرانسەری وڵاتدا دەکا.

ڕەخنەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە ئێران ڕێگە نادا ڕێپۆرتێر و پشکنێرەکانی شوڕای مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی دیکە سەردانی ئێران بکەن لە نیزیکەوە تاوتوێی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە بکەن و ناچارن تەنیا پشت بەو بەڵگە و ڕاپۆرتانە ببەستن کە لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسانی سیاسی و بەپەرۆشی دۆخی مافی مرۆڤەوە دەگاتە دەستیان. ڕەخنەش لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکانی جاوید ڕەحمان و ناوەندەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندیی نێوان وڵاتاندا ون دەبێ. ڕاستە ئێران بەردەوام و هەموو ساڵێک مەحکووم دەکرێ، بەڵام ئەو مەحکوومکردنانە ئێرانی نەوەستاندووە و ڕەفتاری سیاسیی ئەو ڕێژیمەی نەگۆڕیوە. ئەو سزاگەلەش کە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانی (یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا) وە لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی ئەوەندە گوشارەی دروست نەکردووە کە ڕێژیم ناچار بە گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتارەکانی بکا؛ بەڵکوو بە پێچەوانە ڕێژیمی دڕەندەتر کردووە. ڕەخنەیەکی دیکەش ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕوانگەی ئامرازییان بۆ مافی مرۆڤ هەیە و لە کۆمەڵە بەستێنێکی تایبەتدا بۆ گوشاری سیاسی لەسەر ئێران بە مەبەستی پێملکردنی لە پرسێکی غەیری مافی مرۆڤدا، پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک کارتێک لە دژی ڕێژیم بەکار دێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی مرۆڤی پێ گرینگترین یان یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانە بۆ سەقامگیری هێمنی و ئەمنییەتی جیهانی و نێونەتەوەیی. بۆیە پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دەتوانێ یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی دانوستانی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێران و لە ئێستاشدا بەشێک لە وتووێژەکانی بەرجامیش بێ. لێرەدایە کە ئەو پرسیارە دروست دەبێ کە ئەگەر بەڕاستی مافی مرۆڤ ببێتە قوربانی دەستی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و تا ڕادەیەکی ئاوا بەرچاو پەراوێز بخرێ، ئاخۆ ئەوە نابێتە هۆی لاوازی و بێمتمانەیی بەو پرسە سەرەکی و سەرەتاییەی کۆمەڵگەکان و ئەو بەشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئادرەسێک بۆ وڵاتانی تۆتالیتێر و دیکتاتۆری دیکە؟ یان مافی مرۆڤ لە ئاوێنەی مانا و چەمکی خۆیدا وردە وردە نابێتە هۆی سازبوونی نەریتێکی ناوچەیی و بوون بە قوماری دەستی وڵاتانی دیکەی لە جۆری کۆماری ئیسلامی؛ بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا؟ ئەوەش کە کۆماری ئیسلامی بە ئارخەیانی و بێترس دەست بۆ هەموو جینایەتێک لەدژی خەڵک و پێخوستکردنی مافەکانیان درێژ دەکا، بە مانای ئەوە نییە کە زلهێزەکان یان هێندێک لە وان بوونەتە بەشێکی یارمەتیدەر بەو پرۆسەیە لە دانوستان و باج وەرگرتنەکانیان لەو دەسەڵاتە؟ بێدەنگی لە هەمبەر ئەو هەڵسوکەوتانە و کاریگەریی لەسەر وڵاتانی دۆستی کە لە چەشنی خۆین، زەنگی هۆشدارێک نییە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چوارچێوەی ئوسووڵ و عورفی نێونەتەوەیی؟ تا ئەو جێیەی کە جاوید ڕەحمان لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا بڵێ کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران تا بڵێی ناڕوون و تاریکە؟

ڕوون و ئاشکرایە ئەو سڕی و بێدەنگییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و میکانیزمەکانی بەردەستی بە نیسبەت ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران تاکوو ئێستا و، وەڵامنەدانەوەیەکی جیدی و ئەوتۆ بەو پێشێلکارییانە، تەنیا خەڵکی ئێران دەخاتە دۆخێکی خراپتر لە زۆربەی بوارەکانی دیکەشەوە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی جگە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، جینایەتە ئاشکرایەکانیشی بە نیسبەت کۆمەڵانی خەڵک بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە هەمبەر ئەو پێشێلکارییانە و دەستدرێژکردنانە بۆ سەر مافەکانیان ڕادەوەستن، زیاتر کردووە.

یەکێک لەو شتانەی کە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانیی دووهەم لاوازی و لە پاشان هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو؛ بەڕاستی لە پێشێلکارییەکانی لە ڕادەبەدەری ئێران و بێدەنگیی وڵاتان، بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیسبەت مافی مرۆڤ، جگە لە نەتەوەکانی ئێران و عورفی نێودەوڵەتی کە جێ کەوتووە، کێی دیکە زەرەری لێ دەبینێ؟

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## درۆی بەگەڵەگایی هەر لە تۆ جوانە

مانگابەکەڵ دەستەواژەیەکی ئاژەڵدارانەیە و وەک زۆر وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی ئاژەڵدارانەوە هاتووەتە نێو زمان و ئەدەبییات و ئاخاوتنی ئەم سەردەمەش.

"مانگا بەکەڵ" بەو مانگایە دەگوترێ کە لەکاتی خۆیدا وادەی جووتبوونی لەگەڵ "گا"دا دێ و ئەم جووتبوونەش وەک هەر جووتبوونێکی گیانلەبەرانی دیکە وەچەی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک مانگا "وەکەڵ" دێ، یان کاتی جووتبوونی دێ، دەڵێن بەکەڵە و لەو کاتەدا کۆمەڵێک گا و جوانەگای بەردەست بە تەمای جووتبوون دوای دەکەون.

دوای ئەوەی ژیانی ئاژەڵداری بەرەو ژیانی شارستانی و پیشەکردنی ئەم سەردەمە گۆڕا، یان تەنیا لەنێو کۆمەڵێکی تایبەتی کاسبکار و چالاکانی ئاژەڵداریدا بەرتەسک مایەوە، دەستەواژەی "مانگا بەکەڵ"یش وەک زۆر دەستەواژەی دیکە بوو بە ئیدیۆم و نیشانەی گەیاندن و گێڕانەوە و پیشاندانی زۆر دۆخی دیکە. ئەو کەسانەی لە ناوچەی موکریان لە چیایان بەهاران بەدوای ڕووەکی کوارگ"دا دەگەڕێن، ئەوکاتەی چەند کوارگێک لە دەوری کوارگێکی گەورەدا دەدوزنەوە، دەڵێن "مانگا بەکەڵ"مان دۆزییەوە. زۆرجاریش کاتێک شتێک یان ڕووداوێکی شاراوە ئاشکرا دەبێ، دەڵێن: "مانگا بەدزیەوە کەڵ دەگرێ و بەئاشکرا دەزێ."

زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک باس لە درۆکردنی کەسێک دەکرێ، بۆ سەلماندنی ئەوەی درۆکە سووک و ئاسان ئاشکرا نابێ، دەڵێن "درۆ مانگا بەکەڵ نییە." واتە درۆ زۆر بە داپۆشراوی و هەستیارییەوە دەکرێ و زحمەتە ئاشکرا بێ.

"کەڵەگایی"یش واژەیکی دروستکراوە و لە ناوی دوو ئاژەڵی بەهێزی ماڵیکراوی "کەڵ" و "گا" و پاشگرێک پێکهاتووە. لە ئاخاوتن و نووسینیشدا زیاتر بە مانای سەپاندنی شتی ناحەق و زۆرەملیانە دەکار دەکرێ. وشەی لێکدراوی "کەڵەگایی" خۆی دەنێو ئیدۆمێکی پێوەندیدار بە "درۆکردن"یش کردووە و زۆر جار ئەگەر درۆیەکی ئاشکرا و وێنەچوو دەکرێ، دەگوترێ "ئەمە درۆ نییە، کەڵەگاییە".

هەتا ئێرووکانە دوو ئیدۆمی پێوەندیدار بە درۆکردنمان لە وشەدانی ئاژەڵدارانەوە بۆ تۆی خوێنەر ساغ کردەوە، بەڵام نابێ بەهیچ جۆرێک ئەمەمان لەبیر بچێ کە "موبەلیغانی موحتەڕەم" دەفەرموون درۆ دوژمنی خوایە. بڕواننە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە و بزانن کۆماری ئیسلامی چۆن بەگژ ئیدیۆمی "مانگا بەکەڵ" نەبوونی "درۆ"دا هاتووەتەوە:

**دێڕی یەکەم:** هەواڵدەریی "ڕۆیتەرز" لە زمان ئێرانەوە بڵاویکردەوە هەوڵی ئەمریکا بۆ وەستاندنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێران بە ناکامی مایەوە.

**دێڕی دووهەم:** ڕۆژنامەی "هائارتێس" لە زمان ئێرانەوە ڕایگەیاند، "ئێران نەیهێشتووە ئەمریکا کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی بدزێ".

**دێڕی سێهەم:** هەواڵدەریی "سپۆتنیک"ی ڕووسیە لە زمان ئێرانەوە بڵاوی کردەوە بڕیارە "هەواڵدەریی مێهر" فیلمی ئەستاندنەوەی ئەوە کەشتییە نەوتهەڵگرە بڵاو بکاتەوە کە هێزی دەریایی ئەمریکا خەریکی دزینی بوو.

**دێڕی چوارم:** "بیبیسی" لە زمان میدیاکانی ئێرانەوە بڵاوی کردەوە، ئەم میدیایانە لە هەواڵێکی وەک یەکدا باسی بەرەنگاربوونەوەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێزەکانی ئەمریکایان کردووە.

**دێڕی پێنجەم:** ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت"ی چاپی لەندەن لە زمان ئێرانیانەوە بڵاوی کردەوە، ئێرانییەکان هەوڵی ئەمریکایان تووشی شکست کرد.

**دێڕی شەشەم:** "ئەلعەرەبیە" لە زمان بەرپرسانی ئێرانی بڵاوی کردەوە، ئامریکا بەتەما بوو دەست بەسەر نەوتی ئەواندا بگرێ.

**دێڕی حەوتەم:** ڕۆژنامەی "ئێندیپێندێت" بڵاوی کردەوە ئەم هەواڵە تەنیا لە زمان دەزگاکانی سەر بە ئێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

دێڕی هەشتەم: بەرپرسانی ئەمریکایی سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنەوەی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئێرانی ڕایانگەیاند: ئەوان ئاگاداری ئەم ڕووداوە نین و تەنیا هەواڵەکەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیستووە.

**دێڕی نۆیەم:** "ئار. تی" بڵاوی کردەوە حکومەتی ڤیێتنام دەڵێ بۆ وەرگرتەوەی کەشتییەکەیان کە لە ئێران دەستی بەسەردا گیراوە، لە گفتوگۆدان. ئەم هەواڵە دەڵێ کەشتییە نەوتهەڵگرە ڤیێتنامیەکە ٢٦ مەلەوانی لەسەرە و لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

**دێڕی دەیەم و شادێڕی دێڕان:** کەشتییەکی نەوتهەڵگری ڤیێتنامیی پڕ لە نەوتی ئێران کە چین بەهۆی گەمارۆکانی سەر ئێران وەری نەگرتبوو، لە کاتی گەڕانەوەدا لەلایەن هێزی سوپای پاسدارانەوە پێشوارزیی لێکرا. ئێستا ڤیێتنام هەوڵ دەدا کەشتی و ٢٦ مەلەوانەکەی خۆی لەدەست درۆیان ئازاد بکا.

**دەرەنجامی پێچەوانە:** کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کرد، دەکرێ درۆ لە مانگا بەکەڵیش زیاتر کەڵۆتی بەدواوە بێت.

دەرئەنجامی پتەو: ئیدیومی" ئەمە درۆ نییە کەڵەگاییە"، بە تەواوی خۆی سەپاند.

**درئەنجامی هەمەلایەنە:** هەموو ئەم بەزم و ڕەزمە بۆ ئەمە بوو لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٣ی گەڵاڕێزان (آبان) کە هەموو ساڵێک لەلایەن بەرپرسانی تێگەیشتووی "نظام مقدس جمهوری اسلامی"یەوە بەڕێوە دەچێ، باسی دارمانی ئابووری و برسیەتی و قەرزداری و تێکشانی دانووستانی ئەتۆمی و شەقەزللەی بناگوێی پارێزگاری نوێی تەورێز و گەڵەگاییکردنی ئیسرائیل و ئەو شتانە نەکرێت.

**دەرئەنجامی سەیروسەمەرە:** بەرپرسانی "با درایت" باسوخواسی دەستبەسەرداگرتنی بەشەگازی ئێران لە دەریای خەزەر لەلایەن ڕووسیەوەی بۆ ماوەیەک "پووشبەسەر" کرد.

# چاشۆڕش (چاکسازی-شۆڕش)!





شارۆخ حەسەن زادە

دوای دارمانی بەرەی ڕۆژهەڵات "تیمووتی گارتێن ئەش "(Timothy Garton Ash) توێژەر و نووسەری بەناوبانگی بریتانیایی کە لە زانکۆی ئاکسفۆرد وانەکانی مێژووی هاوچەرخ دەڵێتەوە، بە ڕوانینێکی نوێ ئاڵوگۆڕەکانی چارەگە سەدەی دوایی گەنگەشە دەکرد. تیموتی باس لە کودتاکانی مەخمەری ئورووپای ڕۆژهەڵات دەکا و پێی‌وایە ئەم شێوازە شتێکە لە نێوان "چاکسازی" و "شۆڕش". ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە، ئەوەی لە وڵاتانی لەهێستان و مەجارستان ڕووی داوە زۆر بە دژواری دەکرێ ناوی "شۆڕش"ی لەسەر دابنێین، لە ڕاستیدا ئەمە تێکەڵاوێکە لە چاکسازی و شۆڕش (چاشۆڕش) .

لەم دیاردەیەدا توخمێکی بەهێز و سەرەکیی "گۆڕان لەسەرەوە" بوونی هەبووە کە لەژێر سەرکردایەتیی "کەمینەیەکی ڕووناکبیر" لە ناخی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا چالاکیی دەکرد؛ بەڵام توخمێکی زیندوو "گوشاری جەماوەر لەژێرەوە"ش بوونی هەبووە، پێوەندیی نێوان ئەم دوو دیاردەیە بەگشتی بە نێوبژێوانی نێوان چینی هەڵبژاردە و ئێلیتی دەستەڵاتدار و دژبەران شەقڵی دەگرت. هەتا دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات، دوانەی –چاکساز شۆڕش- بە سەر وێژەی سیاسی کە دەیویست ڕەوتی "گۆڕان" لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان شرۆڤە بکا، زاڵ بوو. بەڵام وردەوردە و بەتایبەت پشتی ڕەوتە فرەچەشنەکان گۆڕان لە حکوومەتەکانی سەر بە بەرەی ڕۆژهەڵات ئەدەبیاتێکی نوێی گووراند کە خۆی لە چەمکی "چاشۆڕش" (ئەم چەمکە لەلایەن تیموتی گارتێن ئەش داهێنرا) بەشێوەیەکی قوڵتر و بەربڵاوتر لە مانای "تێپەڕین"(بەرەو دێموکراسی) نیشان دراوە.

لێروانینی شۆڕشگێڕانە لە دەستەواژەکانی باوی دەیەکانی ئەم دواییە واتە "وەرگەڕاندن" و "ڕووخاندن خوازی" لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران سێبەری بەسەر زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن داکێشاوە. هەروەها چەند ساڵێکیشە کە چەمکی گۆڕان و "گۆڕانخوازی"یش هاتوویە ناو کایەی ئەدەبیاتی سیاسی کە زۆرێک لە خەباتکاران هەرسێک ئەو مۆدێلانەیان دیوە و تاقی کردووتەوە و هەرکامیان بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆریان لەسەر ئەو شێوازانە هەیە.

بەشێک پێیان‌وایە کە سەردەمی چاکسازیی خاتەمی بەسەر چووە و ئیتر ئەم تێرمە باوی نەماوە، هەڵبەت ئەوان پێیان‌وایە کە قۆناغی شۆڕشیش وێ ڕانەگەیشتووە، چوونکە شۆڕش کاتێک دەکرێ کە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ خەڵک نەمابێ. ئەوەی کە ئێستا ئێمە تێیداین سەردەمی ڕیفۆرم و گۆڕانکارییەکانە، سەردەمی – چاشۆڕشە-. بەو واتایە کە ئامانجەکانی ئێمە شۆڕشگێڕانەن بەڵام بە شێوازی چاکسازیی ئامانجی ئێمە گۆڕانی یاسای بنەڕەتییە، بەڵام ڕێبازەکەمان چاکسازانەیە.

بە گشتی دەتوانین لەم دوو چەمکە – چاکسازی و شۆڕش- لە بواری شێواز و ئامانج جیا بکەینەوە و زیاتر شی بکەینەوە کە تێدا چوار ڕەوش دێنە ئاراوە:

ڕەنگبێ ئێوە هەم لە ئامانجەکەتان و هەمژی لە شێوازەکەتان شۆڕشگێڕ بن، ڕەنگبێ لەهەردووک جۆردا چاکسازیخواز بن، یان دەکرێ لە شێوازدا چاکساز و لە ئامانجدا شۆڕشگێڕ بن و دەنا لە شێوازدا شۆڕشگێر و لە ئامانجدا چاکسازیخواز.

بەشێکی دیکەش پێیان وایە کە، چاکسازی لە ئێران تاقی کرایەوە جا ڕەنگبێ یان ئیمکانات هزری تەواوی تێدا نەبوو یان ئەوەی کە سەرکردایەتییەکەی تووشی کێشە بوون و یان خڕ ئەمە پیلانێک لەلایەن خودی حکومەتەوە بووە، ئەو بیرۆکەیە بە هەرحاڵ نەیتوانیوە خەڵک بە ئامانجە دڵخوازەکانی خۆی بگەیەنێ.

دوای ئەمە خەڵک تووشی بنبەست نابن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ڕێگای خۆیان بەردەوام دەپێون و بەرەو پێش دەچن.

ئەم دەستەیە پێیان وایە، وا بە هاسانی ناکرێ پێمان وابێ ئەم ڕێژیمە ئامادەی چاکسازی نییە، چوونکە گەلێک سیستەم هەن کە ئامادەی چاکسازی نین، چاکسازی دەبێ لەلایەن چاکسازیخوازانەوە پێیان بقەبڵێندرێ و بەسەریاندا بسەپێنرێ. یەکێک لە ئامرازەکانی چاکسازیخوازان گوتوبێژ و دیالۆگە، هەمیشە خۆ هەر ئاوا نییە کە ئێوە بە زمانی خۆش و کەنینەوە دەگەڵ یەکتر بدوێن، دیالۆگ لە شێوازی چاکسازیخوازان نەک تەنیا بۆ پێملکردنی لایەنی بەرامبەرە بەڵکوو بۆ سەپاندن و بە قەناعەت گەیاندنیەتی، واتە ئێوە دەبێ بە لایەنی بەرامبەرتان بقەبڵێنن و ڕازی بکەن. ئەوەش لەکاتێک دایە کە ئێوە هێزی سیاسی و ئامادەتان لە مەیداندا هەبێ و بە پشتیوانیی ئەو بتوانن ڕەکەبەرەکەتان لە گوتوبێژدا ناچار بە پاشەکشە بکەن و پێی بسەلمێنن.

هەموو شتێکیش هەر ئەوە نییە کە بگەین بە دوو ڕێیانێک بەناوی چاشۆڕش یان سێ ڕێیانێک بەناوی –شۆڕش، چاکسازی و شەڕ- لە باسە هزرییەکانی پێوەندیدار بە بابەتی دێمۆکراتیزاسیۆن جۆری فرە ڕەهەند و شێوازگەلێکی دیکەش هەن کە بە دێموکراسی دەگەن. "دۆناڵد شێر" چوار جۆر دێمۆکراتیزاسیۆن لە ڕێژیمە دەستەڵاتخوازەکان ئاماژە پێ دەکا:

سەرەتا، دێموکراتیزاسیۆنی پەرەسەندوو یان تێپەڕینی ئارام بەرەو دێموکراسی بە ڕەزامەندی و بەشداریی ڕێبەرانی ڕێژیم. (ئەم جۆرە لە تێپەڕین بریتییە لە جۆرێک دان و ستان، ئەو چاکسازیخوازانەی دەچنە نێو دەسەڵات و دەتوانن لە گۆڕینی هێور ڕۆڵیان هەبێ و لەو هەمووە دەستەڵاتخوازییەی ڕێژیم دابەزێنن و بخوازن بەرەو وەدیهاتنی دێموکراسی هەنگاو بنێن). بە باوەڕی "ساموێل هانتینگتۆن" زۆربەی حاڵەتەکانی دێموکراتیکسازی لە "شەپۆلی سێهەمی" بەرەو دێموکراسی (لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠ بە وڵاتی پورتەغاڵ) بەم شێوەیە ڕوویان داوە و ئیسپانیا و برێزیلیش بەڵگەیەکی زیندوون.

دووهەم، تێپەڕین بەرەو دێموکراسی بە شێوازی دیالۆگ و ئاشتی و سازان و پێکهاتن، کە بە جۆرێک تێپەڕینی خێرا بە ڕەزامەندیی ڕێبەرانی ڕێژیم دەژمێردرێ. ئەم جۆرە لە تێپەڕین لە دۆخێکدا ڕوو دەدا کە بەرەی دژبەران و ناڕازییان بەهێز بووە و بزووتنەوە جڤاکییەکانی پشتیوانی دێمۆکراتیزاسیۆن سەریان گرتووە و حکومەت یەکپارچەیی خۆی لەدەست داوە توانایی پێویستی بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکەی لەدەستدا نەماوە. بەپێی توێژینەوەی هانتینگتۆن، نزیک سێ لە یەکی ئەو ڕەوتانەی تێپەڕین لە "شەپۆلی سێهەم" (بەتایبەت میناکی ئەفریقای باشوور) ئەزموونێکی ئاوایان هەیە.

سێهەم، تێپەڕین بە شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژماوە یان تێپەڕینی دوورمەودا، بەبێ ڕەزایەتی دەستەڵاتدارانی ڕێژیم، تێپەڕینێک کە بە خەباتی توندوتیژ بەستراوبێتەوە و دەخوازێ حکومەت بڕوخێنی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا بێنی.

ئەوەی دوایەمینیش: تێپەڕین بە شێوەی لێکترازان، تێپەڕینێک کە بە شێوەی خێرا و بە دژی ڕێبەرانی ڕێژیم و حکومەت ڕوو دەدا و بە شۆڕش (شۆڕشی گەلانی ئێران)، کودەتا (نیجێرییە)، ڕووخان یان سپاردنی دەستەڵاتی سیاسی- بە هێرشی دەرەکی (عێراق) بەئاکام دەگا.

ئەم شێوازناسییە لە باسگەلی بەرەو دێموکراسی زۆرن، هەروەک هانتینگتۆنیش ئاماژە بە چوار جۆر تێپەڕین دەکا (لێنزیک وەک ئەوەی شێر):١. بەڕێگای دان و ستان لە قەوارەی سیاسی دەستەڵات. ٢. بە ڕێگای دیالۆگ و لە یەکتێگەیشتن. ٣. جێگۆرکێ (دەستاودەست کردنی دەستەڵات). ٤. بە شێوازی نیزامی(جا چ لە نێوخۆ چ بە هاوکاریی دەرەکی).

***

- چاشۆڕش: لە وێژەی سیاسیی فارسیدا چەمکی "اصقلاب" هاتووە.

- بەشێک لە گوتوبێژەکان و بۆچوونەکانم لە وتاری "دوگانە اصلاحات یا انقلاب؛ اشتباه رایج"، "مهرداد قاسمفر، رادیو فردا" وەرگرتووە.

# بەئەمنییەتی بوونی پرسی هەژاری لە ئێران و کوردستاندا

ئا: هیوا بابایی

ڕادەی هەژاری لە ئێران لە ماوی سێ ساڵی ڕابردوودا دوو هێندە زیادی کردووە.

فەرشاد مۆئمێنی، ئابووریناس کە ڕابردووی چالاکیی سیاسی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکانیشی هەیە، دەڵێ ئەم ڕادە لە هەژارییە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بێ‌وێنە بووە و باس لە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر کۆمەڵگەی ئێران دەکا و دەڵێ پرسی هەژاری لە ئێراندا بووە بە پرسێکی ئەمنییەتی. بەپێی قسەکانی ناوبراو لەماوەی نێوان ساڵەکانی ٩٦ تاکوو ٩٩ی هەتاوی ڕادەی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری دوو هێندە زیادی کردووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە سیستمی کۆنترۆڵ و چاودێری لە ئێران فەشەلی هێناوە و ئاساییترین شتەکان نابینێ و بەئاسانی خۆی لێ دەبوێرێ.

کارناسانی ئابووری دەڵێن پرسی هەژاری بەرەبەرە خەریکە ڕەنگ و بۆی ئەمنییەتی پەیدا دەکا و وەک هێڵی سووری لێ دێ. ئەوەش وا دەکا کاردانەوەکان کاڵ ببنەوە و کاتێک بارودۆخەکە لەگرێژنە چووە دەرێ، ئیدی پێش بە لافاوی خرۆشاوی تووڕەیی خەڵک و ناڕەزایەتییەکان ناگیردرێ. قسەکانی ئەو ئاماژەیەکی ڕوون بۆ بارودۆخی خەڵکە کە خومەینی لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیدا بە "وەلی نیعمەت" و خاوەنی شۆڕشەکە ناوی دەبردن و ئێستا لە قەراخی سفرەش جێیان نابێتەوە. ئەوان ئاماژە بە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ ناکەن، بەڵام وریاکردنەوەکانیان ڕوویان لە بەرپرسانی ڕێژیمە و دەڵێن کە سەرهەڵدانی خەڵک سەبارەت بە هەژاری و نەداری شتێک نییە کە ئەوان بتوانن باشاری بکەن و دوایە بەسەریدا زاڵ ببن.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئێران لە ١٠ بواردا تووشی قەیران هاتووە کە یەک لە گرینگترینەکانیان قەراغنشینی یان پەراوێزنشینیی شارە گەورەکان و قەیرانی چۆڵبوونی گوند و دێهاتەکانە، بەجۆرێک کە لە ئێستادا حەشیمەتی پەراوێزنشین لە ئێران خەریکە سنووری ٢٥ لە سەدی گشتی حەشیمەتی وڵات تێدەپەڕێنێ.

بەپێی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی باڵای توێژینەوە، هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٧ی هەتاوی زۆرتر لە یەک میلیۆن و چوارسەد هەزارتمەن بووە کە لە ساڵی ٩٩دا گەیشتووەتە پێنج میلیۆن و حەوسەد هەزار تمەن و ئەمساڵیش تا ئێستا پاڵی داوە بە حەوت میلیۆن و سێ سەد هەزار تمەنەوە و هەندێک لە ڕاپۆرتەکان ئەم ڕەقەمە تا دە میلیۆن تمەنیش دەبەن، هەروەها نوێترین ڕاپۆرتی وەزارەتی کاری ڕێژیمدا کە ئاخری مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ بڵاو کرایەوە پیشان دەدا کە یەک لە سێی خەڵکی ئێران لە "هەژاریی موتڵەق" موتڵەق''دا دەژین. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە و بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە سەرانەی هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٩ بە سەتا ٣٨ زیادبوونی بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ٩٨ گەیشتووەتە یک میلیۆن و ٢٥٤ هەزار تمەن –بۆ هەر ئەندامێکی بنەماڵە- و نیزیک بە دوو میلیۆن کەس لەم ساڵدا بەهۆی کۆرۆناوە کارەکانیان لەدەست داوە، کار گەیوەتە جێیەک کە حەشیمەتی ژێر هێڵی هەژاری لە ٢٦ میلیۆن کەس ڕا بۆ پتر لە ٣٠ میلیۆن کەس زیاد بکا.

گەمارۆکانی سەر ئێران لەسۆنگەی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم، سیاسەت و مودیرییەتی چەوتی ئابووری و سیاسەتی دەرەوە، پەرەسەندنی کۆرۆنا و گەندەڵیی گشتگیر و سیستماتیک لە وڵاتی ئێران هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی داهات و دارمانی ئابووری و بێکاری لە ئێران ڕاگەیەندراوە.

گوشاری ئابووری لە ئێران گەیوەتە ئاستێک کە کەیفییەتی ژیان و خۆراکی خەڵکیشی گرتووەتەوە و سفرەی خەڵکی بچووک و بچووکتر کردووەتەوە. بەپێی بەراوردی ناوەندی ئاماری ڕێژیم نرخی کیلۆیەک گۆشتی مریشک و گۆشتی سوور لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دوو هێندە زیادی کردووە و هاوکات لەگەڵ ئەوە لێکۆڵینەوەکان دەڵێن لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا خواردنی گۆشت لەنێو خەڵکی ئێران لە سەتا٤٠ کەمی کردووە

ڕوخساری دزێوی هەژاری لە دیمەنی کارتۆن خەوەکان، گۆڕخەوەکان، مندالانی کار، پەرەسەندنی پەراوێزنشینی، زۆربوونی چاولەدەستی و سواڵکردن و لەنێوچوونی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە و ئاشکراتربوونی کەلێنی نێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ و ڕاپۆرتەکانیش هەموو ڕۆژێ باس لە گرانیی خانووبەرە، چوونە سەرێی نرخی کرێنشینی و خواردەمەنی و بژیوی ژیانی خەڵک دەکەن. "غوڵام حوسێن شافێعی"، بەرپرسی ژووری بازرگانیی ڕێژیم دەڵێ: ئابووریی وڵاتی ئێران تەواو بچووک بۆتەوە و بەدوور لەو بانگەشانەی کە دەکرێ گەشەی ئابووری لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا خوارتر لە سفر بووە. لەم ساڵانەی دواییشدا بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشین‌کراوان بە کۆبوونەوە و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەر دەرفەتێکدا ویستوویانە باری نالەباری ژیان و بارودۆخی خراپی خۆیان پیشان بدەن کە هیچ ئاکامێکی نەبووە جگە لە سەرکوت و وادە و بەڵێنی بەدرۆی بەرپرسان.

دیارە ئەگەرچی هەژاری و بێکاری لە ئێران دیاردە و قەیرانێکی گشتییە، بەڵام لە پارێزگاکانی کوردستان ئەم قەیرانگەلە زۆرتر بەرچاو دەکەوێ. حاشاهەڵنەگرە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام خاوەنی ئاوی زۆر، زەویی بەپیت، کەشوهەوای لەبار و نەوت و گاز و زۆر کانزا و سەرچاوەی سروشتیی دیکەی زۆر و زەوەندن، کەچی بە هۆی ڕوانینی ئەمنییەتی بەردەوام پاشگوێ خراون. بۆ نموونە ناوەندی ئاماری ڕێژیم دەڵێ ئاماری بێکاری لە ساڵی ٩٩ی هەتاوی دوو ڕەقەمی بووە بەڵام لە کوردستان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی نرخی بێکاری دوو ڕەقەمی بووە و بە داننانی پارێزگارەکان لە کوردستان سەروو سەتا ٣٥ بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو کاتێک دژی ڕەوتی مافخوازی و دادپەروەری و شوناس‌خوازیی خەڵکی کوردستان وەستاوەتەوە و بە توندترین شێوە سەرکوتی کردوون و بەردەوام هەوڵی داوە لە تەنیشت هۆکاری ئەمنییەتی، ئابوورییش وەک کارتێکی گوشار لەدژی خەڵکی کورد بەکار بێن. بۆ ئەوەش دوو مەبەستی بووە: لەلایەک بە سەرقاڵکردنیان بە کێشە و ئاریشەی ئابوورییەوە لە خواستە سیاسی و مەدەنییەکانیان دوور خاتەوە و هەمیش ئەو پرسیارە بورووژێنێ کە کوردستان بەو دۆخەوە چۆن دەتوانی خەونی سیاسی و گەورەی خۆی هەبێ.

# بۆ یادی جەلال مەلەکشا، شاعیری ئەدەبیاتی بەرگریی کوردستان



ساماڵ ئەحمەدی

ئەدەبیاتی بەرگری، یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیاتە کە لە ژانرە جۆراوجۆرەکاندا، هەڵوێست و دەروەستیی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەنووسێتەوە و، وەکوو بەرەنگاربوونەوەیەکی سرووشتی و خۆزاییی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو هێزانەدا ڕاست دەبێتەوە کە سەرچاوە فەرهەنگی و شارستانەتییەکانی لێ دەخەنە مەترسییەوە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، بەرەنگاربوونەوەی ستەم و فیداکاریی نەتەوەیەک لە بەرانبەر داگیرکەران و دەستدرێژیکەراندا وێنا دەکا و دەخوازێ بە وەسفە هونەرییەکانی ورەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی نەتەوەیی لە بەرانبەر دژمندا هان بدا. بەسەرداهاتنی جەنگ کە دیاردەیەکی تاڵ و زیانبارە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی بەرگرییە. ئامانجی ئەوانەی جەنگ هەڵدەگیرسێنن یان بۆ ئەوەیە کە سەریەتی و گەورەییی نەتەوایەتیی و فەرهەنگیی خۆیان بەسەر لایەنی بەرانبەریاندا بسەپێنن، یان لەپێناو داگیرکەری و دەسەڵاتخوازی و دەستەبەرکردنی بەرژوەندیی ماددییدا جەنگ وەڕێ دەخەن. ئەدەبیاتی بەرگری، ئەدەبیاتێکی دژی جەنگ و ڕیسواکەر و ڕەخنەگری جەنگە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتێکی ئەزموونییە و لە مێژووی مرۆڤدا نموونەی زۆرە.



پۆرترێتی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠–١٧٠٧)

ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە لە بەژنی پێشینەی فەرهەنگی و سیاسیی مێژوومان هاڵاوە. لە ڕاستیدا نەک هەر لە یەکەمین دەقەکانی ئەدەبیاتی نووسراوماندا، بگرە لە ئەدەبی زارەکییشماندا هاواری بەرگری مۆنج دەداتەوە. تێگەیشتن لە ڕازی ئەم بەردەوامییەی ئەدەبی بەرگری لە مێژووی ئەدەبیاتەکەماندا دوورەدیمەنێکی پاتەوەبوو دێنێتە بەرچاومان کە زۆر جار دەکەوێتە بەر تیری تانە و ڕەخنەی ئەدەبی بەرگرییەکە خۆی؛ دەقەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلا مارفی کۆکەیی و سەیفولقوزات و عەبدوڵڵا پەشێو و... تاد.

بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی بندەستیی نەتەوایەتی و داگیرکراویی خاک و بەکۆلۆنیاکردن و دابەشکردنی نیشتمانەکەمانە، بەشێکی بەرچاویشی هاندانی مرۆڤی کوردە بۆ لای هێماکانی شارستانەتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستی و پیشەسازیی ڕۆژاوای دنیا، وەکوو پیشەسازیی چاپ، سیستەمی خوێندن، دروستکردنی قوتابخانە، دەرکردنی ڕۆژنامە و دادپەروەری، ئازادی، ماف، ئەرک، یەکسانیی ژن و پیاو و... تاد.

**سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ**
**ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان**
**بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبتوڕەبتی میللەت**
**دەینێرنە ئورووپا گەورە و بچووکی خۆیان**
"حاجی قادر کۆیی"

**کوردینە، تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو**
**بێین و بچین و بۆ مە نەبێ چ خودان و خێو**
**بۆ ئاسمان دەڕۆن و لە بەحرا دەکەن سەفەر**
**هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سەنعاتە وەرد و شێو**

**ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەڵان**
**جێی وانە تەخت و بەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو**
"سەیفولقوزات"

**من تەشیڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ**
"هێمن"

هەرچەندە بابەت و گوتاری بەرهەمەیلی فەرهەنگی لە هەموو دەورە، یان سەردەمێکدا بە شێوەیەکی جیاواز بەدیار دەکەون، بەڵام ئەدەبی بەرگریی ئێمە زنجیرەیەکی تێکئاڵقاو و نەپساوەیە و تەنانەت زۆر بە کەمی بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە گوتاری خۆی بگۆڕێ، چونکە ئەگەر دەقێک جودا لەو زنجیرەیە خۆی بنوێنێ، نە ڕمێنێکی وای دەبێ و نە کاریگەری و پەسندێکی ئەوتۆی ڕای گشتی دەستەبەر دەکا. لەوانەیە هۆکارەکەی درێژبوونەوەی ڕەنج و بەدینەهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بێت کە خۆی جێی تێڕامان و لێکۆڵینەوەی بابەتییە.

بەشێک لە توێژەرانی بواری ئەدەبیات لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەدەبیاتی بەرگری، لە سەردەمێکدا بە گوێرەی بارودۆخی ڕۆژگار ڕمێنی دەبێ، بەڵام بەدوای گۆڕانی بارودۆخەکەدا (سەقامگریی سیاسی و کۆمەڵایەتی) ناچالاک دەبێ و لە گۆڕەپانی ئەدەب کلا دەکرێ. بەلای بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانەوە، ئەم بۆچوونە وەک "حوکمێکی گشتی" ڕاست نییە، بەڵام لە لایەنی پێویستیی گۆڕانی گوتار و شێوازی دەربڕین بەگوێرەی پێداویستیی کات و شوێن جێی لێوردبوونەوەیە؛ یەکەم لەبەر ئەوەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی دنیادا هیچ سەردەمێک نییە کە بەرەنگاربوونەوەی کەموکوڕییەکان وشکاوی بێت و لە شێعر و وتە و واتای نووسەران و شاعیرانی ئەو نەتەوەیەوە نەدەڵێ؛ ئەوپەڕەکەی بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ، شێوەی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی بەرگری گۆڕانی بەسەردا دێ و خۆی بۆ گەیاندنی دۆخ و گوتاری هەییی کۆمەڵگە دەگونجێنێ. هەرچۆنێک بێت ئەدەبیاتی بەرگری هەر هەبووە، جا لە فۆرمی شیعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان و هەر ژانرێکدا، هەبوونی خۆی نیشان داوە. دووەمیش لەبەر ئەوەی بە تایبەتی ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە، کە دەربڕی ئەو ڕەنج و ستەمانەیە وا بە درێژاییی مێژوو بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە و خاکی نیشتمانەکەمان پارچە پارچە کراوە، بەردەوام سەکۆی نواندنی لێکدژەکان بووە؛ مەرگ لە بەرانبەر ژیاندا، ئازادی و سەربەستی لە بەرانبەر ژێردەستیدا، ستەملێکراو لە بەرانبەر ستەمکاردا و... تاد. خۆ "ڕەنج و ستەم"، "مەرگ و ژیان" و "ئازادی و بندەستی" کۆمەڵێک بابەت و واتای سەردەمی نین، ئەوەندە نەبێ کە لەوانەیە لە هێندێک قۆناغدا ڕوونتر بن. بۆیە ئەدەبیاتی بەرگری، وەک سەکۆی نواندنی لێکدژەکان هەرگیز ناچالاک نابێ.

دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێ هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لە لایەکەوە دەزانین چییە و، لە لایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە؛ تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرانبەر کەموکوڕیی ڕاستەقینە و سرووشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێ هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لە لایەکەوە دەزانین چییە و، لە لایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە؛ تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرانبەر کەموکوڕیی ڕاستەقینە و سروشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە. شاعیری ئەمریکاییی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، جۆزێف برۆدسکی (خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٨٧ی پێ بڕا)، دەڵێ: "هونەر، شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرانبەر کەموکوڕییەکانی ڕاستەقینەدا". لەم ڕووەوە ئیتر هونەری ئەدەبیات تەنیا لاساکردنەوەی سرووشت نییە، بگرە جۆرێک ڕاسانە لە بەرانبەر ڕاستەقینەی هەیی و هەڵوەشاندنەوەی و، دووبارە ئافراندنەوەی ڕاستییەکی بزر. ئەم ئافراندنەوەیە بە لەکارهێنانی تەواوی کەرەستەکان و پێداویستییەکانی زمان دەکرێ، واتا گوتاری ئەدەبی کۆمەڵێک توخمی جیاوازی سیستەمی زمان دەخاتە خزمەت خۆیەوە و چۆنایەتییەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێ، ئەو چۆنایەتییانەی کە لە گوتاری ئەدەبیدا بە زمان و توخمەکانی دەدرێن، لە زمان و کردەوەکانی زمان دەکەونەوە و باری هەرمان بە دەق دەبەخشن.

یەکێک لە تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی بەرگری، تیۆریی "دەروەستی"ی فەیلەسووفانی فەرەنسایی و مارکسیستەکانە. هۆکاری مێژوویی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە بارستاییەکی زۆری ئەدەبیاتی ڕۆژاوا و تەنانەت ئەدەبیاتی سەدەی ڕابردووی کوردییش سەر بە ئەو ڕەوتە هزرییەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی "دەروەستی"ی ئەدەبی، بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ و ترۆتسکی و ... ئەو بنەما تیۆرییە بەهێزانەن کە پاڵیان



جەلال مەلەکشا (١٩٥٢–٢٠٢٠) شاعیر و نووسەر. فۆتۆ: فریا یونسی

پێوە دراوە. هەرچەند تیۆریی "ئەدەبیاتی دەروەست"ی مارکسیستی لە ڕۆژاوا بەرەبەرە کاڵ بووەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی کە دۆخی کۆمەڵایەتیی دوای جەنگی دووەمی جیهانی توخمە هاندەرەکانی نووسەری بۆ دەروەستی لەنیو برد و، یەکێتیی سۆڤییەت وەک ناوەندێکی سەقامگرتووی مارکسیستی بە ڕەفتاری توندوتیژ و گوشارخستنە سەر نووسەران، ناچاری دەکردن بەرەو ڕۆژاوا ڕا بکەن. هەروەها لەنێوان بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ وەکوو ڕێبەرانی ئەو تیۆرییەدا جوداوازیی قووڵ پەیدا بوو، سارتر باوەڕی بە لەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕێبازی خەباتدا هەبوو، کەچی کامۆ پێی وابوو کە بۆ گەیشتن بە سەقامگیربوونی دادپەروەری و ئازادی دەبێ توندوتیژی وەلا بنرێ. ئەو هۆکارانە بواریان بۆ تیۆریگەلی مۆدێرن و بنەماکانی هزری ماتریالیستیی ڕۆژاوا خۆش کرد تا ئەدەبیاتی بەرگری لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات پێناسەی نوێ هەڵبگرێ. یەکێک لەو پێناسانە ئەوەیە کە لە ڕێی تیۆریی ئەدەبیی "پاش کۆلۆنیالیزم"ەوە دەکرێ کە یەکێک لە فرەجۆرترین تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ئەدەبیاتی ئێستایە و پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی "ڕۆژهەڵاتناسی"ی ئیدوارد سەعید پەیدا بوو. ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالسیتی لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی ڕزگاری لە داگیرکەر و کۆلۆنیالیست و ڕەوتی گۆڕان و سەربەخۆییی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو گەلانە دەکۆڵێتەوە کە لە بندەستی کۆلۆنیالیست ڕزگاریان بووە، یان هێشتا بە تەواوی ڕزگار نەبوون. گرینگترین توخمە پێکهێنەرەکانی ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالیستی بریتین لە: جوداکردنەوەی خۆ لە ئەوی تر، ژیاندنەوەی هەویەتی (شناس)، بانگەوازی یەکگرتن و یەکیەتی، دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەری و تالان و بڕۆ، بەرزکردنەوەی ورەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ڕۆژهەڵاتناسی (لە ئەدەبیاتی کوردیدا کوردستانناسی و کوردناسی).

لە پاش شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئاگوستی ١٥١٤) و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا، کۆمەڵێک میرنشینی کورد لە کوردستانی بندەستی عوسمانییەکاندا دامەزران کە سەرباری ناکۆکیی نێوخۆیان و دنەدانی عوسمانییەکان بۆ بەردەوامیی ئەو ناکۆکییانە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی لە سێبەری ئەو میرنشینانەدا بەدیار کەوت و گەشەی کرد و شاعیرانی وەکو مەلایێ باتێ، مەلایێ جزیری، عەلی هەریری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییان خوڵقاند. بەرهەمە گەورەکەی ئەحمەدی خانی، داستانی "مەم و زین" و شێعرەکانی فەقێ تەیران و ... هەر لەو بەرەبەیانەی دەقی کوردییەوە وەک ئەدەبی بەرگریی کوردی بۆ بووژاندنەوەی هەویەتیی کوردی هاواریان کرد. دواتر لە سەدەی ١٨ی زایینیدا پاش ئەوەی کەریم خانی زەند، لە هۆزی کوردانی زەند، کە دایکیشی لە کوردانی زەنگنە بوو، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئێرانی بە دەستەوە گرت، لەو بەشەی کوردستانیش ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی سەری هەڵدا و شانامەنووسانی وەکوو ئەڵماس خانی کەنوولەیی و شاعیری داستاننووسی وەکوو خانای قوبادی و ... تاد، گەشەیان کرد و لە بەرهەمی ئەوانیشدا ئەدەبی کوردی بانگ بۆ زیندووڕاگرتنی هەویەتیی کوردی دەدا:

**جە لای عاقڵان، ساحێب عەقڵ و دین**
**دانا بزورگان کوردستان زەمین**

**راسەن مواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن**

**پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش**
**مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش**
"خانای قوبادی"

دواتر لە سەردەمی میرانی ئەردەڵان و باباندا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی زیاتر گەشەی کرد و "تەبعی شەککەرباری" شاعیری کورد "ئیمتیحانی" خۆی دەکرد و هەست و دەروەستیی بووژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و داستان و ئەفسانەی کوردی بەرەنگاری دەیان سەدە بێدەنگیی ئەدەبیات و زمانی کوردی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووەوە، تا لە کۆماری کوردستاندا بەرگ و فۆرم و زمانێکی نوێی بە بەردا کرد و تا ئێستاش ئەو ئەدەبیاتە هەر بەردەوامە لە گەشە و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی.

بابەتی ئەم یادداشتە کە بە بەرییەوە هەیە بە مێتۆدی وتارێکی زانستی لەدووی بدرێ، لێرەدا بە ئەنجامگرییەکی کورت دەبڕمەوە کە ئەدەبیاتی بەرگری، جۆرێکی ئەدەبییە، لە سەرەتای ڕەوتی ئەدەبی نووسراو و کلاسیکی کوردییەوە هەیە و بە چەندین دەورەدا تێ پەڕیوە و تا گەیوەتە ئەمڕۆش بەردەوامە لە بووژاندنەوەی هەویەتیی کوردی.

***

### جەلال مەلەکشا لە چەند دێڕێکدا

– ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لە دایک بووە.

– لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

– مرۆڤێکی ئازادیخواز، قەڵەمێکی دەروەست و ئاشتیخوازێکی خەباتکار بوو کە ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو دەدا.

– پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران» بوو، دواتر و لە سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەدژی حکوومەتی شادا، بە شیعری پڕ لە حەماسە و ورە و وزەی شۆڕشگێڕانە ناوبانگی دەرکرد.

– ماوەی ١٤ ساڵ ئەندامی کارای گۆڤاری "سروە" بوو، و لەو سەنگەرەی خەباتی نەتەوەییدا پەرەی بە زمان و ئەدەبی کوردی دا.

– ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا دڵە پڕ سۆز و ئەوینەکەی بەهۆی جەڵتەی دڵ ڕاوەستا و کوردستانی نوقمی ماتەم کرد.

***

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:810 6 November 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# کۆتایی پانزدەهەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان



فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان پاش چەند ڕۆژ کاری بەردوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا و کەسەکان و شانۆ سەرکەوتووەکان لەلایەن لیژنەی داوەرانەوە خەڵات کران.

ئەو فێستیڤاڵە ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی خەزەڵوەر بە ئامادەبوونی چەندین گرووپی شانۆیی لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ئیلام، ئیسفەهان، بروجێرد، تاران و چەندین پارێزگای دیکە دەستی پێ کرد و پاش ٥ ڕۆژ کۆتایی بە نواندنەکانی خۆی هێنا.

پازدەهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سەر شەقامی مەریوان، لە شەش بەشی «ئازاد، ئایینی، منداڵان، بەشی جیاوازی پێشاندان، بەشی تایبەت و بەشی هەڵبژێردراوانی فێستیڤاڵەکە، بەڕێوە چوو.

شانۆی سەر شەقامی مەریوان لەساڵی ١٣٧٣ هەتاوی بە بیرۆکەی کەسانی دڵسۆز دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٣٨٤ هەتاویش بەفەرمی یەکەمین خولی بەڕێوە چوو.

دامەزرێنەرانی فێستیڤاڵەکە دەڵێن ئەو فێستیڤاڵە بەشێک لە ناسنامەی بیچمگرتووی شانۆی سەر شەقامی وڵاتە و ئەمڕۆکە مەریوان بووەتە پێتەخت و پێگەیەک بۆ شانۆی سەر شەقام لە سەرتاسەری ئێراندا.

# ئەمریکا زمانی کوردیی لە سیستمی پەروەردەی خۆیدا بەڕەسمی ناسی




لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران حاشا لە زمانی نەتەوە نافارسەکان لە وڵاتدا دەکا، ئەمریکا زمانی کوردیی لە سیستمی پەروەردەی خۆیدا بەڕەسمی ناسی.

ئەمریکا زمانی کوردیی وەک زمانێکی فێرکاری بەڕەسمی ناسی.

ئەم بڕیارە لە ویلایەتی «تێنیسی» بە ڕەسمی ناسراوە و لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەوە دانی پێدانراوە. پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٩ شارەوانیی شاری «نشویل» بەهۆی زۆریی هاووڵاتیانی کورد-ئەمریکایی ئیزنی خوێندن بە زمانی کوردیی لە چەند قوتابخانە و خوێندنگەیەکی ئەو وڵاتە دابوو.

لە ئێستا زمانی کوردی وەک یەکێک لە ١١ زمانە ڕەسمییەکانی پێخوێندن و فێرکاری لە وڵاتی ئەمریکا بەڕەسمی ناسراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە کوردن، بەڵام لە خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەش کراون و تەنانەت بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێگری لە هەوڵی کەسانێک دەکرێ کە دەیانەوێ لەسەر ئەرکی خۆیان پەرە بە فێربوونی نووسین بە زمانی کوردی لە کۆمەڵگەدا بکەن.

زارا محەممەدی، مامۆستای وانەبێژی زمانی کوردی لە ئەنجومەنی نۆژین یەک لەو چالاکانەیە کە بە تاوانی کردنەوەی فێرگەی زمانی کوردی سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

# بەخشینی خەڵاتی باشترین وێنەی هونەریی ئێسکاتلەند بە خاتوونێکی کورد



خاتوو سۆنیا ساڵحیان، هاونیشتمانییەکی کوردی خەڵکی سەقز دانیشتووی وڵاتی ئێسکاتلەند، خەڵاتی باشترین وێنەی هونەریی لە دانیشتنی گۆڕانکارییە سروشتییەکانی ئێسکاتلەندی بردەوە.

دانیشتنی گۆڕانکارییە سروشتییەکانی ئێسکاتلەند کە چەند ڕۆژی لەمەوبەر بە بەشداریی نوێنەرانی ٢٠٠ وڵات لە شاری گلاسکۆی ئێسکاتلەند بەڕێوە چوو، ئەرکی دیاریکردنی ڕێگەچارە و باس لەسەر ئەو کێشانەیە کە بۆ سروشتی زەوی پێکهاتووە و دەتوانێ ژیانی داهاتووی خەڵک و دنیا بخاتە مەترسییەوە. بەشێک لەو کێشانەش بریتین لە کونبوونی لایەی ئۆزۆن، لەنێوچوونی دارستانەکانی ئامازۆن و چوونە سەرەوەی ڕادەی گازی گوڵخانەیی کە دەبێتە هۆی گەرمبوونی زەوی.

شایانی باسە کە ئەم کۆنفڕانسە لەژێر ناوی کونفڕانسی cop٢٦ لە ماوە ٢٨ی ئۆکتۆبر تاکوو ٣١ی ئۆکتۆبر بەڕێوە چوو، و لەودا خاتوو سۆنیا خەڵاتی باشترین وێنەی هونەریی دانیشتنەکەی پێ بەخشرا.

# مامۆستایەکی کورد لە ڕیزی ١٠ مامۆستای هەڵبژاردەی جیهاندا



خاتوو «سورەیا موتەهەرنیا» مامۆستای کوردی خەڵکی بیجار خەڵاتی باشترین مامۆستای جیهانی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مامۆستایان پێبەخشرا.

ناوبراو کە دوکتورای پلاندارێژیی هەیە و ماوەی ٢٦ ساڵە لە گوندەکانی بیجار مامۆستای خوێندنگەیە، تاکوو ئێستا بەبێ هاریکاریی دەوڵەت و دامەزراوە حکوومییەکان، یارمەتیی زیاتر لە ١١٠٠ قوتابیی داوە کە ٢٧٠ کەس لەم منداڵانە نەخۆشیی تایبەتیان بووە و بە هەوڵ و زەحمەتی ئەم مامۆستایە، چارەسەر کراون.

خەڵاتی نێودەوڵەتیی مامۆستا ساڵانە بەو مامۆستایانە دەدرێ کە ژیانی خۆیان بەختی منداڵانی وڵاتەکەیان دەکەن و شێوەیەکی نوێ بۆ فێرکاری دادەمەزرێنن؛ بڕی پارەی ئەم خەڵاتە یەک میلیۆن دۆلارە کە مامۆستا سورەیا موتەهەرنیا دەڵێ ئەم بڕە پارەیە بۆ باشتربوونی پەروەردە و چارەسەری کێشە و گرفتی منداڵانی قوتابخانەکان و خەڵکی بێدەرەتانی ناوچەکە تەرخان دەکا.

## بەر لە ماڵاوایی

# خەزەڵوەری خوێناوی



بابەک ناسری

مانگی خەزەڵوەر لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧دا مانگێکی پڕڕووداو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بووە. لە چەقی ڕووداوەکانی دوای شۆڕش، پرسی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە خەزەڵوەری ٥٨دا چارەنووسی سیاسیی ئێران بە ئاقارێکی دیکەدا گۆڕی.

داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کابینەی کارتێری هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە بەهەر جۆرێک بووە، بە شێوازی دیپلۆماتیک و لە ڕێگەی وڵاتانێک کە کەمتاکورتێک پێوەندیی باشیان لەگەڵ ڕێژیمی مەلاکان هەبوو، کێشەی بارمتەکان چارەسەر بکا؛ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە ڕووداوی «تەبەس»یشدا کە خومەینی گوتی دەستی خودای لەپشت بووە و دوایە دەرکەوت دەستێوەردانی یەکیەتیی سۆڤییەت ڕێگر بووە، عەمەلیاتی سەربازیی ڕزگارکردنی بارمتەکان ناکام مایەوە. بۆیەش یەکەم گەمارۆکانی سەر ئێران کە دواتر و هەتا ئێستاش خەڵکی وڵات باجە قورسەکەی دەدەن، لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

ناونانی ١٣ی خەزەڵوەر بە ڕۆژی قوتابییان دەسپێکی قۆناغێکی ڕەش بۆ سیستمی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک بوو لە کۆماری ئیسلامیدا کە دواتر ئوستوورەسازیی «حوسین فەهمیدە»ی بەدوودا هات کە لە ئێستادا مێژوونووسانی شەڕ حاشا لە سەرلەبەری ئەو ڕووداوە دەکەن و دەڵێن کۆماری ئیسلامی بەدوای «ڕێبەندان» و «خاکەلێوە»ی پیرۆزیدا مانگێکی دیکەی گەرەک بوو درۆکانی دیکەی تیدا بکا بە ئەفسانە و مێژوو. بەڵام مێژووش سووری خۆی هەیە و وانەی زۆرن.

لە خەزەڵوەری ١٣٨٨دا بەرەیەک و بزووتنەوەیەک وەڕێ خرا کە لە هەناو و نێوەوە دارزین و هەڵوەرینی نیزامی کۆماری ئیسلامیی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئاشکرا کرد. ڕابوونی بزووتنەوەی سەوز کە ڕێبەرانی دەسکەوت و بەرهەمی نیزامی کۆماری ئیسلامی خۆی بوون، خامنەیی ناچار کرد لە شانۆی نوێژی هەینییە بەناوبانگەکەیدا بکڕووزێتەوە و سۆزی ساویلکەکانی نێو نیزام بۆ لای خۆی ڕاکێشی. ئەوە بوو کە دوای دەربڕینی ئەوەی «لەشێکی نقوستانی هەیە و کەمە حەیایەک» کە دەیزانی ئەویش با بردوویەتی، بڕیاری «آتش بە اختیار»ی دا. ئەم بڕیارە لە خەزەڵوەری ١٠ ساڵ دواتردا کارەساتێکی گەورەی لە کوشتوبڕی خەڵک لێ کەوتەوە.

دیاریی خەزەڵوەری یەکەم تەریککەتنەوە، دەسپێکی هەژاری و گەمارۆ و سزائابوورییەکان بوو کە دووکەڵەکەی هەمووی چووە چاوی خەڵکەوە، خەزەڵوەڕی دووهەمیش خاڵی وەرچەرخانی ناڕەزایەتییەکان بوو کە سەرنجی دنیای بۆ ئەوە ڕاکێشا کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتە سەقامگیرە نییە کە ڕێژیم ئیدیعای دەکا. بەڵام خەزەڵوەری سێهەم، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کە بەهۆی گرانبوونی یەکجێی سێ هێندەی جارانی بێنزینەوە وەڕێ کەوتبوو، گەیاندە لوتکە و «تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی»ی کردە وێژمانێکی گشتی. خەزەڵوەرێک کە خامنەیی کاتێک هەوڵیان پێدا، فیتوای دا بە هەر نرخێک بووە دەبێ ناڕەزایەتییەکان سەرکوت و بێدەنگ بکرێن. هەر لە سۆنگەی ئەو فیتوایەوە پتر لە ١٥٠٠ کەس کوژران، چەند هێندەش بریندار و چەندان هێندەی دیکەش گیران و خرانە ژێر ئەشکەنجە و بەندیخانەوە. بنەماڵەی کوژراوەکانیش هەڕەشیان لێ کرا کە نابێ تازیەبار بن و سەرەخۆشی بۆ ڕۆڵەکانیان دابنێن و خرانە ژێر گوشارەوە هەتا سکاڵاکانیان وەرگرنەوە و مل بۆ وەرگرتنی دییە ڕابکێشن؛ تەنانەت ڕووهەڵماڵاوانە داوایان لێ کردبوون کە کوژراوەکانیان وەک «شەهید» لە بنیاتی شەهیدانی ڕێژیمدا ناونووس بکرێن کە وەڵامی گورچووبڕیان وەرگرتەوە.

دەگێڕنەوە کە لە دەفتەری سەرۆککۆمارییەوە نامەیان بۆ بەیتی ڕێبەری نووسیبوو بەو پرسیارە کە چی لە ئاماری کوژراوەکانی خەزەڵوەر بکەین؟ وەڵام هاتبۆوە کە «کام خەزەڵوەر»؟ هەڵبەت دەکرێ لەو سووچەشەوە بۆی بڕوانین و بڵێین «ڕێبەریی ڕێژیم» ڕاست دەکا، چونکی خەزەڵوەر وەها بۆتە کرێکوێرە کە کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی نەتوانێ بڕگە مێژووییەکانی لێک کاتەوە. دیارە ئەگەرچی مووشەکی سپای پاسداران لە ١٨ی بەفرانباردا فڕۆکە ئۆکڕاینییەکەی کردە ئامانج و گیانی لە ١٧٦ کەسی بێتاوان ئەستاند، بەڵام لە خەزەڵوەری دواتردا لەپاڵ کۆمەڵە هۆکارێکی دی بوونە هەوێنی مافخوازی و ڕابوونێکی گشتی؛ یادەوەرییەک کە لەگەڵ هاتنەوەی هەموو خەزەڵوەرێک ترس و خۆفی ڕووخان دەخاتە هەناوی ڕێژیمەوە.

ئوستووره درۆیینەکانی حکوومەتی ئێران بە تێپەڕینی کات نەک هەر کاڵ دەبنەوە و لە مانا بەتاڵ دەبنەوە، بەڵکوو بۆنە و ئوستوورەی دژ لە بەرەی خەڵکدا بۆ گیانی ڕێژیم دروست دەبن. «حوسێن فەهمیدە» دروستکراوەکان جێی خۆیان داوە بە ناوە ڕاستەقینە و هەرمانەکانی وەک «پوویا بەختیاری»، «بورهان مەنسووری‌نیا» و «ئیبراهیم کیتابدار»ەکان و لاوانی دیکەی لە خەزەڵوەردا خەڵتانی خوێن کران. ئەو لاوانەی ناوەکانیان گرێدراوی خەزەڵوەرە و بۆ هەتاهەتایە دەمێننەوە و مزگێنی بەهاری ئازادی بۆ خەڵکەکەیان دێنن.

کۆماری ئیسلامی بە خەزەڵوەری یەکەم بەتەما بوو مانگێکی دی لە تەنیشت ڕێبەندان بە ناوی کۆماری ئیسلامییەوە تاپۆ بکا، بەڵام نەیزانی ئەو مانگە گڕ بەر دەداتە بوون و نەبوونی و خەزەڵوەرێک لە ڕێ دایە کە بارگەوبنەی ئەو ڕێژیمە بۆ هەمیشە تێکەوە دەپێچێ.